


باسەکانی کۆبوونەوەی تایبەتیی پاڕلمانی ئوتریش
لەبارەی تیرۆری د. قاسملوو



# نرخی نەوت و خوێن لە ڤییەن

ت. حیکمەت کردوویە بە کوردی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب: نرخی نەوت و خوێن لە ڤییەن

وەرگێڕ: ت. حیکمەت

چاوپێداخشاندنەوەی: عەبدوڵڵای حەسەنزادە

پێداچوونەوە و ئامادەکردنی بۆ چاپ: عەلی بداغی

بەرگ و دیزاینی نێوەوە: سمکۆ ئەمین سەردەشتی

چاپ: هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٨

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست

وتەی وەرگێڕ: ٣

تەڵەی ڤییەن؛ کریس کۆچێرا: ٨

پڕۆتۆکۆلی حەفتاودووهەمین دانیشتنی پاڕلمانی ئوتریش (6 مای 1997): ١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەی وەرگێڕ

ڕۆژی ١٣ی جولای ١٩٨٩ دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەدەستی لایەنی ئێرانی، لە دووهەمین دانیشتنی وتووێژدا، لە ڤییەن تیرۆر کران. دانیشتنی یەکەم لە مانگی ژانوییەی ١٩٨٩دا بە بەشداریی ئەحمەد بین بیللا، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر و جەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کە لەگەڵ هەر دوو لا پێوەندیی باشیان هەبوو، بەبێ دەسکەوت بە وتووێژی دووهەم سپێردرا. خوێنی قوربانیانی ئەو تیرۆرە لە تەپوتۆزی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکاندا پشتگوێ خرا. دەرکەوت کە مافی مرۆڤ، قانوون و دادپەروەری لە سێبەری بەرژەوەندیدا ون دەبن. بکوژان وەکوو قوربانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرا و پاش دڵدانەوەیان، بەرەو تاران فڕین و تەنانەت، یەکێکیان بە ئیسکۆرتی پۆلیسی ئوتریش گەیشتە فڕۆکەخانە. لە هەموو جیهاندا، خوێن بە کیسە دەفرۆشرێ، بەڵام لە ڤییەن دڵۆپ دڵۆپ بە معامەلە هەراج کرا.
پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، سەدان ئەندامی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە باشووری کوردستان تیرۆر کران. دەیان دژبەری ڕێژیم لە ئورووپا بە دەستی تیرۆر لەنێو چوون و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموویان بە سانایی و بێ کێشە دەرباز بوو.
دادوەری سەربەخۆ و بوێری دادگای بڕلین، سەرەڕای هەوڵەکانی دەوڵەتی ئەڵمان بۆ داپۆشین و کپکردنی کارەساتەکە، نەتەنیا بکوژانی دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دادگایی کرد، بەڵکوو ئەو تیرۆرەی وەکوو تیرۆری دەوڵەتی ناساند و بەرپرسانی پایەبەرزی ئێرانیشی وەکوو بەشدار لە تیرۆرەکەدا ناو برد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش دادگای بڕلین، ڕووداوی کوژرانی دوکتور قاسملوو لە میدیای ئوتریشدا، جارێکی دی زەق کراوە. نوێنەرانی ئوپۆزیسیۆن لە پاڕلمانی ئوتریش، کێشەکەیان بردەوە نێو پاڕلمان و داوای کومیتەیەکی لێکۆڵینەوەی پاڕلمانیان کرد کە پاش لێکۆڵینەوە لە هەموو زانیاری و بەڵگە نهێنییەکانی دەوڵەت، بتوانن ڕاستییەکان لە پاڕلماندا ڕوون بکاتەوە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامی باس لە سەر "کوژرانی کوردەکان" و هۆکاری هێنانەوە کایەی ئەو کێشەیە پاش ٩ ساڵ، شەڕە دەندووکە و هەوڵی بەرژەوەندیی حیزبە سیاسییەکان و بەکارهێنانی ئەو چەشنە کێشانە بۆ بەرژەوەندیی حیزبی، "گەیشتن یا ڕاگرتنی دەسەڵات"، بڕێک تارمایی لێڵ لە سەر ئەو ڕووداوە فەرامۆشکراوە هەڵ درایەوە و بوو بە بەڵگەیەک بۆ خەباتی نەتەوایەتیی کورد کە هەم جێی تێڕامان و هەم دەرس لێوەرگرتنە.

زۆر پرسیاری بێ وڵام ئێستاش هەن و ماون، بەڵام ئەو گرێپووچکە سەیرەم بۆ نەکراوە کە بۆ لە وتووێژێکی ئەوتۆدا کە وێدەچی دوو لایەن یەکتری کۆنتڕۆڵ بکەن تا چەکیان پێ نەبێ و بێگومان ئەوەش بەجێیە وابێ، چەکی بکوژەکان چۆن هاتۆتە نێو دانیشتنەکەوە؟ و چۆن بووە کە بۆ کڕینی خواردنەوە تەنیا لایەنی ئێرانی چۆتە دەرەوە و پاشان گەڕاوەتەوە؟

جێی سەرنجە حیزبی دێموکڕات کە ئەندامی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیونالٚ سۆسیالیست و دوکتور قاسملوو کەسایەتیی ناسراوی ئەو ڕێکخراوەیە بوو، چاوەڕوان دەکرا سۆسیال دیموکڕاتەکان وەکوو حیزبی برا، داکۆکیی لێ بکەن. بە پێچەوانە چونکی سۆسیال دێموکڕاتەکان لە دەسەڵاتدا بوون، لە بەرەی دژبەر ڕاوەستاون. ئەوە ناوی نراوە بەرژەوەندیی سیاسی یا حیزبی!؟ ئەو باسە لە دوو بواری سیاسی_ ئابووری و بەرژەوەندیی ئوتریش و بواری ئەخلاقی و مافی مرۆڤدا کەوتۆتە بەر باس و جێی تێڕامانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک بەڵگەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بڵاو کراونەوە، بەڕێز فردیناند هێنێ بیچلەر (Ferdinand Hennebichler) کە ژوڕنالیستێکی ناسراوی ئوتریشە، ئەو بەڵگەنامەیەی بۆ بەڕێز دوکتور حەسەن شەتەوی، لە چالاکان و دڵسۆزانی جووڵانەوەی کورد نارد. ئەویش داوای لێکردم کە ئەو بەڵگەنامەیە بکەمە کوردی و ئەمنیش بە دڵئاوەڵایی و وەکوو ئەرکێک هەوڵم بۆ دا.

دیارە ئەگەرچی لە سەر تیرۆری د. قاسملوو، زۆر گوتراوە و کتێبیش نووسراوە، بەڵام پیویست بوو ئەم بەڵگەیەش بکەوێتە نێو کتێبخانەی کوردی و بەڵگەیەکی مێژوویی نوێ لە سەر خەباتی کورد لە مێژووماندا تۆمار بکرێ.

لە کۆتاییەکانی شەڕی ئێران و عێراقدا، هاشمیی ڕەفسەنجانی بوو بە سەرۆک کۆمار و خۆی بە ناوی "سردار سازندگی" ناساند و بەرنامەیەکی لیبراڵی پێشکەش کرد. د. قاسملوو پێی وابوو کە ڕەفسەنجانی بۆ سەرکەوتن لە پڕۆگرامەکانی، پێویستیی پێیەتی. ئەوە زۆر مەنتیقی دەهاتە بەرچاو. ڕەفسەنجانی هەوڵی دا کە بە هەر شێوەیەک بووبێ کۆتایی بە شەڕ و کێشەی کوردستان بێنێ. د. قاسملوو تەنیا کەسی جێی نیازی کۆماری ئیسلامی بوو، بۆ ئەوەی لە سەر ڕێگەی لا ببا، چونکە:

١- د. قاسملوو ئەزموونی خەبات و تێگەیشتوویی سیاسیی لە ئاستێکی بەرزدا بوو. زۆر کەس ڕەخنەیان لە بیر و بۆچوون و ڕێبازەکەی هەیە، بە ڕەوا و ناڕەوا. ئەو بە ئامانج و بۆچوونەکانی خۆی وەفادار بوو و مایەوە و گیانیشی لە سەر دانا. جا هەر چی بوون.

٢- لە خەباتی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتدا، نەخشی د. قاسملوو وەکوو هێما و کاریزما دیار بوو، بوون و نەبوونی، لە سەر ڕەوتی ئەو خەباتە بەر چاو بوو. کۆماری ئیسلامی پێی وابوو کە بە سازان یا لەنێو بردنی ئەو، پێشمەرگە و حیزب لە باری ڕۆحییەوە دەڕووخێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و خەبات تووشی دارمان دێ. داهاتووش پێشانی دا کە نەخشی د. قاسملوو ئەوەندە زەق و بەرچاو بووە کە نە پڕ دەکرێتەوە و نە قەرەبوو.
٣- لە حیزبی دێموکڕاتدا، تەنیا کەسێک بوو کە پێوەندیی قووڵی لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوەکانی دەرەوە هەبوو، لە نەبوونیدا ئەو پێوەندییانە زۆر کز دەبوون یا بە تەواوی دەپچڕان.
٤- ئابووریی حیزب تا ڕادەیەک بە کەسایەتیی د. قاسملوو بەسترابۆوە، پاش نەبوونی لەوانە بوو، داراییەکانی حیزب تووشی گرفتی گەورە ببێ. دوای نەمانی د. قاسملوو دەرکەوت کە ئەوە ڕاستە و کارتێکەریی قووڵی داناوە.
لە ڕەوتی وتووێژەکاندا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی لە سەر دوکتور قاسملوو سەرمایەی داناوە و ئامادەیە ئێستاش دایبنێ. دوو سناریۆی دەبێ بووبێ، سناریۆی یەکەم: قاسملوو ئەگەر بە قانوونیکردنی حیزب ڕازی بێ پێشمەرگە چەک دامالێ و خۆی ڕادەست بکاتەوە، شەڕ کۆتایی پێ دێ. ئەگەر نا، کاریزمای خەبات دەکوژرێ و لە پێشوەچوونی هەر دوو سناریۆدا خەبات لە باری سیاسی_ ڕێکخراوەیی، ڕێبەری و ئوتۆریتە و هەروەها ئابوورییەوە تووشی دارمان دەبێ.
لە درێژەی وتووێژەکاندا، دەردەکەوێ کە د. قاسملوو بە پێشنیاری ئێران ڕازی نابێ و بە واتەی ئەوان: پێ لە بەڕەی خۆی درێژتر دەکا، بۆیەش سناریۆی دووهەمیان بەڕێوە برد.
لەکاتی کوژرانی دوکتور قاسملوودا بۆ "شێوەی شەهید بوونی" ئەو زگم زۆر سووتا. ڕێبەری جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی گشتی، بۆ وتووێژ بانگهێشتن بکەی و زۆر ناجوامێرانە بیکوژی، ئەوە تراژیدیایە لەڕووی سیاسی، ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەوە.
کاتێک شریتی وتووێژەکانم گوێ لێگرت، نەک هەر دڵم بۆ شەهیدبوونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د. قاسملوو، بەڵکوو بۆ مەزڵوومبوونی خۆم، جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات و بە گشتی بۆ هەر کوردێکی داماوی کوردستان ژان گرتی.
نوێنەری نەتەوەیەک مەجبوور بێ لەگەڵ کەسانێک وتووێژ بکا یا تەنانەت بە شەڕ بێ، کە بە مێشک و عەقڵییەتی سەردەمانی پێش مێژووی مرۆڤ یا سەدەکانی نێوەڕاستەوە بیر بکەنەوە و لە سەدەی بیستەمدا بڕیاردەر و حاکمی چارەنووسی تۆ بن. ئەوە تراژیدیایە و بە داخەوە ئێمەی کورد تا ئێستاش لە ڕایەڵەی ئەو جاڵجاڵۆکەیەدا گیرمان خواردووە.
لەم وەرگێڕانەدا، تێکۆشاوم لە دووپاتکردنەوەی مژارەکان خۆم بپارێزم، شەڕە دەندووکەی حیزبەکان کەمتر بنوێنم و تەنیا بەڵگەکانی تیرۆر زەق بکەمەوە. نازانم چەند سەرکەوتوو بووم. چون وتارەکان لەپێشدا نەنوقسراون، وەکوو قسەکردن وان و تێکۆشاوم هەرواش وەریگێڕمەوە، زۆر جاریش وتەکان دەپسێن و پرسیاری دی دەکرێ و وتەبێژ باسەکە دەگۆڕێ و باسی شتیتر دەکا، بۆیەش جاروبار دەبینن درێژەی قسەکان زۆر پێوەندییان بە یەکەوە نیە.
ئەو جێگایانەی کە وتەبێژەکان کات و ساتەکانیان بە هەڵە باس کردووە یا بە هۆی کەمیی کاتەوە زۆر بە کورتی بە سەریاندا بازیان داوە لە نێو کەوانە و بە "و. یانی وەرگێڕ" ڕوون کراونەوە.
پێویستە سپاسی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بکەم بۆ یارمەتیدان و ڕاستکردنەوی هەڵە زەقەکانم.
بەو هیوایە، ئەم وەرگێڕانە جێگای ڕەزامەندیی خوێنەری بەڕێز بێ و بتوانێ جێگای خۆی لە کتێبخانە و ڕەوتی مێژوو و ئەزموونی خەباتی کورد لە داهاتوودا بکاتەوە. بیرهێنانەوەیەک تا هیچ کارەساتێکی دڵتەزێن و دەرسەکانی، لە مێژووماندا فەرامۆش نەکرێ.

ت. حیکمەت ( د. ئازاد)، ئەڵمان/ ٢٠١٨/٢/١٤


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوردستانی ئێران، قاسملوو و تەڵەی ڤییەن

سوهەیلا قاسملوو لە فەڕانسەییەوە کردوویە بە فارسی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئازاد

ڕۆژی ١٣ی ژوییە، عەبدوڕەحمان قاسملوو، کوردی ئێرانی و دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوو گوللە کە لە سەری درابوو لەگەڵ دوو هاوڕێی کوردی دیکەی لە ئاپارتمانێکدا لە ڤییەن کوژرا.
قاسملوو، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی ڕێبەری دەکرد. دە ساڵ بوو کە ئەرتەشی ئێران، شەڕی بەسەر "پێشمەرگە"کاندا سەپاندبوو.
پاش چەند جار پێوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و بەرپرسانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە دیسامبڕی ١٩٨٨ و ژانوییەی ١٩٨٩دا، قاسملوو پێوەندی بە مەئموورە ئیتلاعاتییەکانی ئێرانەوە دەگرێ کە یەکێکیان محەممەد جەعفەری سەحراڕوودی، جێگری ئیتلاعاتی بەشی دەرەوەی سپای پاسداران لە کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕووداوەکەدا بریندار ببوو و بردیانە نەخۆشخانە. پاشان پۆلیسی ئوتریش ڕێی پێ دا لە نەخۆشخانە بێتە دەر و بچێتە نێو باڵوێزخانەی ئێرانەوە.
ناوبراو لە ٢٢ی ژوییەدا خاکی ئوتریشی بەرەو ئێران بە جێهێشت.
کەسی دووهەم، بوزورگنیا بوو کە پۆلیس گرتی و پاش ماوەیەک مانەوەی لە ناوەندی پۆلیس، حوکمی دەسگیرییەکەی لادەبرێ و دەگەڕێتەوە بۆ ئێران.
کەسی سێهەم، حاجی مستەفەوی لاجوەردی، سەرۆکی سێرویسی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران بوو کە بە بێ هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێشەیەک ئوتریشی بەجێ هێشت.

بەڵگەیەکی دەگمەن وتووێژی نێردراوەکانی تاران و ڕێبەرانی کورد بوو لە کۆبوونەوەکە و لەلایەن بەشدارانەوە تۆمار کرابوو. پۆلیس شریتەکانی هەڵ گرت و پاشان ڕادەستی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی کردنەوە.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، بۆ خۆی ڕێی پێداین کە گوێیان لێ بگرین. ئەوە بەڵگەیەکی دەگمەنە: بێگومان عەبدوڕەحمان قاسملوو، هێچکات ئاوا بە دڵسۆزیی ماموستایانەوە تێگەیشتنی خۆی لە خودموختاری بەڕوونی باس نەکردووە.

پرسیار و وڵامەکانی لایەنی ئێرانی کە دڵنیا بوون وڵامەکانیان هەرگیز نابیسترێن، بە شێوەیەک بارودۆخی ڕۆحی و دەروونیی ئەوان دەنوێنێ و، پیشان دەدا کە تا چ ڕادەیەک لەنێوان تێگەیشتوویی سیاسیی مودێڕن و بیروڕای خەلیفە "عەلی"دا دەخولێنەوە.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا بکوژەکان پاش بیستنی بۆچوونی کوردەکان، بڕیاری کوشتنی ئەوانیان دا؟ یا بڕیاری کوشتن لە پێشدا وەرگیرابوو؟ تەنیا دادگاییکردنی بکوژەکان دەتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە.

بە چاوخشاندنەوە بەو بەڵگە دەگمەنەدا، دەکرێ ئەو سناریۆیە پێشبینی بکرێ: ئێرانییەکان دەیانزانی کە حیزبەکەی قاسملوو و سەرجەم جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا، نەتەنیا بە هۆی زەبری ئەرتەشی ئێران و جیابوونەوە لە حیزبدا لە ساڵی ١٩٨٨، زۆر لاواز ببوو، بەڵکوو دەشیانزانی کە قاسملوو لە چارەسەری وتووێژ دەگەڕێ و وای بۆدەچوون کە قاسملوو بە زۆر کەمیش ڕازی دەبێ، وەکوو: قانوونیکردنی حیزبەکەی. بەڵام قاسملوو سوور بوو لە سەر ئەوەی کە خودموختاریی کوردستان دەبێ لەلایەن ڕێبەرانی نوێی ئێرانەوە بە فەڕمی ڕاگەیەندرێ. (خومەینی ٤ی ژوئەن مرد). شەوی ١٢ی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژوییەی ١٩٨٩، لایەنی ئێرانی، پاش یەکەم وتووێژ، و دوای پێوەندی بە تارانەوە؛ ئەمریان وەرگرت کە "بیانکوژن".
سەحراڕوودی: "سلام علیکم"، ئێمە بە یەکەوە بڕیارمان داوە کە ئەم چاوپێکەوتنە دەبێ بەنهێنی بمێنێتەوە، چونکی دوژمنان نایانهەوێ کە ئەم کێشانەی ئێمە چارەسەر بکرێن. لە درێژەدا سەحراڕوودی ئەوەش دەڵێ کە، "تەنانەت لە نێو دەوڵەتی ئێرانیشدا کەسانێک هەن کە ئەم وتووێژانەیان پێ خۆش نییە و بۆیەش لە نێو دەزگای بەڕێوەبەریی دەوڵەتیشدا بواری هێنانهگۆڕێی ئەو باسانە نییە".
عەبدوڕەحمان قاسملوو، ڕاستەوخۆ دێتە سەر باسەکە: "لە وتووێژی پێشتردا، لە سەر دوو خاڵ قامکمان دانا، یەکیان پەسندکردنی ئەسڵی خودموختاری و ئەویتریان ئازادکردنی حیزبی ئێمەیە لە وڵاتدا.
ئێوە وڵامتان داوە کە جارێ ڕێبەرانی وڵات ڕەزامەندییان لە سەر ئەسڵی خودموختاری نییە. لە سەر خاڵی دووهەم، ئێمە لە دەفتەری سیاسی حیزبدا بە وردی لێکمان داوە کە ئایا پێشمەرگەکانی حیزب دەبێ چەک بکرێن یان نا؟ دەفتەری سیاسی بەو ئاکامە گەیشت کە چەک داماڵین لە پێشمەرگە نەگونجاوە. ئێوە دەزانن کە پاش ١٠ساڵ شەڕ و ئەو هەموو قوربانیدانە، ئەسڵی خودموختاری ئێتر جێگای چاوپۆشی نییە، بە زمانێکی دی، ئەگەر ئێوە ئەسڵی خودموختاریتان قەبووڵە، بۆ لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە دەترسن؟" (قاسملوو لە سەر ئۆتۆنۆمی پێ دادەگرێ و دەیسەلمێنێ کە کەسێک نییە، بتوانێ قەت چاوپۆشی لە خودموختاری بکا). "نەسلی من، نەسلی دیموکڕاسی و خودموختارییە" (لە هەمان کاتدا کە قاسملوو بانگەشەی وتووێژ لەگەڵ لایەنی بەرابەری دەکا، ئاگاداریشیان دەکاتەوە کە، ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکرێ، دروشمی سەربەخۆیی بەهێزتر دەبێ).
لێرەدا سەحراڕوودی قسە دەکا: بۆ یەکەم جارە کە ئێمە لە نێو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆماندا باسی بۆچوونی ئیسلام لەسەر کێشەی نەتەوایەتی دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەری کێشەکانمان نە چاومان لە ڕۆژئاوایە نە لە ڕۆژهەڵات، ئێمە لەسەر خۆمان حیساب دەکەین و بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانمان تەنانەت خۆشمان فیدا دەکەین.

قاسملوو دێتە نێو باسەکەوە و دەڵێ: ئەو گرفتانەی کە ئێوە بۆ ڕاگەیاندنی خودموختاری بە فەرمی، هێناتانە گۆڕێ، ئەمنی ڕازی نەکرد. لە درێژەدا دەڵێ: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خامنەیی و ڕەفسەنجانی کە پێشنوێژی جومعەی تارانن، باسی خودموختاریی کوردستان لە نوێژی جومعەدا بکەن. پاشان قاسملوو تێگەیشتنی خۆی لە خودموختاری بە ڕوونی باس دەکا: بۆ ئێمە ٤ خاڵی سەرەکی هەن:

1) خودموختاری کە بە مانای لابردنی ناوەندگەرایی لە دەسەڵات دایە.

2) کێشەیەکی دیکەی سەرەکی بۆ ئێمە زمانی کوردییە. زمانی کوردی دەبێ زمانی ڕەسمیی ناوچە کوردنشینەکان بێ.

3) سنوورەکانی ناوچەی خودموختار دەبێ دیاری بکرێن. لەو بارەوە دەبێ ناوچە لە باری جوغرافیایی و ئابووری و بە تایبەت ویستی خەڵکی ناوچەوە لە بەر چاو بگیرێ.

٤ – دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچە کوردنشینەکان کە دەبێ لە دەست کوردەکاندا بێ. ئەمە ئەو ٤ خاڵەن کە ئێمە لە سەریان سوورین و لەوەش پتر هیچمان ناوێ.

ئێمە لە سەر جێبەجێکردنی ئەوانە زۆر گەشبینین، بۆ وێنە، دەزانین کە بۆ دیاریکردنی سنوورەکان تووشی گێرە و کێشە دەبین، بەڵام ئەگەر کێشە سەرەکییەکە چارەسەر بکرێ، کوردەکان لە سەر وردەکارییەکان شەڕ ناکەن.

پاشان قاسملوو بەو ئاکامە دەگا کە گۆڕینی وشەی خودموختاری بۆی گونجاو نییە. دەڵێ: ئەو وشەیە لایەنی هەست و لایەنی مێژوویی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ گەلی کورد هەیە. ئەو وشەیە وێنا و سیمبوڵێکە. ئەگەر ئێوە نێوەرۆکی خودموختاری قەبووڵ کەن، بۆ دەبێ وشەکەتان قەبووڵ نەبێ. ئێوە کە لە ئیسلامدا نووسراوێکی موقەددەس دەخوێننەوە بە "بسم الله الرحمن الرحیم" دەست پێ دەکەن، وشەی خودموختاریش بۆ ئێمە وەکوو "بسم الله الرحمن الرحیم" ە کەی ئێوە وایە. ئێوە نێوەرۆکی خودموختاری پەسەند دەکەن بەڵام "بسم الله الرحمن الرحیم"ە کەی نا؟

لێرەدا لایەنی ئێرانی ڕادەگەیەنێ کە لە سەر ئەم بۆچوونە، دەبێ لەگەڵ تاران قسە بکا و بۆ درێژەی وتوویژ بۆ سبەینێ بە تەلەفوون پێیان ڕادەگەیەنن. بەو قسانە هیوایەکی زۆر بۆ لایەنی کورد دەخولقێنن.

لە وتوویژی ڕۆژی دواییدا یانی ١٣ی ژوییە، سەحراڕوودی دەڵێ: کە لەگەڵ برایان لە تاران پێوەندیی گرتووە. دوێنێ ئێوە گوتتان کە ئیمام جومعەکان لە تاران دەتوانن لە سەر خودموختاری بدوێن، بەڵام گرفتێک هەیە. ئیمامی هەینی دەتوانێ لەگەڵ خەڵک بدوێ، بەڵام زۆر شت هەن کە ئێمە بیر و بۆچوونی جیاوازمان لە سەریان هەیە. سەحراڕوودی باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە حکومەتدا کێشەکان چارەسەر دەکرێن و زۆریش لە سەری دەڕوا. دەڵێ: هەڵبەت ئێمە گرفتمان زۆرە، بۆ وێنە لە سەر نەخشی بازاڕ دەیان ساڵە لە باس داین، بڕێک پێیان وایە کە نابێ دەستی بازاڕ لە کۆنتڕۆڵی ئابووریدا ئاوەڵا بکرێ و ئەوەی کە نەداران وەکوو چینێکی بندەست بە حیساب بێن، ئەوە کاتێک بوو کە ئیمام لە ژیاندا بوو. بە بۆچوونی ئەو کە ئیسلام لایەنگری سەرمایەداری نییە، کێشەکە چارەسەر بوو و ئەوەی کە نەخشی ئیسلام لە کۆنتڕۆڵکردنی دەوڵەتدا نییە، بەڵکوو تەنیا نێونجییە. بۆچوونی سێهەم، نەزمی خۆی هەیە، دەمهەوێ نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە، لە سەر بازرگانیی دەرەوە. مەجلیس سێ جار ئەو پلانەی ڕەت کردەوە، بە ناچاری کێشەکە نێردرا بۆ کۆڕی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خودموختاری، ئەوەش وەکوو کێشە ئابوورییەکانە، کە دوو بۆچوون لە سەری هەیە، یەکێک پێی وایە کە ئێستاش وەکوو سەردەمی حەزرەتی عەلییە (زاوای پێغەمبەر و خەلیفەی چوارەم)کە وەکوو خەلیفەی موسوڵمانان حکوومەتی دەکرد، بەڵام ناوچەی دیکەش بوون کە ویلایەت (ئوستان) بوون کە "والی" (حاکم) دەسەڵاتی پتر لە خودموختارییان بە دەستەوە بوو.

بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە دەڵێ: ئەوە سەردەمی حەزرەتی عەلی بووە و ئەمڕۆ هەلومەرج گۆڕاوە: ئێمە لە گەمارۆی دوژمن داین، وڵاتانی ئەندامی ناتۆ و، ڕێژیمە دواکەوتووەکان ناهێڵن کە خودموختاری بە ناوچەیەکی تایبەتەوە ببەسترێتەوە و تێ دەکۆشن کە خودموختاری بۆ ناوچەکانی دیکەش بکێشن کە لە کۆتاییدا دەبێ بە لێکجیابوونەوە. بۆیەش خودموختاری کێشەیەک نییە کە بە ڕاگەیاندنی لە نوێژی جومعەدا چارەسەر بکرێ.

کێشەی دووهەم؛ ئەوەیە کە لە کاتێکدا حیزبی دیموکرات دەیهەوێ هەلومەرجی ئێستا ڕاگرێ، بە شوێن وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیشە. بە بڕوای من ئەوە بۆ قەبووڵکردن نابێ. لێرەدا جارێکی دی، سەحراڕوودی میکانیسم و کارکردی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی باس دەکا: بۆ وێنە لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا، پێش بڕیاردان ساڵەها باسی لەسەر کرا، وەکوو پچڕانی پێوەندی لەگەڵ ئامریکا و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت. ئەوە بڕیاری تاکە کەسێک نەبوو، بەڵکوو ٢ یا ٣ تا ١٠ ساڵ درێژەی کێشا کە بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی نوێ لە یەکیەتیی سۆڤییەتدا، بڕیارمان دا لەگەڵی پێوەندیمان هەبێ. بۆچی وای لێ هات؟

بۆ ئەوە لەگەڵ ئەفغانستان، پاکستان، وڵاتانی کەنداو و ڕۆژئاوا کێشەمان بوو. هەر بۆیەش لە سەر خودموختاری دەبێ چەند ساڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باس و لێکدانەوە بکەین. دڵنیاشم کە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەو خودموختارییەی ئێوە داوای دەکەن قەبووڵ ناکرێ. ئەو نۆبەی قسەکردن دەدا بە حاجی مستەفەوی.
حاجی مستەفەوی: بسم الله الرحمن الرحیم... حیزبە کۆمونیستەکان تیۆرییەکانیان لەسەر بنەڕەتی کێشەی نەتەوایەتی بە شێوەی ستالین دامەزراندووە. عەرەبەکان دەڵێن ئەمە ڕوانگەی ئێمەیە. حیزبە سۆسیال دیموکڕاتەکان ڕێگای چارەسەری خۆیان هەیە. بەڵام حکوومەتی ئیسلامی تا ئێستا لە سەر کێشەی نەتەوایەتی هیچ لێکدانەوەیەکی نەکردووە. ئەگەر بتوانین، کۆماری ئیسلامی بکێشینە پێی لێکدانەوە، ئەوە بۆ خۆی سەرکەوتنێکی بەرچاوە. لە ئیسلامدا، بۆ پێغەمبەر و جێگرەوەکانی نەریتێک هەیە. هیوادارم (کۆماری ئیسلامی.و.) بە وردی لەم کێشە بکۆڵێتەوە و ڕێگاچارەیەکی نێونجی بدۆزێتەوە، یانی لەنێوان نەریت (ئیسلامی.و.) و ئەو شتەی ئێوە داوای دەکەن.
لێرەدا، قاسملوو دەست بە قسە کردن دەکا و دژایەتیی خۆی لەگەڵ بۆچوونی بەرامبەرەکانی ڕادەگەیەنێ.
_ ئێوە دەڵێن کە کێشەی سەرەکی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی واتە خودموختاری نییە، بەڵکوو چارەسەری پێوەندیی حیزبی دیموکڕات لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە. ئێمە بۆ چارەسەری کێشەی خودموختاری هاتووینە ئێرە. پاشان قاسملوو ڕوونی دەکاتەوە کە دابینکردنی مافی چارەنووس، چەند شێوازی جیاوازی هەیە، بۆ وێنە سەربەخۆیی، فیدڕالیزم و خودموختاری. کێشەی ئێمە لە وەدایە کە ئایا کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئەو کێشە نەتەوایەتییە، چارەسەر بکا یان نا؟ ئەگەر بیهەوێ، چۆنی چارەسەر دەکا؟ ئایا دەیهەوێ خودموختاری بدا یا فیدڕالیزم و یا سەربەخۆیی. ئێمەی کورد چارەسەرمان لە سەر کەمترینیان یانی خودموختاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داناوە، بەڵام دەتوانین فیدڕالیزمیش پەسەند بکەین. بە بڕوای من لە سەرەتای ئیسلامدا، چەشنێک فیدڕالیزم لە ئاڕادا بووە، کە وابوو، باشترە فیدڕالیزم هەڵبژێرین، بۆ وێنە، یەکیەتیی کۆماری فیدڕاڵیی ئێران دامەزرێنین، بەڵام ئەگەر ئێوە نە سەربەخۆیی، نە فیدڕالیزم و نە خودموختاریتان قەبووڵ نەبێ، بەو مانایەیە کە ناتانەوێ کێشەی نەتەوایەتی چارەسەر بکەن، و.. بەو ئاکامە دەگا کە: لەوانەیە سبەی ناوچەیەکی دیکەی ئێران داوای خودموختاری بکا، بۆیەش دەبێ ئەو کێشانەی نێوخۆ بە نەترسییەوە و بە پێی قانوونی هەمە لایەنە و بۆ هەمووان بەڕێوە بەرن، ئەگەر ئەمڕۆ ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێن، سبەی وڵات تووشی شێوان و بێسەروبەری دەبێ.

پاش باسێکی کورت، هەردوو لا لەسەر کاتی وتوویژ بۆ سبەی ساغ دەبنەوە.

فازیل ڕەسووڵ، نێوبژیوانی کوردی عێراقی لە کۆی ئاکامی باسەکاندا دەڵێ: یا هەر ئێستا دەگەنە ساغبوونەوە و وتوویژەکان بەبێ شەڕ و کێشە درێژە پێ دەدەن یا درێژە بە شەڕ دەدەن. ئەمن پێموایە، لەئێستادا ساغ ببنەوە باشترە و هەلومەرج لەبارە و بواری سەرکەوتن ئامادەیە، پاش سێ ساڵی دیکە کە بارودۆخەکە گۆڕدرا و بارتەقایی هێزەکان تووشی گۆڕانکاری هات... ئیتر هەلومەرجەکەش دەگۆڕدرێ.

ئەمانە وتە کۆتاییەکانن کە دەبیسترێن. دەنگی لێکدرانی کورسییەکان و مێزەکە دێ و دەنگی کپی چوار گوڵلە دێتە گوێ و ... ئیتر هیچی دی.

دراوسێکان، بە هۆی سەحراڕوودییەوە کە بۆ خۆیشی بریندار ببوو، پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. پۆلیس دێتە نێو ئاپارتمانەکەوە و سێ "مەیت" دەدۆزێتەوە.

لۆمۆند: ١ی ژانویەی ١٩٩٨، فڕاکفۆرت- ئەڵمان: ١٩ی ژانویەی ١٩٩٨، دیر ستاندارد: ٣٠ی ژانویەی١٩٩٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پڕۆتۆکۆلی توندنووسراوی ٧٢هەمین دانیشتنی ڕاوێژی نەتەوەیی پاڕلمانی ئوتریش

کە ڕۆژی سێشەممە ٦ی مای ١٩٩٧ لە سەعات ١٢ و ١ خولەک دەستی پێ کرد و تا ١٩ و ٣٩ خولەکی خایاند.
تێبینی: لەو کۆبوونەوەدا باسی شتی دیکەش کراوە بەڵام ئێمە تەنیا ئەو بەشەمان هەڵبژاردوە کە لەسەر کوژرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی هاتۆتە بەر باس. وەرگێڕ

داواکاران؛ ڕۆبێرت ئیلمێکەر و کورت گاسنێر
وتووێژ لەبارەی داوای نوێنەری پاڕلمان، دوکتور هایدە شمیت و هاوڕێیانی بۆ پەسەندکرانی لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی بەرپرسیارەتیی سیاسیی دەوڵەت و بەتایبەت وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی، وەزارەتی نێوخۆ و وەزارەتی داد، هەروەها گومانی ئەو کارتێکەرییە سیاسییانە سەبارەت بە کوژرانی عەبدوڵڵای قادریئازەر، عەبدوڕەحمانی قاسملوو و دوکتور فازیل مەحموود ڕەسووڵ لە ١٣ی ژولای ١٩٨٩دا و گەڕان و بە شوێنداچوونی سێ تاوانباری گومانلێکراو، سەرەڕای بوونی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا، ئەوان توانیان بە سانایی و بە بێ لێپرسینەوە ئوتریش بەجێ بهێڵن.

داواکار؛ ڕۆدۆلف ئەنشۆبەر
کە داواکارییەکەی وەکوو سەرەوە بوو داوای ڕوونکردنەوەی نەخشی ئێران و چۆنیەتیی هێنانی چەک بۆ ئوتریشی کرد، بە پشتبەستن بە قسەکانی سەرۆککۆماری پێشووی ئێران، بەنی سەدر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داواکار؛ دوکتور هێلێنە پارتیک پابڵ کە داواکارییەکەی وەکوو کەسی پێشتر بوو.

داواکاران؛ دوکتور یۆرگ هایدەر و ئیلیکساندەر فان دێر بێلن کە داوای لێکۆڵینەوە لە پێوەندییە بانکییەکانی ئوتریش و ئێران و کارتێکەرییە بازرگانییەکانیان لە سەر ئەو پرۆسەیە کرد.
پاشان داوا لەو کەسانەی سەرەوە کرا کە گرینگیی ئەو کێشەیە و هۆکارەکانی هێنانەبەرباسی بەپەلەی کێشەکە ڕوون بکەنەوە.

دوکتور هاینس فیشەر، سەرۆکی پارلمان:
لە سەر پرسیاری لیبرالەکان (د. شمیت) کە ئاراستەی وەزیری دەرەوەی ئوتریش کرابوو لە سەر بیبڕوایی خەڵک بە سیاسەتی دەرەوەی ئوتریش و هەڵەکانیان سەبارەت بە کوژرانی کوردەکان و پێوەندیی ئێران و ناتۆ. پێویستە هۆی گرینگی و بەپەلەبوونی ئەو پرسە باس بکەن کە لەلایەن خۆی و "هێلمووت مۆزەر" ەرەوە داوا کراوە.
دوکتور هاینس فیشەر سەرۆکی پارلمان، پێشنیارە نووسراوەکە دەخوێنێتەوە کە ڕووی لە جێگری سەدری ئەعزەم، واتە وەزیری دەرەوەی ئوتریشە: نموونەی لە حوکمی دادگای میکۆنووس لە بێرلین کە ڕۆژی ١٠ی ئاوریل دژی دوو بکوژی سادق شەرەفکەندی، جێگری ڕەحمان قاسملوو وەکوو ڕێبەری کوردەکانی ئێرانی دەرکرد، هێنایەوە کە بە زیندانی هەتا هەتایی مەحکووم کران. بۆ ئەوەش گرینگترین ڕوونکردنەوە هەڵوێستی "ڕێکخراوی ئەمنیەتیی ئێران" (ئیتلاعات) لە سەر حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە پرۆگرامێکی تەلەڤیزیۆنیدا وەزیری ئیتلاعاتی ئێران "فەللاحیان" لە ٣٠ی ئاگۆستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٩٩٢دا درکاندی کە "بۆ ئەوەی ئەو دەنگە خامۆش کەین، هەر وەکوو ڕێبەری سیاسیی ئێران گوتی ئێمە نەتەنیا بە شێوەی سیاسی، بەڵکوو دەبێ لەگەڵیان بەشەڕ بێین، تەنانەت دەبێ لە نێویان بەرین". کوژرانی سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران، دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو و دوو کەسی جێی متمانەی ئەو لە ١٣ی یولی ١٩٨٩دا لە ڤییەن، ئاکامی ئەو بڕیارەیە. پەتێکی سوور کە تاوانی ڤییەن و بێرلین پێکەوە گرێ دەدا و ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد، بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە (سیتات: دادگای بێرلین ١١/٠٤/١٩٩٧).

ئەم قەزاوەتەی باسی لێکرا، ئاکامی ئەو نەترسییە بوو کە پاش کوردکوژیی ڤییەن، کۆماری ئیسلامیی هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە دەتوانێ لە جێی دیکەش دەست بداتە ئەو جۆرە تاوانە. ئەوەش زەبرێکی گەورەیە لە بڕوا بە سیاسەتی دەرەوەی ئۆتریش و پێوەندییەکانی ئۆتریش و ئێران، بەتایبەت پاش ڕووداوی ساڵی ١٩٨٩.

جێی تێگەیشتن نییە کە وەزیری دەرەوە بە پێچەوانەی بۆچوونی وەزیری داد و وەزیری نێوخۆ، لێکۆڵینەوە لەو پرۆسەیەی تا ٢٩ی ئاوریل بە پێویست نەزانی، ئەوەش کێشەکەی تووشی گۆڕان و وەرچەرخان کرد. ئەوەش زۆر لێڵە کە سکرتێری SPO و OVP (حیزبەکانی دەسەڵاتدار. و.) بە پێچەوانەی نوێنەرانی پاڕلمانی خۆیان، دانانی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی پاڕلمانیان بە پێویست نەزانی. ( دەربڕینەکانی سەدری ئەعزەم "کلیما" لە بڵاوکراوەی "زەمان بە وێنە" لە ٢٢.٤.١٩٩٧ و ئۆبرمان شووسێل لە ٢٤.٤.١٩٩٧دا.) ئەم بۆچوونانە دەتوانێ بەرپرسایەتیی سیاسیی وەزیری ئەو کات و بەرپرسانی دیکەش پیشان بدا. پاش ئاخرکۆبوونەوەی پاڕلمان لە ١٤ی ئاوریلەوە تا ئێستا زۆر شتی نوێ هاتوونەتە گۆڕێ کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێکۆڵینەوەی بەپەلەیان پێویستە و وەزیری دەرەوە دەبێ وڵامیان بداتەوە.

کرۆنۆلۆژیی بەڕێوەچوونی نەخشەی کوشتنی دوو کورد و ئوتریشییەک لە ١٣ی ژولایدا هەر وەکوو لە هەواڵدەرییەکانەوە تا ئێستا بڵاوکراوەتەوە (کە لێرەدا دووپاتی ناکەینەوە) بۆمان دەردەخا کە ئیمکانی هەڵەیەک لەلایەن وەزیری نێوخۆ، وەزارەتی داد و وەزیری دەرەوە هەیە کە تەنیا بە دانانی کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە لەلایەن پاڕلمانەوە دەکرێ ڕوون بکرێتەوە. هەروەها ئیمکانی هەڵەی پۆلیس و کاربەدەستانی وەزارەتی داد نەدەهاتە پێش کە وا بێدەسەڵات و دەستەوەستان بن، ئەگەر لەلایەن ئێرانەوە فشاریان لەسەر نەبووبێ، بە واتایەکی دی، بڵێی پێوەندیی باش لەگەڵ ئێرانی ئیسلامیدا هۆکاری سەرەکیی دەسپێکی ئەو کایە نەبووبێ و لەو کاتە هەستیارەدا لە سەر بڕیاری وەزیری دەرەوە کاریگەریی نەبووبێ؟

ئەوانە هەموو نیشان دەدەن کە بە یارمەتیی کارمەندانی ئوتریش، گومانلێکراوان "جەعفەر سەحراڕوودی" و "مەنسوور بوزورگیان" توانییان خۆ دەرباز بکەن، لە کاتێکدا هەر لە سەرەتاوە تاوانبار دیار بوون. ئەوەش هەر لە ساڵی ١٩٨٩وە لە میدیاکاندا بە ڕوونی دیار و بەرچاو بوو، گفتوگۆی لە سەر کرا و لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند نموونە بکرێ: سەرۆکی پۆلیسی ڤییەن "مارێک" لە ١٧ی ژولایدا ڕایگەیاند کە سەرەڕای ئەوەی زانیاریی دژی بوزورگیان ئامادە کردبوو، کەس نەیتوانی پێش بە دەرچوونی ناوبراو لە وڵات بگرێ، چوون هیچ بڕیارێکی دادوەریی لەسەر نەدرابوو (ستاندارد ١٨.٧.١٩٨٩). لە ڕۆژی ٢٠ی ژولایدا بەڕوونی دەرکەوت کە ئێران لە پشت ئەو تاوانەوەیە و هەر کە حوکمی دەسگیرکردنی بوزورگیان و کەسێکی نەناسراوی دیکە دەرچوو، بەپەلە لەلایەن باڵوێزخانەی ئێرانەوە وەکوو ناڕاست و نادادپەروەرانە ڕاگەیەندرا. "تاران دژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسگیرییەکە ڕاوەستا"؛ ئەوە سەرتیتری ٢٠ی ٧ی ستاندارد بوو. وەزیری دەرەوە "مۆک" بۆ یەکەمجار لەگەڵ میدیاکان دوا و لە ٢١ی ٧ دا هەڵوێستی ئێرانی بە "کاری بەرازانە" ناو برد و بە گومانەوە دەڵێ کە لەوانەیە دەستێک لە پشت ئەو کارەوە بێ.

٢٢،٧،١٩٨٩ لە میدیاکاندا نووسرا: "شەڕی ئەعساب لەگەڵ ئێران" ڤییەن گومانلێکراوەکان ئازاد دەکا کە مەبەستی ئازادکردنی سەحراڕوودی لە نەخۆشخانەیە. نووسراوەکە دەیویست بڵێ کە جیاوازیی قسەی ئەو دوو پیاوە (واتە سەحراڕوودی و بوزورگیان. و.) باشترین بەڵگە بوو بە دەست ئوتریشییەکانەوە کە بەبێ ئەوە، بەشداریی ئێران لەو تیرۆرەدا دەر نەدەکەوت، ئەوەش ئیمتیازێک بوو کە لە پێناو پاراستنی ئوتریشییەکانی دانیشتووی ئێراندا درا.

٧،١٩٨٩،25 میدیاکان بڵاویان کردەوە کە وەزیری دەرەوە نەیدەویست سەبارەت بە "فڕینی سەحراڕوودی" هیچ ئاگادارییەک وەرگرێ یا بدرکێنێ. ٢٦،٧،٨٩ لە AZدا (بڵاو کراوەیە. و.) نووسرابوو کە سەرۆکی "شتاپۆ"، "شولتز" وەزارەتی دادی بە گوناحبار دانا کە حوکمی دەسگیریی سەحراڕوودیی نەدا، لە کاتێکدا دیکومێنتی بە هێز لەو بارەیەوە بەدەستەوە بوون!

٢٧ی ژولای لە "کورییێر"دا هاتبوو کە ١٩ی ژولای، پۆلیس حوکمی گرتنی سەحراڕوودیی لە پێوەندی بە مۆتۆڕسیکلێتەکەوە دابوو کە لەلایەن قازی "فاشینگ"ەوە ڕەت کرابۆوە. هەر لە ٢٧ی ژولایدا وەکوو پێشبینی دەکرا فشاری کاربەدەستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئوتریشییەکانی دانیشتووی ئێراندا خۆی دەرخست.

زەبری "ستاندارد" لە ٢٧ی ژولای، "کوشتنی کوردەکان": کاربەدەستان ڕێیان دا کە گومانلێکراوەکان دەرچن. نێوەرۆکی وتارەکە: سەودایەک لەنێوان پۆلیسی دەوڵەت، وەزیری دەرەوە و باڵوێزخانەی ئێران، هەلی چوونەدەرەوەی بۆ گومانلێکراوەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەخساند. لە درێژەدا بێ ئەوەی گوێڕایەڵی دەوڵەت بن پێیان وایە: ئێرانییەکان (مەبەست دەوڵەتی ئێرانە. و.) نەتەنیا ئەسڵەن ماقووڵ نین بەڵکوو زۆریش پێست ئەستوورن و لە هەڕەشەکانیان بۆ کوشتنی ئوتریشییەکانی دانیشتووی ئێران، پاشگەز نابنەوە.

٢٨ی ژولای وتووێژێک لە ستانداردا لەگەڵ دوکتور "تۆماس کلێستیل" بڵاو کرایەوە کە دەڵێ: ئێرانییەکان زۆر تووڕە بوون کاتێک "موک" گوتی: ئەم ڕووداوە "کارێکی بەرازانە" بوو. ئەو هەموو ئەو وشانەی بەکار هێنا.

٢٩ی ژولای، بڵاوکراوەکان وتووێژی وەزیری داد "فۆریگەر" و وەزیری نێوخۆ "لۆشناک"یان بڵاو کردەوە. سەحراڕوودی پاش قەومانی ڕووداوەکە داوای یارمەتیی لە پۆلیس کردووە و بۆ خۆیشی بریندار بووە. فۆریگەر ئاوای داکۆکی لە خۆی کرد، بێجگە لەوەش ئامادە نەبوو پەنجەمۆرەکان ئاشکرا بکا. قازی فاشینگ کە کاروباری دادگای بەڕێوە دەبرد، گوتی کە: نەمتوانیوە لە سنووری داکۆکی یان نەخشی قوربانیبوونی ئەو کەسە تێبگەم و تا ئێستاش بە سەر ئەو گومانەدا زاڵ بم. (ستاندارد ٢٩ی ژولای).

دوو ڕۆژ پاش دەرچوونی حوکمی گرتنی هەر سێ ئێرانییەکە، ستاندارد نووسی، ڕۆژی ٣٠ی نوامبری ساڵی ١٩٨٩، [بوزورگیان پێش ٣٠ی نوامبر ئوتریشی بەجێ هێشتبوو. و.] هەر ئەو ڕۆژەی کە گومان دەکرا بوزورگیان، ئوتریشی جێ هێشتبێت و بە شوێنییەوە بوون، باڵوێزخانەی ئێران ڕایگەیاند کە دە دەقە پێش ئێستا، وڵاتی بەجێ هێشت (؟ و.) لە کاتێکدا هێشتا لە ئوتریش بوو.

هەر وەها ١،١٢،٨٩ مۆک لە ستانداردا بە ڕوونی درکاندی کە لەو بارەیەوە ناتوانێ شتێک بڵێ کە دەبوایە بوزورگیان بگیرێ. داواکارییەک لە باڵوێزخانەی ئێرانەوە کرا کە نەدەبا دژکردەوەی لەگەڵ بکرێ و لە وەزارەتی دادەوە ئەوە سەلمێندرا کە گەڕاندنەوەی ئەو بەو هۆیە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حوکمی پارێزراویی سیاسیی بە دەستەوەیە، ئەرکی ئێمەیە.
لە ٣،١٢،٨٩ دا "کورییێر" دەنووسێ کە دەوڵەتی ئێران وەکوو پێشوو دژی حوکمی دەسگیری دەوەستێ و لەمەودوا ناتوانێ ئەمنییەتی ئوتریشییەکانی دانیشتووی ئێران وەئەستۆ بگرێ.
پاشان باسەکە بێدەنگەی لێدەکرێ. لە ساڵی ١٩٩٢دا وەزیری داد "مایەر هۆفەر" گوتی: کوردەکان گیانیان لە دەست دا و گومانلێکراوەکان لە ئێرانن! ڕاشیگەیاند کە زانیارییە نوێیەکان هەر وەکوو ١٩٨٩ وان و زیادیان نەکردوە، دەکرا ئەمڕۆ پاڕلمان نەخەینە ژێر فشارەوە چون ئەو کاتیش هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرا بوو، شاهیدەکانیش هێشتا لە ژیان دان و نەمردوون. ڕوونکردنەوەی کوژرانی کوردەکان دەکرا بەبێ چاولێکردن لە پێوەندی مێژوویی ئوتریش و ئێران و ئاستی پێوەندی بازرگانیی نێوانیان، وەکوو کێشەیەکی مرۆڤایەتی لێک درابایەوە. پێویست نییە شتە کۆنەکان وەبیر خۆمان بێنینەوە، ئەوەی لە بیر چۆتەوە ئەوەیە کە ئوتریش یەکەم دەوڵەت بوو کە ساڵی ١٩٨٤ پاش شۆڕشی ئێران وەزیری دەرەوەی خۆی "ئێریک لانس"ی ناردە ئێران و وەزیری دەرەوەی ئێران "عەلی ئەکبەر ولایەتی" پاش شۆڕشی ئێران، لە ساڵی ١٩٨٧دا سەردانی ئوتریشی کرد و لەو کاتەوە پێوەندیی سیاسیی نێوان ئەو دوو وڵاتە گەشەی سەندووە تا ئەمڕۆ. بەو پێیە پاش پێوەندیی ئابووریی، بێدەنگی بە بۆنەی کێشەی مافی مرۆڤ بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ کوشتنی کوردەکاندا لە ڤییەن، سیاسەتی زاڵ بووە. ئەو سیاسەت و هەڵوێستانە لەگەڵ هەڵوێستی دیکە بوونە هۆکار کە تەنانەت لە پێوەندی لەگەڵ حوکمی کوشتنی "سەلمان ڕوشدی"دا، ئوتریش تاقە وڵاتی دیمۆکرات بوو کە باڵوێزی خۆی لە ئێران بانگهێشت نەکردەوە. هەروەها پاش دادگای میکۆنووس هەڵوێستی خۆی دژی ئێران نەگۆڕی. ڕۆژی ١١ی ئاوریل، باڵوێزەکان لە ئێران کشاندرانەوە، وەزیری دەرەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(ئوتریش و.) لە ٣٠ی ئاوریلدا کاتێک APA وەکوو سیمبۆل ڕایگەیاند کە پاش بڕیاری کشانەوەی باڵوێزەکان لە ٢٩ی ئاوریلدا بۆ ئێمە جێی سەرسوڕمانە کە ئێران بە بەشێک لە ئورووپای (وەکوو دانمارک و ئەڵمان) گوت، "بەخێر نەیەنەوە"؛ هەوڵی ئاڵۆزکردن و لە گرێژەبردنی مەسەلەکەی دا.

نەخشەی پچڕینی پێوەندیی ئابووریی و سیاسیی لەگەڵ ئێران لە سێ قۆناغدا بەڕێوە چوو کە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو کوشتارە بۆ کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە هاوکات نەبوو، بۆیەش ئەو داواکارییەی یەکیەتیی ئورووپا لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانمانەوە ڕەت کرایەوە. هەر بۆیەش کە باس لە بڕوا بە سیاسەتی دەرەوەی ئوتریش دەکرێ، دەبێ بڵێین کە زۆر بریندار بووە و بەو ئاکامانەی کە پاش ماوەیەکی کورت خۆیان دەرخست، زیاتریش بریندار بوو.

قسەی وەزیری دەرەوە "شووسێل" لە ٢٤ی ئاوریل لە ناوەندی "ناتۆ"دا تا ڕادەیەک لەسەر ئەوە بوو کە ناتۆ، ئوتریش وەکوو ئەندام بانگهێشت بکا، بەبێ ئەوەی ئەمنییەتی پێویست و قووڵ لە ئوتریشدا بێ، ئەوە پیشانی دا کە ئەو بۆچوون و داواکارییە لەلایەن وەزیری دەرەوە لێپرسراوانە نەبووە، چونکە ئوتریش لەو بارەیەوە (هەر وەکوو پاشتر SPOی بەشدار لە دەوڵەتدا سەلماندی) بە دوو زمان قسە دەکا، ئەوەش دوو کارتێکەریی جیاوازی لە سەر وەخەبەرهێنانی دژبەرانی سیاسەتی دەرەوە دانا. هەڵسوکەوتی وەزیری دەرەوە لە سەر پرسێکی ئاوا گرینگ بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبە شەریکەکەی لە دەوڵەتدا یان پاڕلمان، نەتەنیا بینەزمیی لە سیاسەتی دەرەوەدا دروست کرد، بەڵکوو پشتبەستن و بڕوای خەڵکی ئوتریشیشی بە سیاسەتی ئەوان بریندار کرد.

ڕۆژێک پاش ئەوەی نوێنەرانی لیبڕاڵ لە پاڕلمان بەو هۆکارانەی باس کران، داوای پێکهێنانی دانیشتنی تایبەتییان کرد، "گێرهارد پڕاشاک"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی کوشت و داکومێنتەکانی کۆماری ئوتریش لە پاشی بەجێ مان.
لە دەسنووسەکانی دوکتور پڕاشاکدا دەردەکەوێ کە بڕیاری خاوەن بانکەکان کارتێکەریی قووڵی هەبووە و پێی وابووە کە سەرۆک بانکەکان (بانکی کۆنترۆڵ) لەژێر گومانی معامەلەیەکی تاوانکارانەدا بوون. هەروەها ئەو تاوانەی دایە پاڵ ئەندامانی دەوڵەتیش. ئەو وەزارەتەی کە پاش مردنی پڕاشاک دوو جار لەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەورووو بۆتەوە. وەزیری دەرەوە وەکوو ئەندامی ئەو کومیتەیە دەبوا لە سەر ئەو کێشەیە ببوایە بە هۆکارێک لە پێش پاڕلماندا، هەل و هۆکارە پێویستەکانی هێنانەگۆڕێی ئەو باسە و گرینگیی بڕیاری پاڕلمانی بڕەخساندایە.
هەر بۆیەش پاڕلمانتارە ناوبراوەکان لێ بڕان ئەو کێشەیە بدەنە بەر باس:

بەپەلەبوونی داواکارییەکە:
١- کەی BMfaA (بەشی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەرەوە سەر بە وەزارەتی دەرەوە) بۆ یەکەم جار هەواڵی کوژرانی قاسملوو، قادری و ڕەسووڵی کە لە ١٣ی ژولای ١٩٨٩دا قەومابوو، پێ درا؟
٢- کەی باڵوێزخانەی ئێران و بەتایبەت باڵوێز "شیرازی" یەکەمجار لەگەڵ وەزیری دەرەوە پێوەندیی گرت و چ تکایەکی لێ کرد؟
٣- چەند جار باڵوێزخانەی ئێران یان وەزارەتی دەرەوەی لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئوتریش یان جێگری تایبەتی BMfaA لەنێوان ١٣،٧،١٩٨٩ تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ پێوەندییان گرتووە؟
٤- ئایا نوێنەری ئێران هۆکار بوو کە لە ١٥ی ژولایدا، حوکمی دەسگیریی گومانلێکراو "بوزورگیان"یان ڕاگرت و بواریان بۆ چوونەدەرەوەی سەحراڕوودی و بوزورگیان لە ئوتریش ڕەخساند؟
ئەگەر وایە، کەی (تکایە کاتەکەی بە دەقیقی) و بە چ شێوەیەک؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥- BMfaA چ هەڵوێستێکی هەبوو؟
٦- باڵوێزخانەی ئێران یان نوێنەرەکانیان، لەنێوان ژولای و دیسامبری ١٩٨٩دا، چ فشارێکیان هێنا یان چ هەڕەشەیەکیان لە ئوتریش کرد یان وەکوو باسیان لەوە کرد کە لە مە بەولاوە ناتوانن ئەمنییەتی هاووڵاتییانی ئوتریش لە ئێران بپارێزن، ئەگەر ڕاگەیاندنی کوژرانی کوردەکان بەو شێوەیە نەبێ کە ئێران دەیهەوێ؟ ئەگەر وایە، کەی و بە چ شێوەیەک بوو؟
٧- هەڵوێستی BMfaA چی بوو؟
٨- ئایا BMfaA ئەو هەڵوێستانەی ئێرانی لە کاتی خۆیدا بە کارمەندانی وەزارەتی نێوخۆ و دەرەوە و دادوەری ڕاگەیاند؟
٩- ئایا وەزیری دەرەوەی ئەو کات بۆ کاری بەرژەوەندییەکانی دەرەوە، زانیاریی لە سەر کێشەی کوژرانی کوردەکان، بە سکرتێری گشتیی خۆیان "دوکتور کلێستیل" ڕاگەیاندبوو؟ ئەگەر بەڵێ، کەی، بە هۆی چ کەس و بە کام نێوەرۆکەوە؟
١٠- ئایا پێوەندییەکی فەرمی یان نافەرمی لەنێوان نوێنەرانی ئوتریش و ئێران لە ژولای تا دیسامبری ٨٩ لە سەر کێشەی نوریکۆم (کوژرانی کوردەکان، و.) هاتۆتە بەرباس؟ ئەگەر بەڵێ، کەی؟ لەنێوان کێ و کێدا و کام زانیاری گۆڕدرانەوە؟
١١- بە کام هۆکار لە ١٦ی ژولای ١٩٨٩دا، پێکهاتنێک لەنێوان BM-faA و باڵوێزی ئێران ئەنجام درا کە بوزورگیان کە گومانلێکراو بوو، توانیی بگەڕێتەوە؟
١٢- ئایا بۆ BMfaA ڕوون بوو کە بە پێی پاڕاگرافی 95ی stGB حوکمی دەستگیریی بوزورگیان پێویست و ڕوونە؟ ئەگەر بەڵێ! چۆن دەتوانن ئەوەی ڕووی دا ڕوون بکەنەوە؟
١٣- چۆن لەنێوان BMfaA و باڵوێزی ئێران و بە کام هۆکار ئەم کارە کرا کە گومانلێکراو سەحراڕوودی لە ٢٢ی ژولای ١٩٨٩دا بە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسکۆرتەوە گەیشتە فڕۆکەخانە؟ لە کاتێکدا لایەنی ئێرانی گومانلێکراو بوو؟
١٤- کام هۆکار بۆ وەزیری دەرەوەی ئەو کات، بۆ بەشی بەرژەوەندیی دەرەوە و سکرتێری گشتی دوکتور کلێستیل هەبوو کە سەحراڕوودی وەکوو قوربانی یان شاهید و یان وەکوو تاوانبار دەرچێ هەر وەک ئێستا دەزاندرێ، و چ بۆچوونێک ئەو هەلومەرجەی پێک هێنا؟
١٥- ئایا لە درێژەی ئەوەدا BMfaA لەو مەسەلە و کارتێکەرانی، زانیاریی وەرگرت؟ ئەگەر بەڵێ! کەی و لە کام بارەوە؟ ئەگەر نا، وەزیری دەرەوە چی بە کومیتەی بەرژەوەندییەکان گوت کە زانیاریی پتری بکەوێتە دەست؟
١٦- ئایا لە ١٦ی ژولایدا، دیدارێک لەنێوان وەزیری بەشداربوو، لۆشناک، فۆریگەر و سکرتێری گشتیی BMfaA کلێستیل و سێ وەزارەت یان کەسانێک لەوان سەبارەت بە کوژرانی کوردەکان پێک هات؟ ئەگەر بەڵێ، ئەو باسە چ ئاکامێکی هەبووە؟ ئایا پڕۆتۆکۆلێک هەیە کە بکرێ بدرێتە دەرەوە؟
١٧- ئایا لەنێوان ١٣ و ٢٢ی ژولایدا (ڕۆژی گەڕانەوەی سەحراڕوودی) وتووێژێک لەنێوان وەزیر و کەسانی پێوەندیداری دیکەدا هەبووە؟ ئەگەر بەڵێ، لەگەڵ کێ و بە چ ئاکامێک؟
١٨- ئاکامی دانیشتنی وەزیر لۆشناک و فۆرینگر، سکرتێر کلێستیل و بەرپرسانی باڵا لە ٢٨ی ژولای ١٩٨٩دا چ دەسکەوتێکی هەبوو؟
١٩- ئایا ئەوە ڕاستە کە دوکتور کلێستیل، ئەو دانیشتنەی بەپەلە ڕێک خست کە هەر وتووێژێکی داهاتوو لە پێوەندی لەگەڵ کوژرانی کوردەکان، بەو جێیە بگا کە باسی دەستێوەردانی BMfaA نەکرێ تا لە ئاست ئێرانیش سەر دانەنوێنن و بە چۆکدا نەیەن؟
٢٠- ئایا مژاری باسی کۆبوونەوەی وەزارەتخانە لە ١٨ی ژولای ١٩٨٩دا سەبارەت بە کوژرانی کوردەکان پێوەندیی بە باسەکانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشترەوە هەبوو؟ ئەگەر بەڵێ، سەدری ئەعزەم "ڤرانیتسکی"، وەزیر مۆک، فۆریگر و لۆشناک چ هەڵوێستێکیان گرت؟ ئەگەر گرتیان، دەکرێ پڕۆتۆکۆلی ئەو دانیشتنە بدرێتە دەرەوە؟

٢١- ئایا باسی کوژرانی کوردەکان لە دانیشتنی وەزارەتخانە لە ٢٥ی ژولای ١٩٨٩دا، پێوەندیی بە وتووێژەکانی پێشترەوە هەبوو؟ ئەگەر بەڵێ، سەدری ئەعزەم ڤرانیتسکی، وەزیر مۆک و لوشناک، چ کاردانەوەیەکیان هەبوو؟ ئەگەریش بوویانە، دەتوانن ئەو پڕۆتۆکۆلە بخەنە بەرچاوی ڕای گشتی؟

-22 هەمان پرسیار لە سەر کۆبوونەوەی ٢٢ی ئاگۆست...

٢٣- ئایا پرسی کوژرانی کوردەکان پاش ١٣ی ژولای ١٩٨٩، لە دانیشتنە تایبەتەکانی وەزارەتخانەدا خراوەتە بەر باس؟ ئەگەر بەڵێ، هەڵوێست چ بووە؟... ئایا دەکرێ بدرێتە ڕای گشتی؟

-24 لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٧دا APA وتووێژێکی دەنگیی بڵاو کردەوە کە لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای دادوەری کرابوو لە ژولای ١٩٨٩دا کە لە وێدا دەڵێ: بنەڕەتی تەواوی ئەو کێشەیە لەگەڵ شتەکانی دیکەش، ئەوەیە کە "لە وەزارەتی دەرەوە کەسێک تەلەفوونی کرد و خۆی لە کێشەکەوە گلاند، باشم لە بیر نەماوە، بەڵام بە شێوەیەک دوا کە: باسی ئەو کێشەیە هیچ سوودێکی نییە و دەبێ حوکمی دەسگیرییەکان هەڵوەشێندرێنەوە، چونکی بەوە، هەموو شتێکمان لێ تێکدەچێ و پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران دەپچڕێن. بەو شێوە یە BMfaA هاتە نێو کێشەکەوە و دادوەری دەبوا یان حوکمی دەسگیرییەکان بباتە پێش یان وەریان گرێتەوە. ئەگەر وا نییە، ڕاتان لە سەر ئەو وتووێژە چیە؟

٢٥- باڵوێزخانە و وەزارەتی دەرەوەی ئێران، چ کاردانەوەیەکیان هەبوو سەبارەت بە حوکمی دەسگیرکردنی بوزورگیان بە پێی پاڕاگرافی ٧٥ی stGB (قانوونی بنەڕەتی،و.) لە ٢٨ی نووامبری ١٩٨٩دا، کە ئاوا بە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توندی وەخۆ کەوتن؟ ئایا هەڕەشەی دیکەشیان کرد یان فشاریان هێنا؟ ئەگەر بەڵێ، بە چ شێوەیەک؟
٢٦ -ئەو کات BMfaA چ کاردانەوەیەکی نیشان دا؟
٢٧- ئایا BMfaA بیری لەوە کردبۆوە کە بە چ شێوەیەک دەستی بە بوزورگیان ڕابگا، لە کاتێکدا ئەو هەروا خۆی لە باڵوێزخانەی ئێراندا شاردبۆوە؟
٢٨- کام بڕیار درا و کام هەنگاو هەڵێنرایەوە کە بوزورگیان نەتوانێ لە ژێر چەتری پارێزراویی دیپلۆماتیکدا، یان بە یارمەتیی ئەندامانی دیکەی باڵوێزخانەی ئێران، خۆی لەوێ بشارێتەوە؟
٢٩- کام هەوڵ درا کە بەدەستەوەدانی بوزورگیان هەموار بکا؟
٣٠- ئایا ئەوە ڕاستە کە سکرتێری گشتی "کلێستیل" ٢٨ی نووامبر (ڕۆژی بڕیاری دەسگیرییەکانی دیکەش) وێنایەکی دی لە کوژرانی کوردەکان بە وەزیری نێوخۆ ڕاگەیاند؟ ئەگەر وایە! چ زانیارییەک لەلایەن BMI وە  درا؟
٣١- چ زانیارییەک بە لای BMfaA وە بوو لەنێوان ٢٨ی نووامبر و ٥ ی دیسامبری ١٩٨٩دا کە لەلایەن باڵوێزی ئوتریش لە تاران "تراکسل"، هەر وەها باڵوێزەکانی ئێرانەوە ڕاگەیەندرا کە: هاووڵاتیانی ئوتریش لە ئێران، لەوانەیە بکەونە مەترسییەوە؟
٣٢- ئایا وەزیری دەرەوەی ئەوکات "مۆک" یان سکرتێری گشتیی "کلێستیل" سکاڵا و هەڕەشەی ئێران و پێش هەموو شتێک ڕاپۆرتی باڵوێزخانەی ئوتریش لە ئێرانی خستە بەردەستی وەزارەتی نێوخۆ؟ ئەگەر بەڵێ، بۆچی؟
٣٣- هەروەها پاش ٢٢ی ژولای (گەڕانەوەی سەحراڕوودی،"بۆ ئێران" و.) چ پێوەندییەک لەنێوان وەزیری بەرژەوەندییەکانی دەرەوە، وەزارەتی داد و نێوخۆ لە سەر کوژرانی کوردەکان هەبوو، بەتایبەت سکرتێری گشتی "دوکتور کلێستیل" و سەرۆکی ئەمنییەتی گشتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"دانسیگەر"؟

٣٤- ئایا ئەمرێک لە سکرتێری گشتییەوە بۆ ئەمنییەتی گشتی لە ئاڕادا بوو کە لە ٢٩ی نووامبرەوە، چاودێرییەکانی باڵوێزخانەی ئێران، چاوپۆشیی لێ بکرێ و لە ٥ی دیسامبری ١٩٨٩وە لەو چاودێرییانە کەم بکرێتەوە، لە پێوەندی لەگەڵ BMfaA دا؟

٣٥- کەی BMfaA زانی یان بەو ڕاستییە گەیشت کە "بوزورگیان" بەرەو ئێران فڕیوە؟

٣٦- لەو پێوەندییەدا BMfaA لە سەر چوونەدەرەوەی بوزورگیان چ کاردانەوەیەکی هەبوو؟

٣٧- ئایا دەوڵەتی ئەو کات یان وەزیری بەرژەوەندییەکانی دەرەوە، لەو کاتەدا، دەیانزانی کە ژیانی ئوتریشییەکانی دانیشتووی ئێران لە مەترسی دایە، ئەگەر نا، چۆن دەکرێ باوەڕ بە هەڵوێستی نە جێی باوەڕی "پانێن" لەو بارەیەوە بکەین؟

٣8- ئێوە دەبینن، کە کێشەی کوژرانی کوردەکان لە ١٩٨٩دا و پێوەندیی ئوتریش و ئێران کە لە ساڵی ١٩٨٧ەوە و پاش سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران و کەمبوونەوەی باسی مافی مرۆڤ لەنێوانیاندا، کارتێکەریی دانا، ئایا ئەوە هۆکاری نزمبوونەوەی پێوەندیی نێوانیان بوو؟ ئەگەر نا، بۆچی؟

٣٩- بە کام شێوە لایەنگرانی یارمەتیی مافی مرۆڤی ئوتریش لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٩٠دا لە پێوەندی لەگەڵ گەڕانەوەی ئێرانییەکاندا و هاوکات چەند هۆکاری کاریگەریی دیکەی نێوان ئوتریش و ئێران، فشاریان لە سەر هەر دوو لا کەم کردەوە؟

٤٠- لە کام سەردانی فەرمی لەنێوان ئێوە یان جێگرەکەتان دوکتور مۆک لەگەڵ ئێران یان وەزیری دەرەوەی ئێران، ویلایەتی، باس لە کوژرانی کوردەکان کرا؟ ئێوە و مۆک چ کاردانەوەیەکتان هەبوو؟

٤١- بە کام سەردان یان پێوەندی لە ١٩٨٩دا و پاشانیش، کێشەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوژرانی کوردەکان یان گەڕانەوەی گومانلێکراوەکان، ئیتر جێی باس نەبوو؟

٤٢- باسی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، کام نەخشی لەنێوان ئێوە و هاوکات ئێرانییەکاندا گێڕا؟

٤٣- کام ئاکام دەتوانرێ لەنێوان "حوکمی میکۆنووس" و کوشتاری ١٩٩٢ی بێرلین و ١٩٨٩ی ڤییەندا ببینرێ و کارتێکەرییەکانیان لە سەر پێوەندیی ئوتریش و وڵاتانی دیکەی ئورووپا لەگەڵ ئێران؟

٤٤- لە حوکمی میکۆنووسدا دەبینین کە تێرۆرەکانی ئێران وەکوو تێرۆریسمی دەوڵەتی ناسران، ئەو هەڕەشانەی ئێران، چ کارتێکەرییەکیان لە سەر ئوتریش دانا؟ و هەڵوێستی ئوتریش لە سەر تێرۆریسمی دەوڵەتی چ بوو؟

٤٥- چۆن دەتوانن بەوە بگەن کە هەڵوێستی بە پەلەی ئێران لەمەڕ کوشتار لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، ئەگەر چی ئەوان جێی گومان بوون کە پلانیان بۆ دارشتبێ، توانییان بەو هاوکارییە لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئێمە بگەن؟

٤٦- ئایا لە پلانی گەمارۆی ئابووریدا دەکەوتنە بەرەی دژ بە ئێرانەوە، ئەگەر ئێران لە مەودایەکی پێشبینیکراودا خۆی لە باری پاراستنی مافی مرۆڤ و تێرۆری دەرەوەی وڵات نەگۆڕیبا؟ ئەگەر نا، بۆ چی؟

٤٧- ئایا پێتان وایە کە دیالۆگی ڕەخنەگرانەی وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ ئێران، بە بێ هیچ گۆڕانکارییەک دروست بوو؟ ئەگەر بەڵێ بۆچی؟ ئەگەر نا، چ گۆڕانکارییەک دەبا بکرایە؟

٤٨- بۆچی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئورووپایی لە ٢٩ی ئاوریلدا، باڵویزەکانیان لە ئێران کشاندەوە لە کاتێکدا لە ١١ی ئاوریلدا بانگیان کردبوونەوە؟

٤٩- چۆن لە کاردانەوەی وەزیری دەرەوەی ئێران _ویلایەتی_ تێدەگەن کە لە ئاست بڕیاری وەزیرانی دەرەوەی ئورووپا لە ٢٩ی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوریلدا دەری بڕی، ئەو مەبەستەی کە وەلانانی گەمارۆی ئابووری دژی ئێرانی وەکوو شکستی دەوڵەتی ئامریکا پیشان دا؟
٥٠- ئێوە هەڵوێستی ئێران لە سەر مافی مرۆڤ یان پێشبردنی بەرنامەی ئەتۆمی و چەکی شیمیایی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ کام چارەسەرتان هەڵبژاردوە؟
٥١- بە کام هۆکار پێتان وایە کە باڵوێزەکانی دانمارک و ئەڵمان لە ئێران "بێ سوود " بوون و ئوتریش نا؟ (لە ڕاستیدا ئەوە بۆچوونی ئێرانە. و.).
٥٢- ئێوە هەڵوێستی وەزیرانی دەرەوەی ئورووپا چۆن دەبینن کاتێک باڵوێزەکانیان بانگ کردەوە کە باڵوێزی دانمارک و ئەڵمان دەرکرابوون. ئایا ئێستا ئەو هەڵوێستە وەکوو بڕیارێکی زۆر هەڵە دەبینن؟
٥٣- بە کام هۆکار ئێوە ڕۆژی ٢٤ی ئاوریل لە بەرابەر دەفتەری گشتیی ناتۆدا، کە ناڕاستەوخۆ بۆ بانگهێشتی ئوتریش (بۆ ئەندام بوون لە ناتۆدا. و.) دەدوان، گوتتان کە: ئەمن وەکوو خۆم بۆ ئەو بەشدارییە سپاس دەکەم و لە کاتێکدا کە هەموو دژبەرانی ئەو یەکیەتییەش بەشدارییان کردووە، ئێمە ئارەزوومانە لەو یەکیەتییەدا وەرگیرێین، ئەگەر ئێوەش هاودەنگ بن!
٥٤- نوێنەرانی ناتۆ لە بەرامبەر ئێوەدا چ هەڵوێستێکیان گرت؟
٥٥- ئایا لە دەوڵەتدا بۆ ڕۆژی ٢٤ی ئاوریل، لە سەر هەنگاونان بەرەو ناتۆ پێکەوە سازابوون؟ ئەگەر نا، بۆچی؟
٥٦- چ هۆکارێک کارتێکەریی لە سەر بڕوای ئێوە بە وەزارەتی دەرەوە هەبوو، لە کاتێکدا کە هەموو دەوڵەت لە سەر ئەو پرسە هاودەنگ نەبوون؟
٥٧- بە چ هۆکارێک بەبێ بڕیاری پاڕلمان ئێوە بڕیارتان دا؟
٥٨- ئایا لە کۆبوونەی ٢٩ی ئاوریل یان ٦ی مای ١٩٩٧ی وەزیراندا لە سەر مژاری "پڕاشاک" کە لە پێشیشدا قسەی لەسەر کرابوو، وتووێژ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرا؟ ئەگەر بەڵێ، بە کام سیاسەتی گرینگ و ژیرانەوە؟
٥٩- ئایا لەو کۆبوونەوانەی وەزیران کە باسیان لێ کرا، لە سەر باسێک کە پڕاشاک هێنابوویە گۆڕێ و داکومێنتیشی بۆی هەبوو، ئاکامێک وەرگیرا و کارتێکەریی سیاسیی دانا؟ ئەگەر بەڵێ، کامە ؟
٦٠- بێجگە لەو باسانەی کە تا ئێستا بە ئاشکرا ڕاگەیەندراون، کۆی ئەو باسانە بڵاو بکەنەوە کە بیسەلمێنێ، پاشەکشێی حیزبەکان بە هۆکاری ئابووری و بەتایبەت بانکەکان، هەنگاوی پێویست و بڕیاری بە پەلە بوون و ئایا لەو پەراوێزەدا ئاکامێکیشیان هەبوو؟ ئەگەر بەڵێ، چەند یارمەتیدەر بوون؟
بە پێی دەستوور داواکارین، ئەم پرسیارانە بدرێنە بەر دەنگدان و بە پەلە گفتوگۆیان لە سەر بکرێ.

سەرۆکی پارلمان، دوکتور هاینس فیشەر: ٢٠ خولەک کات دەدرێ بە نوێنەری پارلمان، خانمی شمیت کە باسی گرینگیی ئەو پرسیارانە بکا، تکایە.

دوکتور هایدە شمیت (لیبڕال):
سەرۆکی پارلمان! وەزیری فیدڕاڵ! و ماڵی جێی ڕێز (پارلمان. و.)!
دەمەوێ لە حوکمی ناسراو بە "میکۆنووس"ی دادگای برلین، بە کورتی نموونە بێنمەوە کە بۆ ڕوونکردنەوەی نەخشی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران دژ بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر گرینگە. هەر وەکوو لە وتووێژێکی تەلەڤیزیۆنیدا وەزیری ئیتلاعات ڕایگەیاند کە ئێران "ئەوان (حدکا. و.) بێدەنگ دەکا، هەر وەکوو ڕێبەری ئێران ڕایگەیاندووە کە نەتەنیا لە بواری سیاسیدا لەگەڵ حیزبی دیموکرات شەڕ دەکا، بەڵکوو لە ناویشیان دەبا".
کوشتنی ئەوکاتی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو و دوو هاوکارەکەی لە ١٣ی ژولای ١٩٨٩دا لە ڤییەن و هەروەها هەر بەو شێوەیە لە بێڕلین، درێژەی ئەو تاوانە بێ بڕیارەی ئوتریش بوو. هێڵی سووری ڕووداوی ڤییەن و بێڕلین کە پێکەوە لکاون، لە بەر چاوان ون کراوە.

حوکمی بێڕلین لە ١٠ی ئاوریلی ئەمسالدا، ١٠ مانگ کەمتری بە سەردا تێپەڕیوە، ئەو حوکمە نەک هەر زۆر بە جێیە بۆ بەڕێوەبردن، بەڵکوو زۆریش پێویستە. جارێکی دیکەش، لە سەر ئەوەی ڕووی دا و پێوەندیی بە کوشتارەکەوە هەیە، لە سەر کوژرانی سێ کەس لە ڤییەن لە ساڵی ١٩٨٩دا، نەتەنیا دەبێ بدوێین، بەڵکوو دەبێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیشی بۆ بکەین. دەبێ ئەو هەلومەرج و ڕووداوە ڕوون کەینەوە و بپرسین: کام بەرژەوەندی لە ئارا دایە کە ئێمە نابێ ئەو کارەساتە ڕوون کەینەوە؟ یان ئایا بەرژەوەندییەک لە ئارادا بووە کە ڕووناکییەک بخاتە سەر ئەو لێڵاییە؟ یان بەرژەوەندییەکە ئەوەندە گرینگە کە پێویست نەکا ئەو کوشتارە ڕوون بکرێتەوە؟ مرۆڤ ئەمڕۆ لەوانەیە بیر لەوە بکاتەوە کە پاش ٨ ساڵ، چ سوودێکی هەیە تا لەسەر ئەو کارەساتە بدوێین؟

پێش هەموو شتێک کە بیر لە سیتادی سکرتێری گشتیی "داد" "مایەر هۆفەر" لە وەزارەتی داد بکەینەوە کە لە ١٩٩٢دا بیری هێنایەوە و گوتی: "کوردەکان مردن و گومانلێکراوەکان لە ئێرانن" و لەگەڵ ئەوەش ئەو پرسە بۆیە گرینگە چون زۆربەی ئەو شتانەی ئەمڕۆ قسەیان لە سەر دەکرێ، ئەوانەن کە سیاسەتوانان ئەو کات وەکوو گرینگ و بەپەلە پێیان فرۆشتین لە کاتێکدا هەر ساڵی ١٩٨٩ ڕوون و ئاشکرا بوون.

ئەمن بڕوام وایە کە ئەگەر جارێک هەڵەیەک کرا، کە نەدەبا بکرایە و دیسان درێژەی پێ بدرێ، ئەوە ناتوانێ کارێکی باش و بەکەڵک بێ بەتایبەت ئەگەر بزاندرێ ئەو هەڵەیە نە تەنیا خەڵکی ئوتریش بەڵکوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسانی دیکەش لە دەرەوەی ئێمە تووشی گرفتاری دەکا، لەوەش خراپتر ئەگەر هەر درێژەی پێ بدرێ و شانسی قەرەبووکردنەوەشی پێ نەدرێ یان پێشی نەگیرێ کە دووپات و چەند پات بێتەوە.
ئەوە مژارێکە کە ئەمڕۆ لە سەری دەدوێین تا لە داهاتوودا دیسان نەیەتەوە پێش، پێویستە ئەم کارەساتە بە تەواوی ڕوون ببێتەوە!
کاتێک مرۆڤ لە هەڵە دەدوێ، دەبێ لە سەر بیرکردنەوەشی بدوێ. بۆ هەڵە کرا؟ ئەگەر لە سەر کەسێک بێ، یانی نەبوونی چەندایەتی و چۆنایەتیی ناسینی هەڵە و ئەگەر وابێ یانی مرۆڤەکان هەڵسەنگاندنیان لە هۆکاری هەڵەکانیان نییە. ئەگەر ئەو هەڵسەنگاندنە کارتێکەرییشیان بووبێ. یان ئەوەی لەو کاتەدا هەر ئەوەندەیان لە توانادا بوو یان تەسلیم بوون؟ بە چ هۆیەک تەسلیم بوون؟ کێ تەسلیم بوو؟
ئایا پارێزکردنی ئێمە تا ئێستا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێراندا و پێوەندییەکانمان هەڵەی سیاسی بوون؟ کاتێک ئێوە لە سەر هێڵی هەڵە دەڕۆیشتن ئایا هەڵەیەکی گەورەتری سیاسی نەبوو تا ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لە سەری دەدوێین و ئێوە دەتانەوێ دایپۆشن؟
ئەمن سەرجەم زیانێکی گەورە بۆ ئوتریش دەبینم، ئەو زیانەی کە هەم لە بواری سیاسەتی دەرەوە و نێوەوەدا کارتێکەریی هەیە و دەبێ، ئەو کارتێکەرییەی کە سەرەڕای ئەو هەموو فاکتانە ئاوا هەڵسوکەوتیان لە سەر کرا، ئەو زیانانەی کە دەکرا ڕوون کرابانەوە و ئێوە هیچ پلانێکتان بۆی نەبوو، گرینگ ئەوەیە کە خۆزگە ڕوونکردنەوەتان بۆی هەبوایە.
سەرەتا ئەوە لە نوێنەرانی پارلمانەوە دەستی پێکرد کە هیچ بۆچوونێکیان لە سەر ئەو بابەتە و ڕوونکردنەوەی نەبوو، ئەگینا ئەمڕۆ مەجبوور نەبووین لە سەری بدوێین. تەنانەت سەرۆکی داد (هەڵبەت مرۆڤ دەبێ خۆی بخاتە جێگای کەسێک کە لەو بارودۆخەدا هەڵوێست بگرێ) ئەوەی کرد کە ئەگەر منیش بووایەم، هەر ئەوەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرد کە ئەگەر ئەمڕۆ وتووێژێکم هەبێ، ئەو لێکۆڵینەوانەم وەلا دەنان کە تەنیا وەکوو ئامرازێکن و نەیاندەتوانی هیچ کارتێکەرییەکیان هەبێ.
ئێوە زیانتان بە سیاسەتی کۆماریی ئێمە گەیاندووە و ئەوەش تا سەدری ئەعزەم گەیشتووە و جێگرەکەشی. (هۆلگەر باوەر دەپەڕێتە نێو قسەکانی): ئەمن ناتوانم زیاتر گوێتان لێ بگرم، ئێوە زۆر شت دەڵێن، بەڵام لەسەر شتێکی ڕوون و بێ هەڵە دەدوێن. لە هەمان کاتدا ئامرازەکانتان بەبێ ددان بە کار دێنن (بێ دەلیل. و. بە کوردیی پەتی: فلتەفلت). وەزیری دەرەوە گوێ لە کەسێک دەگرێ کە نایەوێ بە ئامرازی بێ ددانەوە بدوێ و هەر وەکوو لە وەزارەتەکەشیاندا هەمیشە وایە، پێی وایە هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرایە.
ئەوە ئیتر بۆ من تاقەت پڕووکێنە کە بڕوا بە دروستیی سیاسەتی دەوڵەتمان، بڕوا بە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەس یان سەرجەمی سیاسەت بکەم کە بخرێتە کایەوە و بڕووخێ (ئەوەی لیبڕال و سەوزەکان دەیکەن). ئەمن تەنیا دەمەویست ڕێنوێنییەک بۆ سەرۆکانی وڵات بکەم و بۆیەش دوام!“

پارلمانتار پاتریک پابلە:
تکایە وتەیەکی کورت دەڵێم،“ ئەم وتووێژە لەسەر دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوەیە نەک لەسەر فاکتەکان، و لە سەر ئەوەی چۆن هەڵسوکەوت بکەین؟ سەرۆکی وڵات مافێکی پتر بە خۆی دەدا و دەڵێ کە ئەوە مەسەلەیەکی ئەخلاقییە، بەڵام کاتێک بۆخۆی لەژێر پرسیاردایە بە دروستی هەڵسوکەوت ناکا و تەنانەت ئەو بۆچوونە بۆ لایەنەکانی دیکەش کە لە بەرژەوەندیی ئەوانیش دایە پەرە پێدەدا و ئەگەریش سەر نەکەوت وەلای دەنێ (چەپڵەلێدانی لیبرال و سەوزەکان)، ئەگەریش نەیتوانی ئەوە وەکوو بەرژەوەندی بیقەبڵێنێ، وڵات بە پێی بۆچوونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی بەرەو هەڵدێر دەکێشێ."

ڕاینە پۆلیمیک:
ئەمن لە خۆم دەپرسم، چی زیاتر لەو سیاسەتە دەبایە ببوایە. ئایا دانانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە، سیاسەتە؟ ئایا بانگهێشتنی سەرۆکی وڵات، بۆ ئەو کێشەیە سیاسەتە؟ ئایا ئەوەتان بەڕاستی و جیددییە؟ ئەگەر بە جیددیتانە، دەبێ بە منیشی بسەلمێنن (و. مەبەست لیبراڵ و سەوزەکان)، سەرۆکی وڵات لێرە دەنگ نادا، ئەوە ئێوەن کە لێرە دانیشتوون و لەسەر دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوە بڕیار دەدەن، ئەگەر ئێمە لە سەر ئەخلاق دەدوێین، باشتر دەبێ ئەوە لە تای تەرازوو دانێین، بەتایبەت کاتێک مرۆڤ بۆ خۆی لایەنێکی ئەو کێشەیە".

دوکتور ماتیس:
"ئێوە (ئیشارە بە کەسی پێش خۆی) دژی ئەو، دۆڕاندتان، ئەوەش کێشەی ئێوەیە، ئەو ناوکار قسەکردنەتان ئەوەندە گاڵتەجاڕ و جێی پێکەنینە کە من تا ئێستا شتی وام نەبیستووە".

دوکتور شوارتسن بێرگر:
"کاتێک لە بێتواناییەوە قسە دەکەم، مەبەستم ئەوەیە کە بەرپرسی بە ئەنجامگەیاندنی پەروەندەکە لە وەزارەتی داد، هەر لە سەرەتاوە ئەو پرۆسەیەی بە "تەواو بوو" ناو برد و گوتی: هەموو شتێک بەدروستی بەڕێوە چووە. جا ئەمن دەبێ ئەوە وەبیر بێنمەوە کە سکاڵای ئەو کەسانەی سەر قاڵی کێشەکە بوون، ڕۆژی ١٤ی ژولای ١٩٨٩، یانی ڕۆژێک پاش کوشتارەکە بەوان گەیشتبوو، هەروەها پاش پشکنینی پزیشکی قانوونیی مەیتەکان و ڕوونکردنەوەی بڕینی گوللەکان، دەبووایە هیچ نەبێ بەو هۆکارەوە بزانرایە کە قسەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەحراڕوودی ڕاست نەبوون، لە کاتێکدا ناوبراو تا کۆتایی هەر وەکوو شاهید هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرا.

لە ١٧ی ژولای ١٩٨٩دا، یانی ٤ ڕۆژ پاش کوشتارەکە، جێگری سەرۆکی پۆلیس "ماریک" لە بۆچوونێکدا دەریبڕی کە: زۆر جێی سەرسووڕمان بوو کە حوکمی هیچ دەسگیرییەک نەدرا. لە ئاکامدا حوکمی دەسگیریی بوزورگیان دەرچوو... و چەند ڕۆژ پاشتریش ئازادکردنی سەحراڕوودی، کە بۆ من جێی باوەڕ نەبوو، بەڵام بە شانازییەوە بەڕێوە چوو. دەتوانین ئەمڕۆ بڵێین کە قەومانی هەموو ئەم شتانە پاش ئەوە بوو کە داکومێنتی پێویست لە بەر دەستماندا بوون.

ئەوە زۆر سەیرە، کە کەسێک کە هەتا ئەمڕۆ وەکوو شاهید هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا، ئەمڕۆ وەکوو بێتاوان بناسێندرێ، لە کاتێکدا لە لێپرسینەوەی هەوەڵ لە نەخۆشخانەدا، ئامادە نەبوو هیچ بڵێ!

ئەگەر ئێوە بڕواتان وابێ کە: کاربەدەستانی ئەودەم لاواز بوون، مرۆڤ دەپرسێ: چ سوودێک هەبوو لەو پێوەندییانەی کە لەنێوان کاربەدەستان و وەزارەتی دەرەوە، کارمەندانی وەزارەتی داد (تا وەزیر) و کاربەدەستانی ئەمنیەتیدا بەڕێوە دەچوون؟ ئەمن پێموایە ئەوە زۆرتر جێی بڕوایە کە بۆ هەر یەک لەو پێوەندییانە، یانی ئەو فشارانەی کە لەلایەن ئێرانەوە دەهات (و.. بە بڕوای من بە دروستی)، ئەو فشارانە بوون کە پێشیان بە لێکۆڵینەوە دەگرت یان پاشەکشەیان پێ دەکرد.

ئەگەر ئێمە ئەو پرسیارەمان بۆ بێتە پێش کە بۆچی ئەو فشارانە لەلایەن ئوتریشییەکانەوە ملیان بۆ دانەواندرا، دوو ڕوونکردنەوە دێتە ئاراوە: یەکێکیان (تیرۆر بە ڕوون و ئاشکرایی)، ئەوی دیکەیان بەرژەوەندیی ئابووری.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە نموونەیەکە لەو پێوەندییانە کە مرۆڤ هەمیشە وا بیر دەکاتەوە کە هەر کات باس دێتە سەر پێوەندیی ئابووریی وڵاتان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ئاساییە، لە بیر دەچێتەوە و وەلا دەنرێ، چونکە بازاڕ بە شێوەیەکی دی دەچێتە پێش. لەم پێوەندییەدا، یەکێک لە وەتاغی بازرگانیی ئوتریش گوتی: ئەوە دەتوانێ وابێ کە بە هۆی پچڕانی پێوەندیی ئابووریی ئێران لەگەڵ ئەڵمان و دانمارک، ئێستا ئوتریش دەتوانێ پتر سوود ببا.

لەمن وایە ئەوە موزاییکێکی تەواوە، بۆ من زۆر ناشیرین و نالەبارە و وێنایەکە جێی تێڕوانین و بیرکردنەوە. ئەوە جێگای بڕواش نییە ئەگەر لە سەرجەمی سیاسەتی دەرەوەی ئوتریش و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیش بڕوانین.

ئوتریش یەکەم وڵاتی ڕۆژئاوایی بوو کە لە ١٩٨٤دا وەزیری دەرەوەی خۆی (ئەو کات "ئێروین لانس" لە سۆسیال دیموکڕاتەکان بوو) ناردە ئێران و هەروەها ئوتریش یەکەم وڵاتی ڕۆژئاوایی بوو کە لە ١٩٧٩دا میوانداریی وەزیری دەرەوەی ئێرانی کرد، (هەر لە سەر ئەو عەرزە بوو کە شتی دیکەش ڕووان).

ئەمن نامەوێ تا ئەو جێیە بۆی بڕۆم و بڵێم کە ئەو فشارانە هەموو لە پێناو بەرژەوەندیی ئابووریدا بوون، بەڵکوو دێمە سەر ئەوەی کە، لەوانەیە ئەوە بۆ پاراستن بووبێ، کاتێک دەیتوانی بۆ ئوتریش و ئوتریشییەکانی دانیشتووی ئێران ڕووداوی ناخۆشی بەدواوە بێ. ئەمن لەسەر ئەو بڕوایە دەمێنمەوە، بەڵام ناکرێ وەکوو پاکانەیەک قەبووڵ بکرێ. ئەوە بە ڕاستی بڕوایەکی زۆر ئاستەمە کە بکرێ بەو پرسیارە وڵام بدرێتەوە کە تا چەند دەتوانرێ پەروەندەی تیرۆر وەلا بنرێ کە: "گیانی مرۆڤی بێتاوان نەکەوێتە مەترسییەوە". ئەوە پرسیارێکە کە مرۆڤ دەتوانێ وەکوو مژارێکی فەلسەفی چاوی لێ بکا، ئەمن بەخیلی بەو سیاسەتوانانە نابەم کە لە کاتی ئاستەم و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاریکراو، یان لە سەعاتێکدا، دەبێ بۆ مەبەستێک یان کەسێک بڕیار بدەن. پێموایە، ئەو بڕیارە زۆر سەختە بۆ سیاسەتوانێک، و مرۆڤ دەبێ بە هوشیارییەوە تێی بگا. بەڵام ئەگەر ئەوە بەڕاستی دژوارە، بۆ وڵامدانەوە بە پرسیارێک، ئەویش لە ژێر فشاری پەروەندەی تیرۆردا، مرۆڤ دەبێ زۆرتر هەستیار بێ تا بتوانێ لەگەڵ پانتایی تیرۆردا هەڵسوکەوت بکا. پێویستە مرۆڤ بە هەموو تواناوە بیری خۆی بە پێی پانتایی ئەو فشارە بخاتە کار و لە ئاست ئەو تەوژمەدا خۆی بە دەستەوە نەدا. تیرۆر لەو بارودۆخەدا، پاشان مەترسیی ئەمنی لەسەر ئوتریشییەکان لەو کات و ساتەدا ڕەنگبێ زۆر کارتێکەر و گرینگ نەبووبێ، ئەوە هەڕەشەیەک بوو کە پێموایە (بۆ ئێران. و.) گونجاویش بوو، بەڵام کاتێک ئێوە بەو شێوەیە لە مافی نێودەوڵەتان دەڕوانن و هەر لە گۆڕەپانی یەکەمدا خۆتان بەدەستەوە دا، گوێ لە مست و بە لاوازییەوە دەتانگوت: "ئەمنییەت ئەمنییەتە"!؟ مرۆڤ دەبێ بیر لەوە بکاتەوە، کە وڵات بە کام ڕێچکەدا دەڕوا و بە کام ڕۆشنایی، ڕێگا ڕووناک دەکەنەوە کە زیان بە سیاسەتی وڵات نەگا، ئەگەر بتانەوێ سیاسەتێکی تا ڕادەیەک مەشرووعتان هەبێ؟ ئەمن وا تێدەگەم کە لە پێش هەموو شتێکدا گرینگ ئەو ئاکامەیە کە کوشتاری ڤییەن و لەویش گرینگتر کوشتاری بێرلینی بەڕێوە برد، ئەوە نیشان دەدا کە چۆن لە سەر هەڵە و دووپاتکردنەوەی هەڵە لە بواری مافی نێودەوڵەتی و ئەخلاقدا هەڵسوکەوت کراوە. ئەوەش جێی تێڕامانە کە چۆن توانراوە ئەو هەموو هەڵسوکەوتە جیاوازانە لە وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی داد و وەزارەتی نێوخۆدا بکرێن. ئەوانە و بەم شێوانە پێشانی دەدەن کە وەزارەتی دەرەوە (ئەوە بۆیە باس دەکەم، چون دەزانم ئێوە باسی دەکەن و دەیخەنە ڕوو. ئەمن چاوەڕوانم) لە سەر تێکەڵاوێک لە بەرژەوەندیی ئابووری و بەناو مەنتیقی دەوڵەتی، معامەلەی کردووە. لە ژێر وشەی "بە ناو" دا سێ جار هێڵ دەکێشم، چون لە پێوەندی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ ئەم وشەیەدا زۆر کەڵکی ناڕەوا شاردراوەتەوە.
وەزارەتی داد (ژورنالیستێک ئەوانی زۆر جوان فۆڕمووله کردووە) کە "داد" خۆی وەکوو "خوازیاری تەواو پاڵدانەوە" و بەڕێوەبەرانی پۆلیسی بە "دیسیپلینی خووپێگرتوو" ناو دەبا. هەروەها ئەوەش ڕوونە کە: ئەم مرۆڤانە خوویان بەوە گرتووە کە بەنەزم بن، هەرگیز دژی بڕیارێک نەوێستن و پرسیاریش نەکەن. ئەوەی پێیان سپێردرابوو، هەر واش بەڕێوە چوو. دەبێ بڵێم: ئەوە ڕۆحێک بوو کە لە پشتەوە وێستابوو کە کێشەکەی بە ئاکامی ئەمڕۆ گەیاند. هەر بۆیەش ئەمڕۆ ئێمە دەبا لە درێژە و ڕووناکایی ئەو ڕاست و ڕوونی و هۆشیارییەدا ئامادەتر بین تا ڕاستییەکانیش ڕوونتر بخەینە ڕوو. ئەوە زیانێکی گەورەیە بۆ بڕوای ئێمە (واتە بە سیاسەتی ئوتریش.و.) کە کاری ئەوتۆ بکەین کە پێویست نەبوو ئەمڕۆ قسەشی لە سەر بکەین، لە قسەکانی خانمی "فێکتەر" لە سەرەتاوە تا قسەکانی سەرۆک کۆمار، ئاوا بە بەربڵاوی و هەمەلایەنە لە سەری بدوێین.
ئەگەر ئێوە بڕواتان وایە کە هەموو شتێک لە جێی خۆیدا و بە دروستی بەڕێوە چووە، وەرن بە دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوە ڕازی بن، ئەوە بە سوودی ئێوەش دەبێ کە دیسان بڕوا بەو دەوڵەتە بگەڕێتەوە، بڕوا بە بڕیاردەرانی سیاسی، کارمەندان و مودیران! ئێمە دەمانەوێ کە شارۆمەندانی ئێمە بڕوایان بەو بەڕێوەبەرییە هەبێ، کە بۆچ سیاسەتێکی ئەوتۆیان بووە، دەی بۆ ئەوە ناکەن؟
ئەگەر ئێوە پێتان وایە کە هیچ شتێکتان بۆ شاردنەوە نییە، لێگەڕێن کومیتەیەک لێکۆڵینەوە بکا و تاوانەکان دەسنیشان بکرێن (چەپڵە لێدانی لیبراڵ و سەوزەکان). ئەگەر ئەمن قسە لە سەر ئەوە بکەم کە بڕوا بە سیاسەت زۆر بە خراپی خراوەتە کایەوە، دەمهەوێ سیاسەتی دەرەوەی ئێستای ئێرانیش بخەمە بەر ڕەخنە! پێموایە کە لە ڕابردوودا یانی ١١ی ئاوریل، باڵوێزی یەکیەتیی ئورووپا، باڵوێزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برێک وڵاتی (لە ئێران.و.) بانگهێشت کردەوە و دوو حەفتە پاشتر ناردنییەوە، ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو.
ئێمە هەر لە سەرەتادا داواکارییەکمان لە سێ قۆناغدا خستە ڕوو، قۆناغی یەکەم: کە بە دیالۆگی ڕەخنەگرانە دەست پێدەکا بەڵام بە مەرجی ڕوون و دیاریکراو. هەر هیچ نەبێ بەو مەرجەی ئێران ئامادەی هاوکاری بێ کە مەسەلەی کوشتارەکە ڕوون کرێتەوە.
قۆناغی دوای ئەو، دیالۆگی ڕەخنەگرانە، ئەگەر ئێران ئامادەی هاوکاری نەبێ، کە ئەمەیان هەوڵی ئێمەی بەبێ ئێرانە. پاشان دەچینە قۆناغی سێهەم کە بریتییە لە بەشداری لە گەمارۆی ئابووریی ئێران و لە ئەنجامیشدا پچڕینی هەموو پێوەندییە دیپلۆماسییەکان.
ئێوە چۆن دەتوانن لەم جیهانەدا شتێک بگۆڕن کە لە پێشدا خۆتان بۆ ئامادە نەکردبێ یان هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ هەڵنەهێنن کە وڵاتێکی دی هەستی پێ بکا؟
هەر بۆیەش ڕەخنەم هەیە کە بۆ ئوتریش لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا و تەنانەت یەکیەتیی ئورووپا بۆ خۆیشی، بۆ ئاوا لە سەر ئەو پرسە هەڵوێستی گرت؟ ئێمە دەمانتوانی سوود لەوە وەرگرین و لەوێ (لەنێو یەکیەتیی ئورووپادا .و.) بە شێوەیەکی دی بجووڵاینایەوە تا بەوە نەگەین کە ئێستا (بە واتەی ئێران، ئەڵمان و دانمارک بێ کەلک و نەخوازراو بوون) ڕووی داوە، مەجبووریش نەدەبووین کە باڵوێزەکانمان لەپڕ و بە پەلە بنێرینەوە وێ، ئەوە بەڵگەی دەستەوستانی و هەژاریمان بوو کە دەمەویست ئیشارەی پێ بکەم.
ئاغای وەزیری دەرەوە! لە سەر بڕوا بە وڵاتی ئێمە، دەمەوێ بەپەلە دوو خاڵ لێک گرێ بدەم، تا چەند داواکاریی ئێمە قورسایی لە سەر "دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوە" داناوە؟ ئەگەر ئوتریش جێی بڕوا بووایە یان حیسابی لەسەر کرابایە (هەروەها سیاسەتی دەرەوەی) نەدەبوا بە دوو زمان بدوایە و دوو سیاسەت و بۆچوونی جیاوازی سیاسەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرەوەی هەبایە. ئەوە دروست نییە کە ئێوە لە مێشکتاندا داتانناوە کە بە هەموو لایەکدا دەڕۆن و هەموو شتێکیش باش دەبینن و لە هەمان کاتیشدا خەڵکی ئوتریش بریندار دەکەن، ئەویش ئەو خەتەی کە ئێوە بە کەمینەوە و هەر لەم ساڵۆنەدا شوێنی کەوتوون. ئەمن پێشنیار دەکەم کە سەرەتا ئێوە لەگەڵ هاوپەیمانەکانتان لە دەوڵەتدا، پێک بێن و پاشان بە پاڕلمانی ڕاگەیەنن، پێش ئەوەی هەنگاوی دواتر هەڵێننەوە. ئەوە زۆر پێویستە بۆ بڕوا بە وڵاتەکەمان (چەپڵەی لیبڕالەکان).

لە پرسی بڕوا بە وڵاتدا، وا دیارە کە پێویستە خاڵی کۆتایی پێوە گرێ بدەین، کە ئەگەرچی ئێوە، ئاغای وەزیری دەرەوە لێی بەرپرس نین، ئەویش لە سەر خۆکوشتنی مرۆڤێکە کە داکومێنتی زۆری لە پاش خۆی بەجێ هێشت کە لەواندا تووڕەیی زۆری لە ئەندامانی دەوڵەت و هەڵسوکەوتی ئابووری و سیاسی، تێدابوو. ئەمن ئەوە زۆر بە گرینگ و پێویست دەزانم کە دەتوانین چ ئاکامێک هەڵێنجین، ئەگەر ئەو تووڕەییە لەبەرچاو نەگرین؟ قەیدی ناکا بەوە بگەن یان نا! مرۆڤ دەبێ نەزمی کایە و چوارچێوەی مەرجەکان وا دامەزرێنێ کە سیاسەت لە ئابووری و بەتایبەت بانکەکان جیا بکاتەوە. هەر بەو هۆکارانە دەمانەوێ لە ئێوە، ئاغای وەزیری دەرەوە ئەمانە بزانین: چۆن ئێوە لە ڕاوێژی وەزیراندا تێ گەیەندران (ئەگەر ڕێم بدەن لەو وشە لە باوکەوتووە کەلک وەرگرم) کە لە سەر ئەم پرسە بڕێک "وەجووڵە" کەون؟ تا چەند ئامادە کراون کە بە سەر بڕیاری هەمەلایەنە و لە چوارچێوەی کاری خۆتاندا (ئەوانەش کە OVP دایسەپاندوون) زاڵ بن. یان تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە بڕێک ڕەخنەیان لێ بگیرێ کە لە چیمەنی زەویی خۆماندا کایە دەکەن؟ ئەوانە هەموو بە مافی نێودەوڵەتان و بڕوا بە ئوتریش بەستراونەتەوە. (زەنگی تەواوبوونی کات لێ دەدرێ).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرۆک هاینس فیشەر: وەزیری بەرژەوەندییەکانی دەرەوە ئامادەیی خۆی نیشان داوە، تکایە ئاغای وەزیر!

وەزیری دەرەوە و جێگری سەدری ئەعزەم، دوکتور وولفگانگ شوسێل:
سپاس ئاغای سەرۆک! خوشکان، برایان!
ئێوە ٦٠ پرسیارتان لە من پرسیوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێموایە لە من تێدەگەن. ئەمن لە سەرەتادا تێ دەکۆشم ڕووناکییەک بخەمە سەر ئەو مەیدانە تا مرۆڤ تەنیا بە وردەکارییەکانەوە سەرقاڵ نەبێ. پاشان تا لە دەرەتانمدا بێ وەڵامی ٦٠ پرسیارەکە دەدەمەوە، ئەگەرچی بڕێکیان پێوەندیی بە کار و ئەرکی وەزیری دەرەوەوە نییە، هەر ئەوەی کە بۆخۆتان لە سەرەتادا ئاماژەتان پێکرد. تێ دەکۆشم تا ئەو جێیە کە بتوانم بچمە سەر باسەکە.
کێشەی کوردەکان یەکێک لە پڕئازارترین مژارەکانی مێژووی مرۆڤە. کوردەکان نەتەوەیەکن کە ئێستا بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراون: سووریە، ئێران، عێراق و تورکیە (هۆلگیر باوەڕ: ئەگەر بە ئینساف بین، کۆمەڵگەی ڕەنگاوڕەنگ بڕێکیش جوانە!) ... ئەوان دەیان ساڵە بۆ خودموختاری شەڕ دەکەن، بۆ دەوڵەتی خۆیان، جاروبار بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی و، جاروباریش زۆری و توندی بەکار دێنن. چەند جار پێوەندی لەنێوان دەوڵەتان و ڕێبەریی کوردەکاندا بووە، بەڵام کوردەکان هەمیشە کێشەیەکیان بووە کە بۆخۆیان لەنێو خۆیاندا یەک نەبوون و بوونەتە دەستە و گرووپی لێک هەڵبڕاو. وتووێژێکی ئاوا لە ١٣ی ژوولای ١٩٨٩دا لە ڤییەن بەڕێوە چوو کە وا دیارە پیلانێک بووبێ. ئەوە وتووێژێکی فەرمی نەبووە و هیچ کەسیش ئاگای لەو وتووێژە نەبووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمن لەمماڵەدا و بە ڕاشکاوی دەڵێم کە پاش ئەو کوشتارە بەپەلە و زۆر زوو پرسیار کراوە کە بۆچی کارمەندانی ئەمنیەتیی ئوتریش نەیانتوانیوە ئەو دیدارە بەباشی بپارێزن. وەڵامەکەی زۆر ئاسانە: ئەوە دیدارێکی جێی بڕوای خۆیان بووە و کەس ئاگای لێ نەبووە.
باڵوێزی ئێران پاشان ڕایگەیاند کە ئەوانیش ئاگادار نەکراونەوە و بێگومان دەکرێ لە سەر ئەوە زۆر بدوێین. ڕێبەری ئەو کاتی کوردان و سکرتێری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، دوکتور قاسملوو و دوو هاوکارەکەی یان جێ بڕواکانی لەگەڵ سێ ئێرانی کەوتنە وتووێژەوە کە بە شێوەیەکی نافەرمی، ئەو سێ ئێرانییە، بە ئاگاداری و نوێنەرایەتیی دەوڵەتەکەیانەوە وتووێژیان لەگەڵ قاسملوو کردووە. ئێمە ئاکامەکەی دەزانین کە لە حەمامێکی خوێندا تەواو بوو. لەو سێ کەسە کوژراوە، یەکێکیان هاووڵاتیی ئوتریش بوو.
دەستڕێژ و کوشتاری ئەو سێ بکوژە کە ئێمە ئەمڕۆ داستانی جینایەتەکەمان تا لاپەڕەی کۆتایی خوێندەوە، ئەوەمان پێ دەڵێ کە یەکیان زۆر زوو دەرپەڕی و ئیتر دەستی پێڕانەدەگەیی، بە پەلە و بە شێوەیەکی نەزانراو هەڵات. دووهەمیان چونکی بە توندی بریندار ببوو لە نەخۆشخانە کەوتبوو، ئەویش پاش هاتنەدەرەوەی، زوو ئێرەی بەجێ هێشت کە دوایی دێمەوە سەری. کەسی ئاخر کە لە سەرەتادا دەیگوت لە کاتی ڕووداوەکە لەوێ نەبووە و چووە خواردن بێنێ (هەڵبەت خواردنەوە. و.). لە سەرەتادا تاوانبار نەدەدیترا، ئەو پاشان پۆلیسی بردبووە جێی کوشتارەکە و دواتریش چووە نێو باڵوێزخانەی ئێرانەوە. دیارە چەند مانگێک لەوێدا مایەوە و بە شێوەیەک کە بۆ ئێمە نادیارە (!؟ و.)، ئەویش ئێرەی بەجێ هێشت.
دیارە ئەو داستانە بۆ کارمەندانی ئوتریش و سیاسەتوانەکانی، خاڵێکی ئەرێنی نییە، بەڵام هەموو ئەو شتانە و ئەو وردەکارییانە ٨ ساڵ لەمەو بەر بە تێروتەسەلی قسەیان لە سەر کراوە و لە هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میدیاکانیشدا بڵاو کراونەوە. من ئەو پەروەندەم بە تەواوی خوێندۆتەوە (وێژەر بە قامکی گەورە و ئیشارە، ئەستووری پەروەندەکە دەنوێنێ)، ئێستا ناتوانم لەوە زیاتر یارمەتیدەرتان بم. سەرجەمی ئەو داکومێنتانە کە ئەمڕۆ "زۆر مەحرەمانە" ناو دەبرێن، ئەو کات لە میدیاکاندا بڵاو بوونەوە، دەست بە دەست گەڕان و ئەو کاتیش لە "فاکسیمیل"دا چاپ کران. پەروەندەی دادگا بۆ هەموو کەس و بەڕاستییش لە بەر دەستدا بوو، ئەوانە هەموو دەزانین و هیچ سەنەدێک پاش ئەوە نییە کە نوێ بێ.

تەنیا شتێک کە نوێیە، دادگای ئەڵمانە. دادگای بێرلین نموونەیەک بوو هەر وەکوو ئەوەی لێرە ڕووی دا، و لە ساڵی ١٩٩٢دا پشکنینی بۆ کرا کە لە ڕستۆرانێکی یۆنانیدا (هەڵبەت ئێرانی بوو. و.) و سێ کوردیان کوشتبوو. لەوێ سێ بکوژەکە گیران، لەوێ لە ژێر چاوەدێریی توندوتۆڵدا - یانی سێ هەزار مەئمووری ئەمنیەتی ئەو پرۆسەیان بەڕێوە برد- لێکۆڵینەوەیەکی ورد و تاقەتپڕوکێن، ئەو دادگایە پاش چەند ساڵ لێپرسینەوە و کۆکردنەوەی شاهید و بەڵگەی سەلمێنەر، توانیی بڕیار بدا. دادگایەکی سەر بەخۆ بڕیارێکی دا کە زۆر جێی سرنجە.

ئەو بڕیارە، سەرەڕای ئاڵۆزیی پڕۆسەکە تا دەسەڵاتدارانی هەرە سەرەوەی ئێران ڕۆیی (دوکتور شمیت: من ئەوەم بە بەڵگەوە خوێندەوە)،... ئەو داکومێنتانە ئەمانەن: وەکوو گرینگترین بەڵگە بۆ ڕوونکردنەوە، حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێرانە. هەر وەکوو لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا، وەزیری ئیتلاعات و ئەمنییەت (ئێران.و.) ڕایگەیاند کە: "ئەو دەنگە کپ دەکەین و بە پێی قسەکانی ڕێبەری ئێران، ئێمە نەتەنیا بە شێوەی سیاسی لەگەڵ حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران بە شەڕ دێین، بەڵکوو لە نێویان دەبەین". کوشتنی ئەو کاتی سکرتێرەکەیان دوکتور قاسملوو و دوو باوەڕپێکراوەکەی لە ڤییەن،


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر وەکوو ئەوە بوو کە لە بێرلین ڕووی دا. کارەساتی بێرلین ئاکامی ئەو کوشتارە پشتگوێخراوە و ئەو بۆچوونەیە. پەتی سووری لێک گرێدانی ڤییەن و بێرلین لە بەر چاو ون بووە!
یەکیەتیی ئورووپا زۆر زوو هەڵوێستی گرت. (لەمەودوا تەنیا باسی میکۆنووس و نەخشی ئوتریش و خۆی دەکا. و.) بۆ ئێمە بڕیاری دادگا ڕوون بوو، پێش ئەویش (بڕوای قووڵمان بوو بەڵام بۆ ڕای گشتی بڵاومان نەکردەوە) لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧دا وەزیرانی دەرەوەی ئورووپا لەو مەسەلە دوابوون. هەر لەو ڕۆژەدا کە بڕیاری دادگا ڕاگەیەندرا، باڵوێزەکانمان بانگ کرانەوە تا لەگەڵیان بدوێین و سیاسەتی داهاتووی ئورووپا لە ئاست ئێران بگۆڕین. پاشان بڕیاری سەرەکیی پارلمان دەرچوو کە ئەوان ئەو پرسەیان تاوتوێ کردبوو، ئەوان زۆربەیان لە سەر هێڵێک ساغ ببوونەوە، هەر ئەوەی کە من وەکوو نوێنەری ئوتریش، لە چوارچێوەی پەسەندکراوی پارڵمانی ئورووپادا دەبا هەوڵم بۆ بدایە کە بریتی بوو لە :
یەکەم، هاوکاریی تەواو لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا، کاری هاوبەش لەو یەکیەتییەدا بەتایبەت لەسەر پرسی گەڕاندنەوەی سەرۆکی ئەو گرووپە کە ئوتریشی بوو، بۆ تاران.
دووهەم، لێکۆڵینەوە لە شێوەکانی کاردانەوە دژ بە ئێران، لەگەڵ ئەوەش، پێشگرتن لە هەر هەنگاوێک کە ببێتە هۆکاری پسانی پێوەندیی وتووێژ لەگەڵ ئێراندا، کە وەلانانی ئێران بە تەواوی ببێتە هۆی ڕادیکاڵتر بوونی ئێران تا ئەو جێیەی کە لە بەرژەوەندیی یەکیەتیی ئورووپادا نەبێ.
سێهەم، دانانی گەمارۆی چەک و چۆڵ و ناساندنی ئەو ئێرانییانەی کە گومانیان لە سەرە یان کاری سیخوڕی دەکەن.
حەفتەیەک پاش ئەوە لە ٢٩ی ئاوریلی ١٩٩٧دا، لەو بارەیەوە لە ئاستی ئورووپادا باس و وتووێژ هاتە گۆڕێ. ئەمن تێ دەکۆشم لەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێژەی ئینساف و دادپەوەری لەو کێشەیە بدوێم کە ئێمە گەیشتینە کوێ (دەمەوێ لە سەر ئەوە پێ دابگرم کە بەتایبەت "نوێنەری ئوتریش") ئەویش ئەو بڕیارەیە کە پاڕلمانی ئورووپا پەسەندی کردبوو.
ئێمە لەوێ تەنیا مابووینەوە. مرۆڤ دەتوانێ لێرە و تەنانەت لە سەر ڕای کۆتایی پاڕلمان بە ڕێژەیەکی زۆر ئاسان قسە بکا و ئەوەی کە مرۆڤ دەبوا چی داسەپاندایە. لە نێو ١٥ ئەندامی ئورووپا، لە ڕاستیدا ئوتریش و یەک دوویەکی دی (ئەڵمان و بریتانیا) بوون کە داوای بڕیاری توندتریان دەکرد و ئێمە لە سەر ئەوە پێداگر بووین کە بڕیاری سەختتر و توندتر بدرێ. من ئەو کەسە بووم کە سوور بوو لە سەر ئەوەی کومیتەکە نابێ بە خاک ئەسپاردنێکی سارد و سڕی سیاسی بەڕێوە بەرێ، بەڵکوو لە ئاستی وەزیراندا قسەی لە سەر بکرێ تا بە ئاکامێکی شیاو بگەین. ئەمن لەلایەن هیچ کەسێکەوە فێر نەکرابووم کە لە سەر مافی مرۆڤ و فەرهەنگی سیاسی چۆن هەڵسوکەوت بکەم. خانمی پاڕلمانتار! (چەپڵەی VP  و SPO...) ئەم ڕوونکردنەوەیەی وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا، مانای هەیە و ئەمنیش دەبێ بیگەیەنمە پاڕلمانتارەکان. پێش ئەوەی بچمە لوکزامبوورگ، ئەو زەحمەتەم بە خۆم دا کە لەگەڵ هەموو فراکسیۆنەکان قسە بکەم و من ئەوەم بە ئاگاداریی ئێوە گەیاند کە ئێمە بە بۆچوونەکانمانەوە، تەنیا ماوینەوە، بەڵام ئەمن چاوەڕوانی دەکەم و ئەو ڕێگایە تاقی دەکەمەوە (ئەمن هەمووی ئەوانەم ڕاگەیاند و بە بێ ئەوە چاوەڕوانیم نەدەکرد کە چەپکە گوڵێک وەرگرم. ئەوە ئەرکی سیاسیی من بوو کە وەئەستۆم گرتبوو. بەڵام ئەمن هەموو فراکسیۆنەکانم ئاگار کردەوە و بڕوام وایە ئەو شتەی کە پێی گەیشتین زۆر زیاتر لەوە بوو کە لە سەرەتادا بیرمان لێ کردبۆوە.) ئێمە ئەوەمان سەقامگیر کرد کە "دیالۆگی ڕەخنەگرانە" تەواو بووە، ئێمە ئەوەمان سەقامگیر کرد کە هاتوچۆی ئەملاوئەولا لە ئاستی وەزیراندا بۆ ئێران یان هاتنی ئەوان،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتر نابێ بکرێ. ئێمە گەمارۆی چەکمان توندتر کرد. ئێمە ویزای ئەو خەڵکە ئێرانییانەمان ڕاگرت کە لە ڕێکخراوی جاسووسی یان ئەمنیەتیدا کاریان دەکرد. ئەوە بەو مانایەیە کە پەیمانەکان لەگەڵ ئێران دەبێ هەڵوەشێنەوە و ئیتر بیر لە شتی ئەوتۆ نەکرێتەوە. چالاکییەکی بە یەکەوە و هاوڕا دژی سیخوڕەکانی ئێران بەڕێوە بچێ. چاوەدێریی سیاسیی مودیرانمان لە ئێران بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێران بخەینە گەڕ. ئێمە وڵاتانی بەشدار لە ئورووپا و خۆرئاوای ئورووپا وەکوو قیبرێس و وڵاتانی هاوکارمان بانگهێشت کرد کە لەو پرۆگرامەدا بەشداری بکەن. وەڵامدانەوەی ئێران وەخەبەری هێناین. بۆ من ئەو پرۆسەیە (کە بڕیاری سەرەکییش هەر ئەوە بوو) داکۆکیی ڕاستەقینەی یەکیەتیی ئورووپای لە پشت بوو، بەڵام ئەمن هەر وەکوو لە کۆبوونەوەی وەزیراندا باسم کرد و پاشان خۆشم ڕامگەیاند، گەڕاندنەوەی باڵوێزەکان هەڵە بووە. وەڵامی ئێران پاش گەڕانەوەی باڵوێزەکان، لە سەر دانمارک و ئەڵمان، کە ئەوانی وەکوو نەخوازراو ناو برد، گومانی منی لە سەر بارودۆخەکە بە تەواوی سەلماند. لە سەر ئەوەش ئوتریش (پێش ئەوەی سەرەک کۆماری هولەند بڕیاری دا کە باڵوێزەکەیان نەنێرنەوە ئێران) یەکەم وڵات بوو کە پاش پرس و ڕا لەگەڵ ١٥ ئەندامی دیکەی یەکیەتیی ئورووپا، باڵوێزەکەی لە وڵات ڕاگرت (نەیناردەوە. و.) ئەمن ئەو پرینسیپە بە دروست دەزانم (چەپڵە لێدانی SPO و OVP)

دادگای بێرلین (ئەمن دەمەوێ لەم سەکۆیەوە بە ڕاشکاوی بڵێم) نەترسانە بڕیاری دا و لەوەدا قسە نییە. ڕوونی کردەوە کە ئەرکی دەوڵەتی نابێ ڕێگا بە تیرۆر بدا. پشتیوانیی یەکیەتیی ئورووپا پیشانی دا کە ١٥ ئەندامەکەی گوێیان لەو سیگناڵە بووە و تێی گەیشتوون و تێ دەکۆشن لە سیاسەتێکی ڕووندا جێی بۆ بکەنەوە.

ئێمە ئەگەر باڵوێزەکانیشمان نەنێرینەوە (ئێران)، نابێ پێمان وابێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە سەرەڕای هەموو تواناییەکانمان بەوە بگەین کە ئێران بەڕاستی و ڕاشکاوانە ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێ. ئێمە دەبێ بەو تێگەیشتنە بگەین کە پاراستنی سەلمان ڕوشدی یان فەرەجی سەرکووهی دەبێ مسۆگەر و پارێزراو بێ. ئێمە نابێ بەوە ڕازی بین کە مافی کەمینە دینییەکان بەتایبەت "بەهاییەکان" کە گرووپێکی بێ ئازارن، بکەوێتە ژێر فشارەوە. ئێمە نابێ گوێ لە قسەی ئێران بگرین کە لە گێرە و کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و پرۆسەی ئاشتیدا چ نەخشێک دەگێڕێ و ئێمە دەبێ لە سەر ئەوە بوێستین کە ئێران دەبێ توندوتیژی دژی ئوپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوە ڕاگرێ.

ئەمن دەزانم کە زۆربەی هێزە ئێرانییەکان بارودۆخەکە هەر وا دەبینن. ئێوە ڕەنگبێ بڕواتان وا نەبێ کە دەوڵەتی ئێران ئەوەندە وشک و هەڵەشە بێ کە هەوڵ دەدا تەنیا بەوەی ڕێبەرە سیاسییەکەی دەیهەوێ بگا. هەموو ئامڕازەکانی یەکیەتیی ئورووپا و ئوتریش دەبێ یەک کارتێکەرییان هەبێ، ئەویش بەهێزکردنی ئیعتیدال و ئارامکردنەوەی ئێرانە و لەو ڕێگایەدا، ئێمە و یەکیەتیی ئورووپا بە یەکەوە هەوڵ دەدەین. (چەپڵەی OVP وSPO) بەبێ ئێران یان دژ بە ئێران لە ناوچەدا هیچ ئاشتییەکی سەقامگرتوو نایەتە دی. ئەگەر ئێوە لە ئەفغانستان ئاشتیتان دەوێ، ئێران دەبێ هاوکارتان بێ. ئایا پێتان وایە کە نەخشی ئێران لە وڵاتانی ئاسیای ناوین گەشەی نەسەندوە؟ لە بیرتان نەچێ کە تەنیا بە هۆی ئێرانەوە لە لوبنان ئارامییەک هاتە ئاراوە، لە پێش هەموو شتێکدا فڕاکسیۆنی حیزبوڵڵا ئەم بوارەی ڕەخساند. ئەمن لەو بوارەدا و لە پێش هەموو شتێک وتووێژم لەگەڵ هێزە سەرەکییەکان کردوە و دەزانم (ئەوە زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم) کە وتووێژم لەگەڵ هاوڕێم ئالۆیس مۆک، سەرۆکی پێشووی "داد" سوودێکی باشی هەبوو، لەو بوارەدا وتووێژێکی ڕاشکاوانە و هاوکات لە دەرەوە لەگەڵ دۆستانی وڵاتانی دی کە هەمیشە هێزێکی تایبەتییان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ داوم، ئەوەش لە ساڵی ١٩٩٣دا یارمەتیدەرم بوو بۆ یەکەم دیالۆگی نێوان مەسیحی و موسوڵمانەکان. بە دڵنیاییەوە لەوێ سیاسەتوانان نەبوون، بەڵکوو ڕۆشنبیرانی دینی و ڕێبەرانیان بوون کە ناوبانگیان هەبوو و بە یەکەوە شتێکمان بۆ سەدەی ٢١ وەجووڵە خست. لە ١٤ ڕۆژدا ئەوەندە دۆستەم دۆزییەوە کە توانیمان ئەو دیالۆگە لە کۆنفرانسی دووهەمیشدا لە ڤییەن بەڕێوە بەرین. ئەمن دەبێ بۆ ئەو کارە سپاسی ئالویس مۆک بکەم.

ئەگەر ئێوە لە قسەکانیدا لەوانەیە جاروبار ئەو فشارەتان پیشان دابێ کە بەشدارانی دەوڵەتی ئوتریش بە یەکەوە لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتی پێک هاتبن، ئەمن لەم ماڵە بەڕێزەدا داوا دەکەم لەوە تێ بگەن کە ئەمن دەبێ لیبراوانە و زۆر ڕاشکاوانە ئەو تاوانانە ڕەت بکەمەوە (هیچ جیاوازی نییە کە ئێستا ئەوە ئالویس مۆک، زیگمۆند فۆریگەر یان فرانتس لۆشناک دەگریتەوە)(...چەپڵەی OVP وSPO ) دوکتور شمیت: (لیگەڕێ با ئێمەش تاقی بکەینەوە)... باشترین بەڵگە ئەوەیە کە ئوتریش هیچ کارێکی هاوبەش لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتی ناکا، نایەوێ بیکا و قەتیش نایکا، ئەوەی کە ئوتریش زۆر نەترسانە و بەتوندی نە وەکوو ئەوانی دیکە دەچێتە پێش کە بە ئەسپایی لەگەڵ ئەو پرۆسەیە هەڵسوکەوت دەکەن، ئێمە پشتیوانیی تەواومان لە هاوکارانی دانمارکی و ئەڵمانی کرد و لە ئاکامدا زیاتر لەوەمان بە دەست هێنا کە لە سەرەتادا وەئەستۆمان گرتبوو. ئێمە دەبێ ڕوونی بکەینەوە (ئەوە جێی گومان نییە، تکایە خانمی دوکتور شمیت! لەو شتانە ئاگادار بە! کە ڕێگا زۆرن بۆ ڕوونکردنەوەیەکی هەمە لایەنە و بێ ئەملاوئەولا. ئەمن ڕێز لە ئارەزووەکانتان وەکوو ئوپۆزیسیۆنی پاڕلمان دەگرم، بەڵام لەم ماڵەدا بیر و بۆچوونی دیکەش هەیە، هەروەها مرۆڤ پێویستە هاوکات بیر لەوەش بکاتەوە کە لە بیڕلین ئەوە پاڕلمان نەبوو کە بڕیاری دا، بەڵکوو "داد"ی سەربەخۆ بوو کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بڕیارەی دەرکرد (لانگتالەر: بەڵام لەلای ئێمە، ئێوە تاوانبارەکانتان ئازاد کرد)، ... پاڕلمانتار خانمی لانگتالەر! ئەگەر ئەمن لە جێی ئێوە بام، بڕێک چاوەڕوانیم دەکرد تا بزانم لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی داد و هەموو بەڵگەکانی وەزارەت چی دەردەخەن. هەر پێنج فراکسیۆن، تەواوی بەڵگەکان بێ کەم و زیاد وەردەگرن و ئێوەش مافتان هەیە ئاکامەکان تەنانەت لە باری سیاسییەوە هەڵسەنگێنن، هەر ئەو جۆرەی بۆخۆتان پێتان خۆشە (چەپڵەی SPO وOVP) (بڕامیولەر: ئێمەش دەمانەوێ ئەو بەڵگانە ببینین)... – ئاساییە، ئێوەش هەموویان وەردەگرن و دیارە قسەی لە سەر نییە.

خانمی شمیت! ئەگەر ئێوە لە ئاست مندا ئاوا بێ بڕوان، ڕێگام بدەن نامەیەک بخوێنمەوە کە لەوانەیە بۆ ئێوەش بەتایبەت، جێی سرنج بێ. ئەمن ناتوانم ئەو ڕەخنانەی کە بڕیاردەرانی وەزارەت و ساغبوونەوەی گشتی کە بواری چوونەدەرەوەی بکوژانی کوردەکانی ڕەخساند، لە پێش چاو نەگرم. ئاساییە کە وەکوو هەمیشە پێکەوە سازانێک (وەکوو ئێوە بیری لێ دەکەنەوە) لەنێوان کارمەندان و لێپرسراواندا نەبووبێ، (ئەوەی کە وەزارەتەکەی منیش دەگرێتەوە، دەتوانم بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕەت بکەمەوە کە دوکتور مۆک توانیبێتی ئەوە قبووڵ بکا یان ئەمری ئەوەی دابێ، یان هەر وەها فرانتس لۆشناک یارمەتیدەر بووبێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تا ڕادەیەکی کەم ڕومانتیکە تا ئەوەی تیۆریی پیلانێک بێت، "لە کاتێکی کورتدا کە دوو گومانلێکراو لە سێ گومانلێکراوەکان لە بەردەستی کارمەندانی ئۆتریشدا بوون، دادوەرێکی سەربەخۆ نەیدەتوانی حوکمی دەسگیری بە گومانی کوشتار دەرکا)، ئەوە ڕاستییەکەیە، ئێریش شمیت، باڵوێزی ئێستا لە دەرەوەی کارەکەی، ئەو کات سەرۆکی سیاسی و ئەمڕۆ ڕاوێژکاری دەرەوەی فراکسیۆنی لیبرالەکان، لە ڕاستیدا یەکەم کەس بوو کە دەبا زانیاریی بە ئێوە بدایە کە ئەو تاوانبارکردنانە بێ بنەمان. (چەپڵەی توندی OVP وSPO)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا، خوشکان و برایان!
وەڵامی ٦٠ پرسیاری جیاواز:
١- پرسیار: کەی وەزارەتی دەرەوە ئاگاداری کوشتاری ١٣ی ژولای بوو؟ وەڵام: ڕۆژی دوایی.
-2 پرسیار: کەی باڵوێزخانەی ئێران بۆ یەکەم جار پێوەندیی بە وەزارەتی دەرەوەوە کرد و کام تکاتان لێ کرا؟
وەڵام: لە ١٤ی ژولایدا و تکایان ئەوە بوو کە جێی مانەوەی "ئەجوەدی" ڕوون کەینەوە کە ون ببوو. _ئەو سێهەم کەسی جێی گومان بوو کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بوو_ ئەو سەری سەحراڕوودیی دابوو لە نەخۆشخانە. هەر وەها کاتی ئازادکرانی بوزورگیان کە لە چاوەدێری پۆلیسدا بوو.
٣- پرسیار: چەند جار باڵوێزی ئێران یان نوێنەرانی دەرەوەی ئێرانی لەگەڵ وەزیر یان جێگرەکانی لە ژولای تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩دا پێوەندییان گرت؟

سەرۆکی پارلمان، دوکتور هاینس فیشەر: ئاغای جێگر، دیارە ئەوە مافی ئێوەیە کە هەموو پرسیارەکان وەڵام بدەنەوە. ئەمن تەنیا ئەوەتان پێ دەڵێم، کە ئێوە لێبڕاو نین، چون هەموو پرسیارەکان لێرە دابەش کراون و بە پێی دەستوور لەبەرچاو دەگیرێن. ئەگەر پێتان خۆش بێ، دەتوانن وەڵامی هەموویان بدەنەوە.

دوکتور شووسێل: ئەمن وام زانی کە ئەوە وەڵامی پرسیارەکان ڕوونتر دەکاتەوە، بەڵام کورتیان دەکەمەوە. ئێستاش:
بۆ پرسیاری ٤، پاش لێکدانەوەی خۆم کە لەوانەیە زۆر تەواویش نەبێ _هەڵبەت لە وەزارەتی ئێمەش بە بەڵگە هەیە، ١٦ جار پێوەندی گیراوە _ لەگەڵ وەزیر نەبووە، قەت لەگەڵ وەزیر نەبووە- بەڵکوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ بەشەکانی پەراوێز، لێپرسراوانی پەراوێز و بەرپرسانی سیاسی و...هتد. هەروەها پێوەندیی زۆر لەنێوان باڵوێزی ئوتریش لە تاران و وەزارەتی دەرەوەی ئێران هەبووە.

پرسیاری 5، ئایا نوێنەرانی ئێران، داوایان کرد کە دەسگیریی بوزورگیان وەلا بنرێ و سەحرارِوودی و بوزورگیان بتوانن ئێرە بە جێ بێڵن؟ ڕێگەم پێ بدەن بدەن ئەوە کەمێک ڕوون کەمەوە چون دیسانەوەش سەحرارِوودی و بوزورگیان، تێکەڵ دەبنەوە. ئەمە ئاوا بوو، پێش ئەوەی سەحرارِوودی ئێرە بەجێ بێڵێ، لە ٢٢ی ژولایدا، هیچ حوکمێکی دەسگیری دژی ئەو لە گۆڕێدا نەبوو، ئەوەش هۆکارێکی بوو. ئەو پیاوە بە سەختی بریندار کرابوو. ئەمن ڕۆژنامەکانم لە بەردەست دایە، ئەمن بۆتان دەخوێنمەوە. لە ڕۆژنامەی "کرۆنن"دا ئەو هەواڵانە نووسرابوون: "کەسی چوارەم -کە سەحرارِوودی بوو- شانسێکی سەیر و باوەڕنەکراوی هەبوو. وێنەی گوللەیەک کە لە سەری درابوو و پاش تێپەڕبوون لە ددانەکانی، لە کولمیەوە هاتبووە دەر. لە برینی قووڵی ئەو، تیرۆریستەکان وا تێ گەیشتبوون کە بێهۆش کەوتووە یان مردووە و بۆیەش بەجێیان هێشتووە".

یەکەم حەفتە نەتوانرابوو کە سەحرارِوودی وەکوو بەشداری تاوان دەستنیشان بکرێ و تا چوونە دەرەوەی لە ئوتریش جێی گومان نەبوو، بۆیەش حوکمی دەسگیریی بۆ دەرنەکرا. (هانس هێلموت مۆزەر: لە وەزیر لۆشناک بپرسن، ئەوە ڕاست نییە) ئاغای پارلمانتار مۆزەر ! ئێوە پاشان بێ ئەوەش دەتوانن قسە بکەن، ڕێگەم دەدەن بە بێ ئەوەی ئێوە بنەڕێنن، وەلامەکانم بدەمەوە؟ ئەمن تەنیا دەمەوێ زۆر بەوردی ڕوونی بکەمەوە کە بۆ چی حوکمی دەسگیریی سەحرارِوودی نەدرا و بۆچی وەزارەتی دەرەوەی ئێمە جێی گومان نییە! بڕوای ئێرانییەکان لە حوکمی دەسگیریی بوزورگیان _ ئەوە ڕاستە_ لە زۆر وتووێژ و بەڵگەدا هاتۆتە گۆڕێ، هەروەها لە ئێران تا نیوەی ئاگووستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٩٨٩ لە وەزارەتی دەرەوەدا، و ئەوانەش لە بەڵگەنامەکاندا هەن. لە هەر وتووێژێکدا، کارمەندانی ئێمە، جا، چ بەرپرسی سیاسی، یان بەرپرسانی وەزارەت و جێگرەکانیان بووبێ، بەبێ بەستراوەیی بە وەزارەتی "داد" و دادگا، کاریان کردووە و ئەوەش لە ڕەنگدانەوەی چەند کاری ئەواندا دەبینم. بێگومان بواری وا هەیە کە باڵوێزێک بێ و سکاڵاکانی دەربڕێ یان هەڕەشەیەک بکا، ئەوانە وەڵامیان دراوەتەوە و پیشان دراوە کە "داد"ێکی بێلایەن و سەربەخۆمان هەیە و ناتوانێ لە سەر وەزارەتی دەرەوە یان نێوخۆ کارتێکەریی هەبێ (چەپڵەی OVP و SPO)

ئەمجار هاتینە سەر پرسیارەکانی ٦ و ٧ و ٨: لەلایەن ئێرانەوە گوترا کە پێوەندییەکانمان کەوتوونەتە ژێر فشارەوە، بۆ وێنە لە ٢٠ی ژولایدا، باڵوێزی ئێران گوتی کە خەڵکی ئێران _وەکوو هەڕەشەیەک_ لە ڕاگەیەندراوە ئوتریشییەکان هەستیان جووڵاوە _ وا گومان دەکرا کە هەر ئێرانییەک هەموو ڕۆژێک هەواڵەکانی ئوتریشی پێ دەگەیی_ و وەکوو هەڵوێستی دوژمنانە چاوی لێ کردووە (واتە خەڵکی ئێران. و.) بەرپرسانی سیاسی زۆر جار جەختیان لە سەربەخۆیی دادگا کردووە و ئێرانییەکانیان دڵنیا کردۆتەوە کە هیچ هەڵوێست و بۆچوونی دژ بە ئێران لە ئارادا نییە. لە ٣٠ی نوامبرِدا _ پاشانیش پرسیار کراوە_ لە تاران، وتەبێژێکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، دژی ئوتریش، ڕای گەیاندووە کە ناتوانن بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن تا ئەو کاتەی کە کۆنترۆلی پۆلیس لە ڤییەن – ئەوە باس لە هەڵوێستی باڵوێزخانەی ئێران دەکا- بۆ میدیای ئێران ڕوون بێ. لە سەر ئەوەش بەرپرسی مافەکانی باڵوێزخانەی ئێران ڕایگەیاند کە پێوەندییەکانمان بەو پێیە و بە جیددی وا بریندار دەبێ کە ئێران لێبڕاوانە بەرپرسیایەتیی مافی خەڵکانی دی و ئەمنییەتی باڵوێزخانەی ئوتریش لە تارانی دەکەوێتە سەر شان (یانی ناتوانێ بیانپارێزێ و لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاستیدا ناکەوێتە سەر شانی.و.).
لە برێک لە نووسراوەکانی "مۆک"دا _ تێلیگرافیکیش هەیە _ بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران، ویلایەتی، کە لەو بارەیەوە بەزەقی دیارە، کە بەڕێوەبەرانی قەزایی ئوتریش، زۆر بەوردی و بێلایەنانە ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاندووە. وەزارەتەکانی نێوخۆ و "داد" وەکوو هەمیشە کاری ئاسایی خۆیان و بەو شێوەی کە من بیر دەکەمەوە، زانیارییان لە سەر هەڵسوکەوتەکانی ئێران بە باشی ڕاگەیاندووە و هیچ بەشێک کارتێکەریی لەسەریان نەبووە.
بۆ پرسیاری ٩: ئایا وەزیرانی ئەو کات یان سکرتێر "کلێستیل" دەستوورێکیان دەرکرد؟
وەڵامێکی ڕوون: نا!
پرسیاری ١٠: ئایا بە شێوەیەکی نافەرمی یان فەرمی هەڕەشەیەک کرا؟ ئەوە بەو مانایەیە کە ئایا لەسەر ڕووداوی کوشتار قسە کرا؟
وەڵامێکی ڕوون، نا! خانمی پارلمانتاریست شمیت !
پرسیاری ١١: بە کام هۆکار، ڕێکەوتنێک لەنێوان وەزارەتی دەرەوە و باڵوێزی ئێراندا بەسترا کە بوزورگیان، سەرەڕای ئەوەی پۆلیس داوای ڕاگرتنی کردبوو، ڕێی پێدرا کە بگەڕێتەوە (ئێران.و.)؟
ڕاستییەکە بەڵام جۆرێکی دی خۆی دەنوێنێ. وەزارەتی نێوخۆ لە ١٥ی ژولایدا بە وەزارەتی دەرەوەی ڕاگەیاند کە پۆلیس زۆر بەپەلە بۆ لێپرسینەوە پێویستیی بە بوزورگیان هەیە. پێش ئەو بەڕێوەچوونە، باڵوێزخانەی ئێران بوارێکی ڕەخساند کە بوزورگیان بچێتە نێو باڵوێزخانەوە (یانی وەکوو دیپلۆمات، پارێزراویی سیاسی هەیە. و.) هەر لەو پێوەندییەدا "شمیت" بەرپرسی سیاسی _کە بۆ ئێوە بە باشی ناسراوە_ پرسیاری کرد کە ئایا ئەو کارە گونجاوە؟ وەزیری دەرەوە ئەوەی پێ گونجاو بوو. ئەوەش بە باڵوێزخانەی ئێران ڕاگەیەندرا. ئەو مەرجە ناسراوەش قەبووڵ کرا و زانرا کە ئیتر ناتوانرێ هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسیارێک لە بوزورگیان بکرێ. دیارە حوکمی دەسگیرییەکە بە وەزارەتی دەرەوە و بەشی بەرژەوەندییەکان ڕاگەیەندرابوو. لە قانوونی تاواندا، حوکمێکی ڕوون هەیە کە دەڵێ: دەکرێ لێپرسینەوە لەو کەسانە بکرێ و تەنانەت حوکمی دەسگیرییشیان بدرێ. ئەوە وەڵامی پرسیاری ١١ و ١٢ بوو، ئێستاش وەڵامی پرسیاری ١٣؛ وەزیری دەرەوە هەرگیز ئیسکۆرتی ئامادە نەکردووە، باڵوێزخانەی ئێران ڕایگەیاند کە هەڕەشەی کوشتن لە سەر سەحراڕوودی هەیە و چوون حوکمی دەسگیرییشی نەبوو بە ئیسکۆرتی ئەمنیی شیاو بردیانە فڕۆکەخانە تا فڕۆکە بیگەیەنێتەوە ئێران.

لە وەڵامی پرسیاری ١٤دا ئێمە هیچ زانیارییەکی پترمان بە لاوە نییە. بە پێچەوانە، پاش دانیشتنی وەزیران لە ٢٥ی ژولایدا، بۆ وێنە وەزیری نێوخۆی ئەو کات _ ئەوە پاشان و دوای گەڕانەوەی سەحراڕوودی بۆ ئێران بوو_ ڕایگەیاند کە بە پێی زانیارییەکانی وەزارەت، هیچ گومانێک دژی سەحراڕوودی لە ئارادا نەبووە. ئەو وەکوو شاهید چاوی لێ کراوە، نە وەکوو جێی گومان، لێپرسینەوەکانیشی هەر ئەوە پیشان دەدەن. گەڕانەوەشی بە ئیزنی دادوەرانی پشکێنەر کراوە. بەو پێیە ناکرێ لە ئیسکۆرتی وەزارەتی دەرەوە بدوێین.

پرسیاری ١٦ دەڵێ ئایا لە ١٦ی ژولایدا، دیدارێک لەنێوان وەزیر "لۆشناک" و "فۆریگەر" ، کلێستیل و بەرپرسانی بەرزی وڵات پێک هاتووە؟ هیچ زانیارییەک لە سەر دیداری ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، لە وەزارەتی نێوخۆ یان دەرەوەدا. ئەمن پێموایە ئەوە هەڵەی لێکۆڵینەوەکانی ئێوەیە.

پرسیاری ١٧دەڵێ ئایا دیدارێک لەنێوان ١٣ و ٢٢ی ژولایدا لە نێو وەزیراندا کراوە؟ ئێمە لەو بارەیەوە هیچ زانیارییەکمان نییە، پێموایە ئەوەش نەگونجاوە، چون وەرزی سەفەر و پشوودان بوو، لەو کاتەشدا هیچ کۆبوونەوەیەکی وەزیران نەگیراوە و لە وەزارەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوخۆشدا هەر نەبووە.

پرسیاری ١٨ دەپرسێ ئایا دانیشتنێک لەنێوان وەزیر لۆشناک، فۆریگەر، کلێستیل و کارمەندانی پایەبەرزی دەوڵەتی لە ٢٨ی ژولایدا هەبووە؟ ئایا کلێستیل بە دەنگی خۆی ڕای گەیاندووە کە ئەمن ئەو بەڵگانەم پشکنیوە؟

ئەمن بۆ خۆم ئەوانەم پشکنیون و قسەی ئەوتۆ هەرگیز نەکراوە (یەکێک لە لیبرالەکان ویستی قسە بکا) و ئاغای پارلمانتاریست! لە گۆڕێدا نەبووە. کۆبوونەوەیەکی ڕێکخستن بووە، ئەوە خۆئامادە کردن بوو، چون هەر دوو وەزیر، لۆشناک و فۆریگەر خۆیان بۆ پرێس‌کۆنفرانس ئامادە کردبوو و ئاساییە کە دەبووا ئامادەکاریی پێویستی بۆ کرابا و قسەی لەسەر کرابا. ئەمن بۆتان دەخوێنمەوە کە لەوێدا باسی چی کراوە:

وەزیر لۆشناک بە ڕوونی دەزانێ کە وەزارەتی دەرەوە، بەشی پاراستنی بەرژەوەندییەکان، هیچ خۆتێوەگلانێکی لەسەر گرتنی بوزورگیان نەکردووە. باڵوێزمان "شمیت" تەنیا لەسەر کرۆنۆلۆژیی وەزارەتی "داد" کە ئەوانیش بە باشی بۆ مەسەلەکە نەچووبوون، بڕیاری دا. بۆ خۆیشی بەو ئاکامە گەیی کە قسەکانی ـ پاش ئەوەی بوزورگیان چۆتە نێو باڵوێزخانەی ئێرانەوە ـ لەژێر کارتێکەریی پێوەندیی ئەو لەگەڵ وەزارەتی نێوخۆ و دادگادا بووە.

سکرتێر "کلێستیل" بە پێچەوانە ڕوونی کردەوە کە بە هیچ شێوەیەک لەلایەن بەشی سیاسیی دەرەوە دەستێوەردان و فشار نەکراوە و هیچ مەترسییەک، ئوتریشییەکان لە ئێران تووشی هەڕەشە ناکا، ئەوە لە هەموو لایەنەکانەوە پەسەند کراوە و وەزیر لۆشناکیش وەری گرتووە.

پاش ئەوە لە پرێس کۆنفراسێکدا، هەموو ئەم پرسیارانە کە ئێوەش هەتانە، وەڵام دراونەتەوە و زۆر بە باشی هەلومەرجی ئەو کات ڕوون کراوەتەوە. هەروەها وەزیری نێوخۆی ئەو کات شتێکی ڕوون کردەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە: ئەوەی ئێمە لە وەزارەتی نێوخۆدا بیرمان لێ دەکردەوە، ئەوە بوو کە هێشتا پێویستمان بە بوزورگیان و لێکۆڵینەوە لەو هەیە کە دەبێ وەزارەتی دەرەوە پێکی بێنێ.
جێگرەکانی وەزارەتی دەرەوە بڕوایان وابوو کە بەبێ حوکمی دەسگیری، کێشەکە چارەسەر دەبێ و فۆریگەر بەرپرس بوو. پرسیاری ڕۆژنامەنووسێک ئەوە بوو کە ئایا گیانی ئوتریشییەکان لە ئێران، لە مەترسی دایە؟ وەڵامی لۆشناک بە ڕوونی "نا" بوو، و بەو پێیە بەڕێوە چوو... ئەمن لەسەر ئەوە تەنیا دەڵێم: کە ئەو دانیشتنە نەتەنیا ڕێکخستنی پرێس کۆنفرانس، بەڵکوو ڕوونکردنەوەی مەنتیقیی هەموو ئەو بەڵگانە بوو کە لەبەردەستدا بوون.
پرسیاری ٢٠ی ئێوە هەتا پرسیاری ٢٣ زۆر سەختن، ئەوانە ٤ پرسیاری سەختن چوون باسی پرۆتۆکۆلێک دەکەن کە لە بەر دەستماندا نییە.
ئەمن لێرە دەبێ ڕوونی بکەمەوە و ڕووکەشە نهێنییەکان وەلا دەم: پێش هەر دانیشتنێک، لە پێشدا قسە کراوە، ئەوە پێشقسەی سیاسییە کە هەموو زانیارییەکان دەگۆڕدرێنەوە. ئەوە وتوویژێکی ئاساییە کە بەشداران ئاڵوگۆڕی زانیاری و هەلومەرجی هەنووکەیی بکەن.
ئەو پرسیارە بۆ دەوڵەت نییە و دیاریشە کە دەتوانێ لەو بارەیەوە، پرۆتۆکۆڵێک نەبێ. بەڵام پاشان لە کۆبوونەوەی وەزیراندا، پرۆتۆکۆڵێک هەیە کە ئێستا لە دەرەوەی باسەکەی ئێمەیە و ئەمن ناتوانم لەسەری بدوێم. ئەوە باسی ٨ ساڵ لە مەوبەرە.
ئەو کات ئەمن تازە وەزیری ئابووری بووم و توانیم لەگەڵ چەند وەزیر لەو بارەیەوە بدوێم، تەنیا دەتوانم برێک لەو باسانە بۆ ئێوە بگێڕمەوە. لەسەر هەلومەرجی هەنووکەیی، سێ جار قسە کراوە: لە ٢٥ی ژولای، ٢٢ی ئاگوست و ٢٨ی نووامبڕدا _تەنیا پرسیارێک هەڵەیە، چوون لە ١٨ی ژولایدا هیچ دانیشتنێکی وەزارەت نەبووە_

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە یەکەمین دانیشتنی کۆتاییەکانی ژوولایدا، وەزیری نێوخۆ، تا ئەو جێیەی لەبیرمە ڕایگەیاند _ئەوە ڕاپۆرتی منە کە کەسێکی دی دەتوانێ بە ڕەنگێکی دی بیبینێ_ لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس لەسەر کوشتارەکە لەبەردەست دان و هیچ برینداریێکیش جێی گومان نییە. ئەو (واتە سەحراڕوودی. و.) سەرەتا لە نەخۆشخانە بوو و پاشان بە فڕۆکە گەڕایەوە ئێران.

ئەوە زۆر شتی دیکەش ڕوون دەکاتەوە، ئەوەی کە هەر دوو ئێرانییەکەی دیکە لەلایەن باڵوێزخانەی ئێرانەوە تێوە گلابوون. وەزارەتی نێوخۆ هەوڵی دا کە حوکمی دەسگیرییەکان بباتە پێش، ئەوەی کە بەداخەوە لەلایەن پشکنینی دادوەرەوە پەسەند نەکرا و بۆیەش کاری لێکۆڵینەوە زۆر بە کاوەخۆ چووە پێش (ئەوەی لەسەر ڕاپۆرتی ئەو کاتی وەزیری نێوخۆ لە بیرم ماوە)، مانگێک پاشتر، وەزیری داد بەیانییەیەکی کورتی دا. ئەو جارێکی دیکەش سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەوکات (بەڵام ئەوە کۆتایی مانگی ئاگوست بوو) سەحراڕوودیی بریندار گومانلێکراو نەبوو، چون ئەو بە توندی بریندار ببوو، ئامادەی لێپرسینەوەی پۆلیس بوو و چونکی جێ قامکی لەسەر چەکەکان نەبینرابوو، ئەو وەکوو قوربانی دەبینرا نە وەکوو تاوانبار. کارمەندانی داد ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە کە حوکمی دەستگیریی بوزورگیان وەرگرنەوە یان نا! و وەکوو شەشەمین لایەنی بەشدار، هاتنە سەر ئەوەی کە باشترە وەزارەتی داد خۆی لەو کارە وەرنەدا. لە کۆتاییدا لە ٢٨ی نووامبر، وەزیری دادی ئەو کات "فۆریگەر" ڕایگەیاند کە تێڕوانینەوەکان دەری دەخا کە بۆچوونەکانمان تا ئێستا لە جێی خۆیاندا نەبوون و هیچ گومانێک لەسەر ئەو سێ بەشدارە نییە کە ئەو کات قسەیان لەسەر کرابوو. هیوادارم کە ئەو پرسیارەی ئێوەم بەپێی نەزم و ئاستی لێپرسراوەتیم و بەدروستی وەڵام دابێتەوە.

لە بارەی پرسیاری ٢٤وە ناتوانم بدوێم، چون شریتی تۆمارکراوم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەردەستدا نییە. ئێمەش خۆمان لەو کێشەیەوە نەگلاندووە تا بتوانم لەو پرۆسەیە بدوێم. هەر ئەو وەڵامەش بۆ پرسیاری ٢٥، کە وەکوو هەموو جێیەکی دی ئەو خاڵانە (هەر وەکوو باسم کرد) پێوەندیی بە وەزارەتی نێوخۆوە هەیە و تا ئەو جێیە کە گونجاو بووە، ئەوانیش زانیارییان داوە بەبێ ئەوەی فشارێکیان لەسەر بێ.

لەسەر پرسیاری ٢٧ و ٢٩؛ تا ئەو جێیەی دەست بە بوزورگیان ڕادەگەیشت، کە لە باڵوێزخانەی ئێراندا ڕاگیرابوو، چەند جار بە باڵوێزخانە ڕاگەیەندرابوو کە مانەوەی ئەو لە باڵوێزخانەدا، هیچ مافێکی قانوونیی لە پشت نییە و ئەو دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو تاوانەی کە کارمەندانی داد بۆی چوون، وەڵامدەر بێ. هەنگاوەکانی پاشان، دژکردەوە و لافاوی باڵوێزخانەی ئێرانی بە دواوە بوو کە دژی ئەو بۆچوونە ڕاوەستابوون.

پرسیاری ٢٧، ئەوە کاری کارمەندانی ئەمنی بوو، نە BMfA . (پارمانتار شمیت: ئێوە بەسەر پرسیاری ٢٥دا تێ پەڕین)، ئەمن گوتم کە ئێمە بە وەزارەتی نێوخۆمان ڕاگەیاند، ئەوەش پرسیارەکە بوو. (پارلمانتار بارمویلەر : دەی بوو بە چی؟ پارمانتار شمیت: دەی باڵوێزخانەی ئێران چ کاردانەوەیەکی هەبوو؟)، ڕێم دەدەن جارێکی دی لێی بڕوانم ؟ ئەمن پرسیارێکم لەبیر کرد، جارێکی دی دێمەوە سەری.

پرسیاری ٣٠، ئەو پرسیارە ڕاستە کە ئایا سکرتێر "کلێستیل" لە ٢٨ی نوامبردا، داوای ڕوونکردنەوەی لە وەزارەتی نێوخۆ کردوە؟ بەڵام بە پێی زانیاریی ئێمە، ئەوە نازانین.

پرسیاری ٣١، بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بڕێک خۆم ئامادە کردووە. وتووێژی پێشتری ئێمە لەگەڵ هاوکارە ئێرانییەکانمان، ئەوە بوو کە خەڵکی ئێران لەوە تێ نەدەگەیشتن کە زۆر شت لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نییە، ئەوەش بێگومان لەلایەن وەزارەتی نێوخۆوە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاگەیەندرا، بەڵام نە بەو نێوەرۆکە، کە " ئێوە دەبێ شتێکی تر بکەن"!
پرسیاری ٣٢، سکالا و هەڕەشەکان وەکوو دەگوترێ و ئەوەی بە بەشە پێوەندیدارەکان ڕاگەیەندراوە، هەر ئەوەیە کە بۆ زانیاریی کارمەندانی خۆمان بڵاویان کردۆتەوە، و ئەویش دەڵێ کە: تکایە! بە دەنگ بڕیار بدرێ! و بە داخەوە شتێکی گرینگی ئەوتۆ بە نووسراوە لە بەر دەستدا نییە.
پرسیاری ٣٣، کە ئایا پاش ٢٢ی ژولای (ڕۆژی گەڕانەوەی سەحراڕوودی) پێوەندییەک لەنێوان وەزارەتە جیاوازەکاندا هەبووە؟ بەتایبەت لەنێوان کلێستیل و دیرکتۆری ئەمنییەتی گشتیی دانتسینگەر؟ بێگومان ئەو پێوەندییە هەبووە. سکرتێری گشتیی ئیدارەی دەرەوە پێوەندیی پەیتاپەیتای گرتووە، بە تەواوی و بەبێ بەستراوەیی بە لایەنەکانی دیکەی پێوەندیدار یان بێ پێوەند بەو کێشەیەوە، بە تایبەت لەگەڵ دیرکتۆری ئەمنییەتی گشتی یان کەسایەتییە پێوەندیدارەکانی دیکە.
پرسیاری ٣٤، ئایا دیرکتۆری ئەمنییەتی گشتی، دەستووری چاوەدێریی وەکوو چەشنێک "چاو نووقاندن" لەو مەسەلەیە داوە و لە پێنجی دیسامبری ١٩٨٩دا لەسەر کەمکردنەوەی چاوەدێرییەکان، لە پێوەندی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەدا بڕیاری داوە؟ مرۆڤ دەبێ ئەوەشی لە بەرچاو بێ کە باڵوێزخانەی ئێران، چۆن تووڕە بوو. چون ئاساییە کە ئەو هەلومەرجە زۆر جێی دڵخۆشی نەبوو. ئەوە وا بوو کە وەزیرێک و دوو ئەندامی پارلمان، بە دەمانچەیەکەوە بتوانن ڕێگە لە وان بگرن. باڵوێزخانە شەو و ڕۆژ لە ژێر چاوەدێریی ئەواندا بوو، ئەوەش ئەوانی نیگەران کردبوو. پۆلیسەکان لە دەوری دیوارەکانی کۆببوونەوە هەر وەکوو ئەوەی کە گومانلێکراویان دیتبێ. هەمووی ئەمانە لە توێی وتووێژەکانی ئیدارەی دەرەوە و وەزارەتی نێوخۆ ڕاگەیەندراوە. وەزارەتی نێوخۆ بە پێی زانیارییەکانی، کاتی چاوەدێریی کورت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردەوە، چونکە نەدەکرا ئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ بەڕێوە بچێ. بەڵام هەتا کۆتایی، شەش کارمەند لەوێ مانەوە. ئێمە پێش هەموو شتێک گومانمان لەوە هەبوو کە لە کاتی کورتکردنەوەی چاوەدێرییەکاندا، گومانلێکراو، بوزورگیان زۆر دەمێک بوو وڵاتی بە جێ هێشتبوو، ئەوەش پرسیاری ٣٤.

پرسیاری ٣٥، ئێمە ئەوە نازانین و هیچ قسەوباسێکیش نەبوو. ئێمە وای بۆ دەچین کە بەڕاستی بەڕێوەبەری ئەو کارەساتە بووە.

پرسیاری ٣٦، ئێمە، زۆر ئاساییە کاتێک تێگەیشتین کە گومانی سەرەکی لەکوێ دایە، بوزورگیانمان لەبەرچاو بووە. سکرتێری گشتیی ئەو کات کلێستیل لە وانەیە نەخشی خۆی بە دڵاوایییەوە و بە شێوەیەکی ئەرێنی و ڕوون بەجێ گەیاندبێ. لەسەردانێکدا لە ٢٨ی ژوولی ١٩٩٠دا، زۆری پێداگری لە سەر ئەوە کرد کە زۆر گرینگە بوزورگیان خۆی بە دادگای ئوتریش بناسێنێ و ئەوەش لەلایەن کارمەندانی ئێرانەوە ڕەت کرایەوە.

پرسیاری ٣٧، پێموایە ئەو پرسیارەم زۆر بە ڕوونی بە "نا" وڵام دایەوە کە کەسێک لە دەوڵەتی ئوتریش یان کارمەندێک بە ئاگادارییەوە یان نا ئاگایانە، بەشداریی ئەوەی کردبێ کە بکوژەکان ئازاد بن.

پرسیاری ٣٨، ئەوە پرسیارێکی جێی سرنجە، کە ئایا ئێمە پێوەندییەک لەنێوان مافی مرۆڤ و پەرەپێدان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا دەبینین؟ خانمی پارلمانتار، شمیت؛

من تکام ئەوەیە کاتێک مرۆڤ گومانێکی ئەوتۆی هەیە کە وەزیرێکی ئوتریشی یان کارمەندێکی باڵا، مافی مرۆڤ کەمتر و خوارتر لە پێوەندیی ئابووری دەبینێ، هیچ نەبێ فاکتێک لە کارمەندێک بێنێتەوە. (ئەگەر مرۆڤ بەو بڕوایە گەیشتبێ، و لەلایەن ئێمەشەوە ئەو فراکسیۆنانەی کە خاوەن بڕوان) ئەگەر مرۆڤ بە شوێن ڕاستییەکاندا بگەڕێ، دەبێ ئەم ڕاستییانەی خوارەوە بخاتە بەر چاو:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەساڵی ١٩٩٠دا ئێمە ٣،٨ میلیاردمان بە دەرەوە فرۆشتووە، لە ساڵەکانی ١٩٩١ و ١٩٩٢دا بۆتە ٤ میلیارد. لە ساڵی ١٩٩٣دا تەنیا ٣،٣ میلیارد و ساڵی ١٩٩٤ تەنیا ٢،٧ میلیارد و لە ساڵی ١٩٩٥دا ١،٧ میلیارد. ئەوەش کە هاوردە کراوە ١،٢ میلیارد بووە. ئەوە هەر کەمی کردووە، بە قسە و نووسراوە. ئەمڕۆ گەیشتۆتە ٤٥٨ میلیۆن شیلینگ. ( تکایە لە پێوەندییەکی گەورەی ئابووریی ئوتریش بە ١،٧ میلیارد شیلینگ نێردراوی دەرەوە لە ساڵی ڕابردوودا و بە پێی ڕاگەیەندراوی قسە و نووسراوی بەشەکانی دەرەوە، ١٢٠٠ میلیۆن شیلینگ باس کراوە. ئەوە جێی پێکەنینە ئەگەر بڕواتان بە ئەخلاقی ئوتریش نەبێ، هیچ نەبێ ڕۆشنبیر بن (چەپڵەی OVP و SPO) پارڵمانتار ئۆلینگەر: دەی ئەژمارەکان. ئەوە کۆنترۆڵ کراوە، هەموو ئەژمارەکان کە من ناوم بردن، یان بە سوود یان بە زیانن، وەکوو هەمیشە کە چۆن پێتان خۆشە بیانبینن، بەڵام بە ئاسانی جێی کۆنترۆڵن. (پارلمانتاریست ئۆلینگەر: ٨٩ )

پرسیاری ٣٩، هەر وەکوو ئیشارەی پێکرا، سەفەری ڕێکخراوی "یارمەتیی مرۆڤانە"ی ئوتریش بۆ ئێران لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠دا، لە ژێر فشاری سەفەری کلێستیل، سکرتێری گشتیدا، کە بۆ خۆیشی سەفەری کردبوو و هەوڵی دابوو داشقەکەی بە پەلە بگەیەنێتە مەنزڵ، لەلایەن ڕێبەری ئێرانەوە بەبەردی گڕانیت پێ کرا.

پرسیاری ٤٠، ئالویس مۆک لەسەردانەکەیدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر ئەمساڵ واتە ١٩٨٩، ئیشارەی بەوە کرد کە نامەی نووسیوە، تێلێگرامی ناردوە و ئێستاش ئەو پرسیارانە هەر دێنەوە سەر ڕێی وتارەکانمان (مەبەستی وتووێژی مۆک لەگەڵ ویلایەتی، وەزیری دەرەوەی ئێرانە . و.)

پرسیاری ٤١، تکایە! بمبوورن، بەڵام ئەوە بۆ من بەڕاستی ئاستەمە کە ئێستا بزانم لە کام سەردانی دەوڵەتیدا باسی کوژرانی کوردەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکراوە، بەڵام بە پێی بەڵگەکان وای بۆ دەچم کە هەموو پرسیارەکان بەباشی و تەواوی باس کراون و وڵامیان دراوەتەوە. ئەوە بۆ پرسیاری ٤٢ش وەڵامە، کە مافی مرۆڤ لە ئێراندا چ نەخشێک دەگێڕێ. هەر جارێک و بە هەر شێوەیەک و لە پەراوێزدا یان ڕاستەوخۆ، بەرەخنەی توند، یەکیەتیی ئورووپا هاتۆتە سەر ئەو مەسەلەیە.

پرسیاری ٤٣، ئەمن پێموایە، لەسەرەتای وتەکانمدا ئیشارەم بەوە کرد کە چ ئاکامێکم لە بڕیاری دادگای میکۆنوس، وەرگرتوە.

پرسیاری ٤٤، ئەمن هیچ هەڕەشەیەک لەسەر ئوتریش نابینم. ئوتریش بەو شتانە ناکەوێتە بەر مەترسی. بەڵام لە ڕاستیدا مەترسییەک دەبینم ئەویش بۆ ئێران، سیاسەتی من ئەو لایەنانە بەهێز دەکا کە لە دیالۆگ دەگەڕێن، نە وەکوو پێواژۆخوازەکان.

پرسیاری ٤٥، تکایە خۆشباوەڕ مەبن، نە بە پرسیارەکە و، نە بە وڵامەکەی من. بڕوام وایە کە ئەو هەنگاوانەی لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە هەڵێنراونەوە، گرینگترین سیگناڵی ئەرێنی بوون لەم ئاقارەدا، ئەوەش زۆر باش بوو کە هەموو وڵاتانی ئورووپایی بە یەکەوە هەڵوێستیان گرت، نە وەک هەر کام بۆ خۆی.

پرسیاری ٤٦، ئەمن بەڕاشکاوی پێتان دەڵێم: گەمارۆی ئابووری، ئامرازێکی باش نییە. بەپێی ئەزموون دەبینین کە ئەوە لەسەر لاوازترین خەڵک کاریگەری دادەنێ و ئەوە ئاکارێکی بە پەلەیە، تەنانەت ئەگەر دژی ڕێبەرێکی سیاسی یان مەزهەبی لەم جیهانەدا، ڕەچاو بکرێ.

پرسیاری ٤٧، پێموایە ئەم پرسیارەم لەسەر گەمارۆی ئابووریی ئورووپا، وڵام داوە.

پرسیاری ٤٨، بە کام هۆکار، وەزیری دەرەوەی پاڕلمانی ئورووپا، گەڕانەوەی باڵوێزەکانی (بۆ ئێران. و.) بە ئەنجام گەیاند، کە هەر ئێستا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیشارەم پێکرد. ئێمە پێشمان بە ئێوە گرت کە پرسیاری باڵوێزەکانی دانیمارک و ئەڵمانتان هێنایە گۆڕێ و لە پرسیاری ٥١ یشدا هاتووە کە تەنیا جێی سرنجی ئێران بوو.

پرسیاری ٤٩، ئەوە لە ڕاستیدا تێبینییەکی جێی تێنەگەیشتنە لەلایەن "ویلایەتی"یەوە کە ڕەچاونەکردنی "گەمارۆی ئابووری" شکستێکە بۆ ئامریکا. چون ئامریکا نە لەگەڵ ئێمە لەو بارەیەوە دوابوو و نە ئەوەشی بە شکستی خۆی زانیبوو. ئەمن پێموایە کە ئێمە ئەو سنوورەمان ڕاگرتووە کە لەنێوان ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا هەیە، هەڵبەت نە لەسەر گەمارۆی ئابووری، بەڵکوو لەسەر هەڵوێستی سیاسیمان.

پرسیاری ٥٠، پێموایە ئێمە دەبێ هەموو ئەو خاڵانە بە یەکەوە بدەینە بەر سرنج، هەر وەکوو لەسەرەتادا گوتم. ئێمە خۆمان بەوە زۆر سووک ناکەین، ئەگەر هەمووی ئەوانەمان دژی ئێران بە کار بێنایە. (چەپڵەی OVP و SPO)

پرسیاری ٥٢، ئەوە زۆر ئاساییە کە پاش تێپەڕبوونی ئەو کارەساتە، پرسیارمان هەبێ. پێموایە پاش تێپەڕبوونی کات، شتەکان ڕوونتر دەبن. سەرەڕای هەموو شتێک، پێموایە هەموو شتێک بە دروستی بەڕێوە چووە و پاڵپشتیی یەکیەتیی ئورووپاش بە ڕاست دەقەبڵێنم. ئێمە زۆر باش و بە دروستی جووڵاینەوە و هەڵەمان نەبووە. بە پێچەوانە، پێموایە ئەوە زەنگێک بوو بۆ ئێران کە ئەگەر هەنگاوێک باوێژێ یان کردەوەیەکی ناڕاست بکا، لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە وڵام وەردەگرێتەوە. (دوکتور شمیت: پرسیاری ٥١ تان بە جێ هێشت.)

– لە ڕاستیدا، گوتم: لەسەر هەڵوێستی ئێران کە بۆ چی لەسەر باڵوێزی دانمارک و ئەڵمان، بۆچوونی "نەخوازراو"ی دانا و بۆ ئەوانی دیکە نا! ئەمن هیچ ئاگادارییەک ناتوانم بدەم و زانیاریی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم زۆر کەمن. ئەو پرسیارە کە هەرچەند زۆریش پێم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆش بوو وڵامی بدەمەوە بە هۆی کەمیی زانیاریمەوە ناتوانم وڵام بدەمەوە. (چەپڵەی OVPو SPO) بەڵام ئەگەر پێتان وابێ باڵوێزی ئوتریش بە هۆکاری تایبەتی، خۆی نابێتە لایەنێکەوە، بە ڕوونی و بە "نا" وڵامتان دەدەمەوە. لە وتووێژەکانمان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئێران، بە ڕاشکاوی پێیان گوتین کە باڵوێزخانەی ئوتریش لە تاران ڕەخنەیان لێگرتووین (ئەوە فەرهەنگی ئێمە بوو، بەڵام لە ئێران ئوپوزیسیۆن نەبوو) و کردەوەیان پیشان داوە. ئەو گومانە لە جێی خۆیدا نییە و ئەمن لێرە بە دڵنیاییەوە وەلای دەنێم.
پرسیاری ٥٣ تا ٥٧، ئەو پرسیارانە پێوەندییان لەگەڵ بەڕێوەبردنیان نییە. ئەمن دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە چی قەوماوە. ڕۆژی ٢٤ی ئاپریل بۆ کۆبوونەوەی ناتۆ بانگهێشت کرام. ئەو کۆبوونەوەیە بۆ قسە و هەڵوێستی ئاخر نەبوو. بۆ ئەو کۆبوونەوەیە کەسانێکی پایەبەرز لە هەموو جیهانەوە بانگهێشت کرابوون کە لەسەر ناتۆ بدوێن. لەگەڵ من کەسانێک هەبوون وەکوو کیسینجێر، سەرۆکی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، یووری باتۆرین، ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگریی ڕووسیە. لەگەڵ ئەوەش، دەتوانم بڵێم کە ئەوانە وەکوو کەسایەتیی سەربەخۆ بانگهێشت کرابوون. ئەوان نوێنەری دەوڵەتەکانیان نەبوون، بەڵکوو بۆچوونی خۆیان دەربڕی، هەر بۆیەش بانگهێشت کرابوون. ئێوە دەتوانن بڕوا بە من بکەن کە هینڕی کیسینجێر قسەی خۆی لەسەر هەلومەرجی ئەمڕۆ دانەڕشتبوو، دەتوانن بڕواشم پێ بکەن کە یووری باتورین قسەکانی لەگەڵ "دوما" (پارلمانی ڕووسیە. و . ) ئامادە نەکردبوو. ئەوانە زۆر جێی سرنج بوون کە باسەکەیان نەرمونیانتر کردەوە. ئەو کۆنفرانسە زۆر گرینگ بوو بۆ سیاسەت و پرسی نیزامی و بەشداریی نوێنەرانیان لە ناتۆدا، و بەشداریی هاوکارەکانیان بۆ دابینکردنی ئازادی. ئەمن بە پێچەوانەی ئێوە، پێموایە، ئوتریش بۆ ئەوە بانگهێشت نەکرابوو کە ئێوە بیری لێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەنەوە. ئێوە ئەگەر قسەکانی من بخوێننەوە، تێدەگەن کە قسەی "ئوتریش" لە بیر نەچۆتەوە، بەڵام ئێوە هێشتا لە پرسیارەکانتاندا هەر باس لەوە دەکەن.

ئەمن بەو ڕاستییە گەیشتووم کە جێی مشتومڕیش نییە. ئەویش پێوەندیی نزیکی یەکیەتیی ئورووپا، ئورووپای ڕۆژهەڵات، OSZE و ناتۆیە. دەی بۆ پێتان وایە کە لەنێو یەکیەتیی ئورووپا و لەنێو کۆنفڕانسێکی ئەوتۆدا و لەنێوان ٦ وڵاتدا، پێشنیارێکی ئاوا بە کەڕ و کوێری تەواوی یەکیەتیی ئورووپا و ئورووپای ڕۆژهەڵات بکێشیَ؟ پرسیاری منیش لە کۆنفڕانسی دەوڵەتاندا بۆ هەر پرسێک هەمیشە ئەوە بووە کە : ئایا لەگەڵ ناتۆ لە پێشدا وتووێژ کراوە؟ ئایا ناتۆ بەوە ڕازییە؟ لەگەڵ ئامریکاش قسە کراوە؟ ئەوە چ سوودێکی لە داهاتوودا هەیە؟ ئەمن پێموایە، ئەو پرسیارانە گرینگ و پێویستن، ئەگەر هەر دامەزراوە و لایەنێکی جیاواز بە یەکەوە هەوڵی بۆ بدەن و بەپێی پێویست بە کردەوەیان بکەن. ئەوانە پێش کۆبوونەوەی مادرید بیریان لێ کرابۆوە

ئەمن باسی هەڵوێستی ڕەسمی ناکەم، بەڵام ڕوونم کردەوە کە هێڵی دەوڵەتان لە کوێیە و بڕوای خۆشم دەربڕی و پێموایە باسکردن لە بەرژەوەندیی گرینگ لە جێی خۆیدا نییە. ئێوە دەبێ دڵنیا بن کە دەوڵەتی ئوتریش لێرە بە یەک دەنگ دەدوێ.

دەبێ بڵێم کە ئێمە لەم دانیشتنە داین (و ئەمڕۆ ئێمە لەگەڵ وەزارەتیش ئەم باوەڕانەمان بەهێزتر کرد) و بەو ئاکامە گەیشتووین کە زۆر پێشتر و لەسەرەتادا نەخشەی داڕێژراومان هەبووە و پێش هاوین لەسەر ئەم ڕاپۆرتانە کارمان کردووە تا لە پاڕلماندا بیانخەینە بەر چاو. ئەوە بەو مانایەیە کە هێشتا نەگەیشتووینە کۆتایی، بەڵام پێموایە کە دەسپێکی لێدوان لەسەر سیاسەتی ئەمنی، عاقڵانەیە، ئەگەر ڕاستگۆ بین و بە شێوەیەکی عادیلانە بەڕێوەی بەرین. لەگەڵ ئەوەشدا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داواکاری و تێبینییەکانتان لە قووڵایی دڵەوە وەردەگرین، هەر وەکوو فڕاکسیۆنەکانی دیکە و میدیای ئوتریش.

تەنیا پێموایە ئەگەر ئێمە لە باسێکی ئاوا نەترسین، حەق بە ئێوەیە کە بەم پرسیارانە ڕووتان لە دەوڵەتی ئوتریش بێ، بەڵام دەبێ دڵنیاش بن کە لە کۆتاییدا (هیوادارم پاییز و لەوانەیە درەنگتر، کە هێشتا ڕوون نییە) ڕوونکردنەوەیەکی هاوبەشی دەوڵەت و هەروەها پاڕلمان بڵاو بکەینەوە. (چەپڵەی OVP وSPO)

پرسیارەکانی ٥٨ و ٥٩ و ٦٠، دەبێ زۆر بە ڕوونی بڵێم کە ئەمانە هیچیان پرسیارێک نین کە پێوەندیی بە وەزارەتی دەرەوە و زانیاریی ئەوانەوە هەبێ. ئەمن تەنیا بۆچوونی خۆمتان لەو بارەیەوە بۆ باس دەکەم.

پرسیار کراوە ئایا لە دانیشتنی وەزارەتخانە لە ٢٩ی مایدا سەبارەت بەو مەسەلەیە قسە کراوە؟ - ناتوانم وڵام بدەمەوە. ئەمن لە لوکزامبورگ بووم، لە کۆبوونەوەی یەکیەتیی ئورووپا. ئەمن هەواڵم پێگەیشت، وەزیری دارایی بە کورتی لەسەر خۆکوشتنی پڕاشاک ئاگاداری کردمەوە و باسی ئەو بەڵگانەی کرد کە بڵاوی کردوونەوە. لەسەر ئەوە وتووێژێکی وامان نەکرد، چون دەوڵەت، مەڵبەندە فیدڕاڵییەکان و کۆماری فیدڕاڵ هیچ پێوەندییەکیان بەو بانکەوە نەبووە. لەو بارەشەوە دەوڵەت هیچ زیانێکی پێ نەگەیشتووە و تا ئەمڕۆ، یانی ٦ی مای ١٩٩٧ باسێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبووە

لەسەر ئەو پرسیارەی کە ئایا لەو کۆبوونەوەی وەزیراندا، بڕیارێک درا؟ - وەڵام ئەمەیە نا! بەڵام ئەمن پێتان دەڵێم (ئەوە بڕێکیش پێوەندیی بە پرسیاری ٦٠ ەوە هەیە کە ئەمن لەگەڵ سەدری ئەعزەم هاوڕا بووم، لە ١٢ی ژانوییەی ١٩٩٧ەوە( ئەمن ئێستا وەکوو سەرۆکی حیزبی گەل " Volkspartei " دەدوێم، کە ئەو پرسیارە لە سەرۆکی (پێشووی. و.) حیزبیشتان کردووە، تەنیا کەسێک بووم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە ئەو کات هەمەلایەنە و بە تەواوی لەسەر "خوسووسی کردن" پلانم هەبوو، ئەو پلانەشم لە ١٧ خاڵدا دارِشت (لێرەدا باسی ١٧ خاڵەکە دەکا کە یەکیان خوسووسی کردنی بانکەکان بوو. ئەو مەسەلەیە پێوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە نییە و بە سەریدا تێدەپەڕین. مەبەستی ئەوە بوو کە بانکەکان لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەوڵەتدا نەبوون" و.)

سەرۆکی پارڵمان، دوکتور هاینس فیشەر ، سپاسی لە وەزیری دەرەوە کرد بۆ وڵامەکانی و ڕایگەیاند کە چەند داخوازی بۆ هاتووە کە دەبێ ڕایگەیەنێ :

-1 بەڕێز ئەنشۆبەر بە پێی قانوونی (...) داوای لە بەڕێوەبەریی پاڕلمان کردووە کە باس لە بەرپرسیایەتی دەوڵەتی ئوتریش لە ئازادکردنی تاوانباران لە کوشتنی سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملوو و دوو هاوکاری بکرێ. هەڵبەت داوای باسی بەجیا و تایبەتی بۆ نەکراوە.

بەپێی قانوونی (...) لەسەر پێویستی و بە پەلەبوونی ئەو پرسیارە، دەکرێ بدوێین و دەنگ لەسەر ئەو داوایەی لیبڕالەکان بدەین. لە درێژەدا دەبێ ڕابگەیەنم کە پاڕلمانتار خانمی هێلێنە پاتریک- پابلە و پاڕلمانتار شتادلەر بەپێی قانوون، داواکار بوون لەسەر بەرپرسیایەتیی دەوڵەتی ئوتریش بۆ بەهەڵە بەدواداچوونی کوژرانی عەبدوڕەحمان قاسملوو، فازیل ڕەسووڵ و عەبدوڵلا قادری ئازەر لە ڤییەن و بەشدارانی دیکەی ئەو کوشتارە. هەروەها لەسەر بەپەلەبوونی ئەو پرسیارە بە پێی قانوونی (...) کە لەلایەن حیزبی سەوزەوە داوا کراوە.

٢- هەروەها داواکاریی دوکتور هایدێر و دوکتور کڕوگێر، بە پێی قانوونی (...) لەسەر لێکۆڵینەوەی بەرپرسیارەتیی سیاسی و حوقووقی ١_ سەرۆکی بانکەکان تا ئەو جێیەی زانیاری لەبەردەست دان ٢_ کارتێکەریی سیاسەت لەسەر کڕین و فرۆشی ئەو بانکانە ٣_ نەخشی بانکی کۆنترۆڵی ئوتریش لەسەر هەناردەکان و سەرمایە و تەزمینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەناردە.٤_ ئەو نرخانەی کە بانکە گرینگەکانی ئوتریش لەسەری سازابوون. 5_ هەر لەو پێوەندییەشدا پێنج داواکاریمان هەیە کە ئەو مژارانە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە.

بە پێی قانوونی (...) هەموو ئەو داواکارییانە پاش لێکۆڵینەوە دەدرێنە بەر دەنگدان. بە پێی کات، ئەوانەی تا ئێستا جیام کردوونەوە باسیان لەسەر دەکرێ. ئێستاش بۆ دەسپێکی باسەکە ڕادەگەیەنم کە هەر کەس ١٠ خولەک کاتی پێ دەدرێ و کاتی هەر فڕاکسیۆنێک نابێ لە ٢٥ خولەک پتر بێ.

یەکەم کەس، پاڕلمانتار هانس هێلمووت موزەر لە لیبڕاڵەکانە؛

هانس هێلمووت موزەر:

بەڕێز سەرۆکی پاڕلمان، بەڕێز وەزیری فیدڕاڵ؛ ئەمن لەسەر بەپەلەبوونی داواکارییەکان و پرسیار لە بەڕێز وەزیری دەرەوەم وا دەهاتە بەر چاو کە ئەوان بەو ئاقارەدا بڕۆن کە چاوەڕوان دەکرا. لە ڕاستیدا بەو پڕینسیپەی کە بەڵگە کۆنەکان جارێکی دیکە بخرێنەوە بەرچاو، بەڵام ڕەوتەکە نەگەیشتە کاکڵەی ئەو بەپەلەبوونەی کە دەبا ببووایە، لە ڕاستیدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە بەرپرسیارەتیی سیاسی وەزارەتی دەرەوە لە پێوەندی لەگەڵ بەدواداچوونی کوشتاری کوردەکان و هەڵوێستیان لەسەر بەڵگەکان چیە؟ ئەوانەی کە لە دەستی وەزارەتی دەرەوەدان.

خوشک و برایان! ئەوە هەر ئەو خاڵەیە کە بۆ چی، و دەشزانین بۆ چی، دیرکتۆری سیاسیی ئەوکات، ئەو نامەیەی نووسیبوو! بۆیەش لێکۆڵینەوە بە پێویست دەزانین، تەنیا لێکۆڵینەوەیە کە بەرپرسیارەتیی سیاسی ڕوون دەکاتەوە (چەپڵەی لیبڕالەکان). ئەوەی وەزیری دەرەوە دەست بە گۆچان دەستی پێکرد بۆ نیشاندانی فەزا و هەلومەرجی سیاسیی کوردەکان، ئەمن بە داخەوەم کە نەهاتە سەر کاکڵەی گرفتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردەکان و هەروەها لە نواندنی بڕیاری میکۆنووسدا دەبووا بڕێک زیاتر شت بخوێنێتەوە. ئاغای وەزیری دەرەوە! ئەمن دەبێ باشتر بۆتان ڕوون بکەمەوە، چون پێوەندیی بە گومان و هەڵسەنگاندنی سیاسیی ڕێبەری ئێرانەوە هەیە.
ئەوە بەو مانایەیە کە مردنی ئەو کوردانەی لە ئێران دەژین و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان هەوڵ دەدەن و بڕوایان بە ڕێکخراوەکانی خۆیان هەیە، یان ئەوانەی سەر بە حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێرانن، بە ئیرادەی ڕێبەریی ئێرانەوە بەستراوەتەوە.
خوشکان و برایانی بەڕێز! ئەوە خۆش باوەڕییە و ئەمن زۆر لەوەش ترسام کە وەزیری دەرەوەی ئێمە ڕێبەریی تاران، ناناسێ. ئەوەش جێی بیرکردنەوەیە کە ئەمڕۆ ئاوا هەڵسوکەوتی کرد، وەکوو ئەوەی کەس ئەو شتانە نەزانێ و ئەمن خەمی ئەمنییەتی دەوڵەتی دەخۆم. ئەمن هیوادار بووم کە ئاغای وەزیری دەرەوە بە ڕوونی وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە و ئەمن بە داخەوەم (چون نامەوێ پتر ئەوە ببیستم) ئەوانەی ئەو باسی کردن. ئێمە چاوەڕوانی ڕاگەیەندراوێک دەکەین کە دەوڵەتی ئوتریش بۆمان ڕوون بکاتەوە و گوزارشی دادگامان بداتێ.
خوشکان و برایان! ئەوانە هەموو قسە بوون و مرۆڤ ناگەیەننە سەر لێکدانەوەی بێ کەموکوڕی، ئەو کاتە ڕابردووانەی کە جێی سرنجمانن و ئەوەی کە ئێوە لە هەلومەرجێکدا نین کە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە و ئەو شتانەی دەیانزانن بە ڕوونی بدەنەوە. هەر وەها وەڵامی کاربەدەستانی دەوڵەتی و وەزارەتی داد. چون کاربەدەستانی دەوڵەتی بە ڕاستەقینەکانەوە بەستراونەوە و دەزگای ئێوە بۆ خۆی بەستراوەیە. ئەوە ڕاستییەکە (چوونە پێشی کارەکەش نیشانی دەدا) کە وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی داد نەخشی سەرەکییان گێڕاوە و ئەوەش نەترسانەیە کە چاوەڕوانییان لێ بکرێ، ئەویش لە وەزیرێک کە بۆ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی بەستراوە بێ، یان تا بن ملان لەنێو قوڕ چەقیبێ. (پاڕلمانتار دوکتور هایدەر: دەی ئەگەر دەزانی کە وەزیری داد بەرپرسە بۆ لە وەزیری دەرەوە دەپرسی؟)

– هاوکاری بەڕێز، ئەمن دێمە سەر ئەوەش! لە قسەکانی ئاغای وەزیری دەرەوەدا وا دەردەکەوێ کە پێوەندییان لەگەڵ وەزارەتی داد بووە و لەسەر ئەو ڕێچکەیە بە ڕێی وەزیری دەرەوەدا، ئێران فشاری لەسەر کۆماری ئوتریش داناوە و ئەو پێوەندی و وتووێژانە شوێنەواریان لەسەر وەزارەتی دادیش هەبووە. دەسەڵاتی جێبەجێکردن باسی لەوە کرد کە وەزارەتی داد پێشی لەوە گرتوە کە حوکمی دەسگیرییەکان لە جێی خۆیدا بدرێن و هەروەها وەزارەتی دەرەوە بە هۆی فشارەکانییەوە، کە ئەویش لەلایەن ئێرانەوە دەخرانە سەر دەوڵەتی ئوتریش، ئەو هەڵوێستانەیان سەپاند و کارمەندەکان بە دەستی بەستراوە نەیاندەتوانی حوکمی دەسگیرییەکان بەڕێوە بەرن.

خوشکان و برایان! ئێمە بڕوامان وایە کە دەکرێ ئەو شتانەی قەوماون بەبێ کەموکوڕی ڕوون بکەینەوە. پێمان وایە کە ئەمڕۆ شانسێکمان پێ دراوە، بەتایبەت بە وەزیری دەرەوە کە بڕوای خەڵک بە سیاسەتی دەرەوە و هەروەها سیاسەتی نێوخۆش بگەڕێنینەوە. ئەمن بەداخەوەم کە وەزیری فیدڕاڵ لەو شانسە کەڵکی وەرنەگرت. ئەوەش جێی مشتومڕە کە لە پاڕلمان یان دەوڵەتدا، چۆن دەمانەوێ بڕوا بە دەوڵەتی مافپارێز بگێڕینەوە جێی خۆی. ئەمن داواتان لێ دەکەم کە، خوشکان و برایان! پاڕلمانتاری ماڵی جێی ڕێز! بەرپرسایەتیی خۆتان بەرامبەر بە کۆنترۆڵی داواکارییەکان بە دروستی بەجێ بگەیەنن، بە تایبەت هاوکارانمان لە SPO دا کە خۆیان نەکەنە بارمتەی OVP تەنیا لەبەر ئەوەی هاوپەیمانن و دەبێ پێش بە بەجێگەیاندنی داواکارییەکان بگرن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمن داواتان لێدەکەم کە بەرپرسایەتیی خۆتان وەکوو نوێنەری پاڕلمان بە دروستی بەڕێوە بەرن (چەپڵەی لیبراڵەکان)، ئەگەریش نا، نیشانتان داوە کە پاڕلمان وەکوو "خزمەت بە ورچ" دەبینن و ئەوەش شایانی ئەم وڵاتە نییە.

خوشکان و برایان! بۆ ئێمە تەنیا ڕاستەقینەیەک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە سیاسەت تەنیا لە چوارچێوەی وەزارەتی نێوخۆ، وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی داد دایە. بۆ ئێمە ئەوە ڕوونە کە وەزارەتی نێوخۆ کارەکانی بە باشی بەڕێوە بردووە. ئەوان دەریان بڕیوە کە گیروگرفت کەوتۆتە سەر ڕێی کارەکانیان و نەیان توانیوە بە باشی بەڕێوەیان بەرن. ئەوەش ڕوونە کە وەزارەتی دەرەوە زۆر پێشتر ویستوویەتی ئەمری دەسگیرییەکان دەرکا، بەڵام وەزارەتی داد ڕێگەی پێ نەداوە.

خوشک و برایان! بۆ ئێمە ئەوەش ڕاستییەکە کە وەزارەتی دەرەوە لەسەر ئەو پرسە بای دایەوە و ئێرانی بە توندی پاراست. ئێوارەی کوشتارەکە، باڵوێزخانەی ئێران لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە دواوە و هێرشی توندیشی کردۆتە سەر دەوڵەتی ئوتریش. ئەوەی کە ئاغای وەزیر هەستی پێ کردووە و دەکرێ لە ڕۆژنامەکانیشدا بیانخوێنینەوە. لەسەر ئەوەش ساڵی ١٩٨٩ ڕاگەیەندراوە و ئەمڕۆش جاریکی دیکە ڕاگەیەندرا.

جەنابی وەزیری دەرەوە! ئەوەی ئێوە نەتانکرد، هەڵسەنگاندنی ئەو خۆپارێزی و دەست بە گۆچانییەی وەزارەتی دەرەوە بوو! ئایا ئەوە ڕاست بوو کە شارۆمەندانی ئوتریشی لە ئێران لە مەترسیدا بوون؟ ئایا پێوانەی ئەو مەترسییە بۆ شارۆمەندانی ئوتریش، پێوەندی بە بەدواداچوونی بەپەلەی تاوانبارە جێ گومانەکانەوە لە ئوتریش نەبوو؟ ئەوەتان کرد؟ ئێوە ناتوانن تەنیا وەکوو مووچەخۆرێکی دەوڵەت بدوێن، ئەویش لەسەر پرسێکی سیاسی، ئێوە وەکوو بەرپرسێکی پایەبەرز! ئەو باسە لەلایەن سەرۆکی بەرژەوەندییەکانی دەرەوە کراوە، وەزیری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرەوە (ئەو کات. و.) باسی کردوە و ئێوە دەبا بیرتان لێ کردبایەوە. ئەوەش وادیارە بڕیاری ئێوەی بە لاڕێدا بردبێ. ئێمە دەمانەوێ ئەوانە بپرسین و ڕاستییەکان لە ئێوە ببیستین.
بەڕێز مۆک، وەکوو وەزیری دەرەوەی ئەو کات چی دەزانێ؟ و کێ لە بڕیاردان بەرپرسیار بوو؟ ئایا بەرژەوەندیی دەوڵەت دەبێ پێش بە مافی دەوڵەتی بگرێ؟ ئەگەر وابووە، تکایە بەڵگەکان بخەرە سەر مێز و هۆکاری ئەو بۆچوونانەش بخەرە سەر مێز. ئەگەر ئەوانە نەکرێن، دەمانەوێ کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە ئەو ڕابردووە ڕوون کاتەوە.
خوشک و برایان! ئاشکرایە کە لە ڕابردوودا، وەزارەتی دەرەوە لەسەر ئەم پرسە کارێکی سەیروسەمەرەی نەکردووە، زۆر مووزاییکی دی لە شکستی سیاسەتی دەرەوەی ئوتریش لە ئاست ئێراندا نەخشیان هەبووە. یەکێک لە سیاسەتەکانی دەرەوە خۆی لە لاوازی، پاشەکشە و بێ پرەنسیپیدا دەنوێنێ.
بڕوامان وایە کە ئەوەمان بە هێنانەگۆڕێی بەپەلەی پرسیارەکانمان و زۆر بە ڕوونی ڕاگەیاندووە و بەداخەوەم کە بە هەڵەی ئێوە و لەم بارودۆخەی ئێمەدا بە هەڵە لە یەکیەتیی ئورووپادا دەچێتە پێش. دەکرێ بیر لەوەش بکرێتەوە.
خوشکان و برایان! کاتێک دەرکەوت کە باڵوێزەکانی ئوتریش لە ئێران تێگەیشتن کە هاوکارە ئەڵمانی و دانمارکییەکانیان ڕێیان پێ نادرێ بگەڕێنەوە ئێران، جێی بیرکردنەوەیە کە بۆ ئەوانی دی (دوکتور شوسێل، وەزیری دەرەوە و جێگری سەدری ئەعزەم دەیەوێ قسە بکا)_ ئاغای وەزیری فیدڕاڵ! ئامۆژگاریت دەکەم کە بیر لە هۆکاری پرسیارەکان بکەیتەوە.
سەرۆکی پاڕلمان، دوکتور هاینس فیشەر: تکایە کاتی قسەکردنەکەتان لەبەرچاو بێ!
پاڕلمانتار هانس هێلمووت مۆزەر : بۆچی باڵوێزەکانی ئێمە چێژیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە خێر و بێری ئێران وەردەگرت، بەڵام ئەوانی دیکە نا؟
دوکتور شوسێل: ئەمن کارم بە بۆچوونی ئێران نییە.
مۆزەر: جەنابی وەزیری دەرەوە! ڕێم بدەن لە کۆتاییدا لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی ئوتریشەوە، بێمە سەر ئەرزی واقیع. ئەمن دەبێ بە فەرمی داواتان لێ بکەم کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی وڵات، تەنیا لێکدانەوەیەک و ئەویش بێ پێچ وپەنا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئوتریش ڕابگەیەنن.
سەرۆک هاینس فیشەر: ئیتر کاتەکەت تەواو بوو!
مۆزەر: وە دەنگ بە کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە بدەن (چەپڵەی لیبراڵەکان).
دوکتور هاینس فیشەر: نۆرەی پاڕلمانتار دوکتور "کۆستێلکا"یە.
دوکتور پێتر کۆستێلکا لە حیزبی سۆسیال دیموکڕات ((SPO:
جەنابی سەرۆک! جەنابی جێگری سەدری ئەعزەم! خوشکان و برایان! ماڵی جێی ڕێز! هاوکارانی ئوپۆزیسیۆن! ئێوە داوای ڕوونکردنەوە دەکەن و ئەمن بە هەموو توانا و پێداگریمەوە پێتان دەڵێم کە ئێمەش ئەوەمان دەوێ! ئەوەش قسەی ڕووت و بەتاڵ نییە و دەتوانم بەڵگەی بۆ بێنمەوە.
هەشت ساڵ لەمەوبەر (ئەو کات هیچ ئوپۆزیسیۆنێک خۆی لەو هەڵسوکەوتانە نەدا) زۆر زوو پاش ڕووداوی ١٣ی ژولای ١٩٨٩، پاڕلمانتارێکی سۆسیال دیموکڕات، "هۆرڤات" هەر لەسەرەتای دەسبەکاربوونی خۆیدا، پرسیارێکی لە وەزیری دادی ئەوکات کرد کە لەگەڵ فشارەکانی دیکە بەو مانایە بوو: بە پێی ئەو بەڵگانەی لە بەر دەستدان یان ئەوانەی ڕاگەیەندراون (و ئەو پرسیارانە بە وردەکارییەوە هاتوونە ئاراوە) کۆمەڵێک پرسیار لە خۆ دەگرن کە پیشان دەدەن وەزارەتی داد لەو پڕۆسەیەدا تا کوێ چۆتە پێش و چۆن بە هەڵوێستەوە بڕیاری داوە. بەو ئامانجە ٣٤ پرسیار هاتوونە گۆڕێ. ئەو کات ئێمە نەمانتوانی پتر بەرەوپێش بچین. خوشکان و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برایان! بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە سۆسیال دیموکراتەکان هەوڵی خۆیان نەداوە. (چەپڵەی (SPOوابل: کەوایە دەنگی پێ بدەن!
– بە پێچەوانە، خوشکان و برایان! ئێمە ئەو چەشنە ڕوونکردنەوەیە تەنیا بڕێک وەکوو ئێوە دەبینین. هەڵچوونی ئێوە بۆ ئەم پرسە زۆرتر لە ساختەکاری دەچێ. ئەو شتەی ئێستا بە دەستمەوەیە (کۆمەڵێکی قەبەی بڕدراوی ڕۆژنامەکان هەڵدێنێ)، خوشکان و برایانی ئۆپۆزیسیۆن! ئەمە بەشێکی کەمی ئەو ڕاگەیەندراو و وتووێژە میدیاییانەیە لە ساڵەکانی ١٩٨٩ تا ١٩٩٠ و ١٩٩١ کە هەلومەرجەکە بە پێچەوانە نیشان دەدا. زۆربەیان، دەتوانم بڵێم نزیک بە هەموویان، ئەو شتانەی ئێستا بە قامکی ئیشارە وەکوو کارەسات پیشان دەدرێن، ئەو کات لە ڕای گشتیدا بڵاو بوونەوە و بە وردی قسەیان لەسەر کراوە (دوکتور شمیت: ئێمە ئەوانەمان بە جیا نووسیوە). لەو پێوەندییەدا، خوشکان و برایانی فراکسیۆنی لیبراڵ! ناتوانم لە تووڕەیی و هەڵچوونتان کەم بکەمەوە، ڕێم بدەن دوو ڕستە لە پرسیارەکانی خۆتان بخوێنمەوە. ئەو ڕستانە هەموو بەڵگەی سەلمێنەرن، ئەو زیانانەی کە بە بڕوای خەڵکی ئوتریش لەسەر هەڵەی سیاسەتی دەرەوە لە پێوەندی لەگەڵ کوشتاری کوردەکان و پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، هەروەها لە پرسیاری ناتۆ و پرسیاری ٥٨ دا بە زەقی هاتووە کە: ئایا لە دانیشتنی ٢٩ی ئاوریل و ٦ی مای ١٩٩٧ی وەزیراندا قسە لەسەر پرسی پڕاشاک کراوە؟ ئەگەر بەڵێ، بە کام ئامانجی سیاسییەوە؟– ئێمە دەزانین ئەوە بە چ مانایەکە؟ (دوکتور شمیت: باشە هۆکارەکانیشت خوێندەوە؟)– ئەوە بەرەوپێشچوونە بە پێی ڕێکاری لە پێشداپێچراوە، مرۆڤ هەموو کەرەسەی پێویست لە گێرە و کێشە و تێکهەڵچوونەکان هەڵدێنجێ، تێکەڵاویان دەکاتەوە و بە گەرمی هەڵیان دەقوورێنێ، پاش ئەوەی گەرمیان دەکاتەوە. هەر وەکوو داواکاریی ئێوە بۆ کومیتەی لێکۆڵینەوە کە لە قانووندا هاتووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوشکان و برایان! ئەوە هیچ پێوەندی بەو ڕوونکردنەوەوە نییە) چەپڵەی (SPO هاوکارمان مۆزەر بۆخۆی ڕێگای لە خۆ بەستەوە، ئەو گوتی: تا ئەو کاتەی هەموو فاکتەکان لەسەر مێز دانەنرێن (زۆریان ئێستا لەسەر مێزن) ئێمە داوای کومیتەی لێکۆڵینەوە دەکەین. ئەمن بانگهێشتتان دەکەم کە بیروڕاتان بگۆڕن. ئێوە دەزانن کە بڵاوکراوەیەک لەلایەن دەوڵەتەوە دەدرێ کە هەموو بەڵگەکانی وەزارەتی داد، وەزارەتی نێوخۆ و دەرەوە لە خۆ دەگرێ. چەند ڕۆژی داهاتوو، دانیشن و بە وردی تەماشایان بکەن و پاشان بۆچوونتان داڕێژن، ئەو کات هەموو دەگەینە ئەنجامی پێویست. بەڵام تا ئەوکات، پێش ئەوەی ئەو بەڵگانەی بۆخۆتان داواتان کردوون بگەنە دەستتان باسی کومیتەی لێکۆڵینەوە مەکەن. ) چەپڵەی (SPO
ئەوەی، لەو کێشەیەدا زۆرتر نیگەرانم دەکا ئەوەیە کە لە ٦٠ پرسیاری ئێوەدا بە وردەکارییەوە، جێگای شتێک بەتاڵە، ئەویش ڕاستگۆیی، نیگەرانیی قووڵ بۆ چارەنووسی وڵات و ڕوونکردنەوەی ئەو فاکتە کۆنانەیە.

ئەوەی ئێوە دەتانەوێ، دروستکردنی گێچەڵێکە بە یارمەتیی بڕێک میدیا.

خوشکان و برایان! ئەوە بۆ ئێمە زۆر جیددییە. زۆر فاکت هەن بۆ ڕوونکردنەوە و ئێمە (وەکوو هەموو ئوتریشییەک و میدیایەک) پێتان دەڵێین کە بەڵگەی پێویستی دیکە بخەنە ڕوو. ئێمە بۆ ئەو کێشەیە ئاوا دەچینە پێش: هەموو فاکت و بەڵگەکان بخرێنە سەر مێز و ئەوجار بڕیار لەسەر لێکۆڵینەوە و تاوانبارکردن و قەزاوەت بدەین، پاشانیش هەموو شتێک بڵاو بکەینەوە، هاوکات ئەگەر تاوانێک بدۆزرێتەوە بە دادگای سەربەخۆی بسپێرین و ئەگەریش پرسیاری سیاسی بمێنن، ئاکامی پێویستیان لێ وەرگرین.

بەڵام ئەو شتەی کە ئێمە نامانەوێ، خوشکان و برایان! ئەوەیە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ کارمەندانی ئوتریش و بێ ئەوەی بە سێ دەستە دابەشیان کەین، کارێکی ئەوتۆ نەکەین هەر وەکوو ئەمڕۆ لە دیوەکانی دادگادا دەیبینین. سەرۆکی FP، یۆرگ هایدەر (حیزبی ڕەگەزپەرەست و فاشیستی ئوتریش. و.) زیاتر لە ساڵێک لەمەوبەرەوە ئەو باسەی کردووە و ئەو تاوانەی داوەتە پاڵ دەوڵەت، دژ بە یەکێک لە ئەندامانی پێکهێنەری دەوڵەت و دژ بە کارمەندانی دەوڵەت. ئەو دەبوا بۆ تاوانبارکردنی کارمەندانی دەوڵەت کە گوایە کەڵکی ناڕەوایان لێ وەرگیراوە، نەتەنیا خەرجی پارێزەر بدا، بەڵکوو ٥٠ هەزار شیلینگ زیان بژمێرێ، ئەگەرچی بە ٥٠ هەزار شیلینگ ئەو پیساییەی کە دایە پاڵ پۆلیس، ناشۆردرێتەوە. (چەپڵەی (SPO (پارڵمانتار نوواتنی: بێ شەرمییە).

لەسەر ئەوە، خوشکان و برایان! بەڕوونی دەڵێم: ڕوونکردنەوە بەڵێ، بەڵام پاش ئەوەی کە هەموو پێش مەرجەکان ئامادە بوون و بۆ ئەوەش پێویستمان بە بەڵگەکان هەیە. دەوڵەت نابێ بە بڕیاری پارڵمان یان کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە بخرێتە ژێر فشارەوە تا بەڵگەکان بخاتە ڕوو. ئەو بۆخۆی داخوازانە دەیکا و ئەمن ئێوە بانگهێشت دەکەم کە چاو بە وتە پڕ ڕەخنەکانتاندا بخشێننەوە و بزانن چۆن لێرەدا قسەکانتان بکەن. ئەمن دەبێ باسی شتێکی دیکەش بکەم، چونکی زۆر بە داخەوەم، خوشکان و برایان! ئەمڕۆ لێرە پێشنیاری فراکسیۆنی ئێمە لەسەر دەستووری کاری پارڵمان، پەسەند نەکرا، ئێمە داوای پرۆسەیەکی بەپێی مافی مرۆڤ، مافی دەوڵەتی، بیرمەندانە و دادپەروەرانە، بۆ پێکهێنانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەمان، کرد. ئەمن جارێکی دیکە ئێوە (بۆ جاری سێهەم) بانگهێشت دەکەم کە پرۆسەکە هەر بەو شیوەیە بەڕێوە بەرن. زۆر سپاستان دەکەم. (چەپڵەی SPO و OVP).

سەرۆکی پارڵمان: داواکارییەک هاتووە لەلایەن دوکتور فان دێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێلێن کە بەپێی قانوون داوای کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی کردووە لەسەر بەرپرسیارەتی و کارتێکەریی ڕێکخراوەکانی ئێمە سەبارەت بە دەسگیرییەکان و کاری بانکی کۆنترۆڵی ئوتریش. هەر وەها پێنج کەس داوایان کردووە کە دژی ئەو داواکارییانە بدوێن. ئێستاش پاڕلمانتار کۆول کە داخوازانە ٧ خولەک قسە دەکا.

دوکتور ئاندێریاس کۆول لە (OVP):

جەنابی سەرۆک! خوشکان و برایان! لە درێژەی ئەم باسەدا دەبێ ئەوە ڕابگەیەنم کە حیزبی ئێمە (گەل) هەمیشە لە چارەنووسی کورددا بەشداریی کردووە و ئێمەش تا ئەم کاتە لە ئوتریش و هەر جێیەک کە کوردی لێ بێ و ئەوانەش کە سەر بە پ.ک.ک (پارتی کرێکارانی کوردستانی)یش بن، پێوەندیی قووڵمان هەیە و بۆیەش لەسەر کوژرانی کوردەکان و خێزانەکانیان زۆر بەداخەوەین و بۆچوونیشمان بۆی هەیە. (چەپڵەی SPO و OVP)

خوشکان و برایان! لە چوارچێوەی سیاسەتی مافی مرۆڤی ئێمەدا، بۆ کوردەکان زۆر کارمان کردووە و ئەمن بۆخۆم پێوەندیی بەردەوامم لەگەڵ کوردەکان هەبووە. ئەمن دەمەوێ ئەوە بسەلمێنم کە دابینکردنی ناوچەی پارێزراو بۆ کوردەکانی عێراق، بۆ هەوڵەکانی وەزیری دەرەوەی ئێمە مۆک دەگەڕێتەوە. ئەمن بیرم دێتەوە کە چ تێکهەڵچوونێک لەنێوان ئێمە وەکوو حیزبێکی نێونەتەوەیی و سەرۆکوەزیرانی تورکیەدا هاتە پێش، چونکی سکرتێری یەکیەتیی ئورووپا (کە ئالۆیس مۆک بوو، ئێستاش هەر ئەوە) کێشەی مافی مرۆڤی لەسەر کوردەکان لەگەڵ تورکەکان هێنایە گۆڕێ. ئێمە پاش ئەوەش کارمان لەسەر مافی مرۆڤی کوردەکان کردووە و ئەوەش بەو مانایەیە کە ئێمە نابێ خۆمان بە شەرمەزار بزانین و هەموو ئەوەی لە دەستمان هاتبێ بۆمان کردوون، بەڵام بە سیاسەتێکی ئاگادارانەی نەرم و بەردەوام.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(چەپڵەی SPO وOVP) هەربۆیەش ئەو کارانەمان کردووە، خانمی شمیت! (خانمی هایدە شمیت، بۆیە دەبێ ناوت بەرم کە کەس ئێوە و دوکتور "ئێریش شمیت"ی لێ نەگۆڕێ) (لەنێواندا قسەی لیبڕاڵەکان)- ئەمن دەبێ بۆچوونەکانت بە جیددی ڕەت بکەمەوە. هیچ کەس لە وڵاتی ئێمە و هیچ کەس لە دەوڵەتی فیدڕاڵ، ئەو کات کە بەرپرس بووە، داکۆکیی لە کوشتار نەکردووە، هیچ کەس بە جوانکاری و گۆڕانکاری داینەپۆشیوە و هیچ کەسیش مافی مرۆڤی زامدار نەکردووە. (چەپڵەی SPO وOVP) لە ١٣ی ژولایدا، کوشتار کرا و ئێوەش دەزانن کە کەی وایە هەر بە یەکەم هەڵسەنگاندن، ئاکامی داوەری قانیع بکرێ؟ یەکەم هەڵسەنگاندن لە ٢٨ی نووامبردا درا. ئەو کات کە هیچ کام لە گومانلێکراوەکان لە وڵاتدا نەمابوون و ئەگەر ئێوە مەبەستی دیکەتان هەیە، ئەوە ئیتر زۆر زیاد ڕۆیشتوون. (قسەی لیبڕال و حیزبی ئازادەکان...).

ئەمن پێموایە و بۆشم دەرکەوتوە و بە پێی ئەو ڕاستی و بەڵگانەی کە لەبەردەست دان، هەموو شتێک ڕوونە! هەروەها بەستەڵەکێک لەو بەڵگانە و سەدان پرسیاری پاڕلمان کە لەو پێوەندییەدا هاتوونە گۆڕێ، لەگەڵ وەڵامەکانیان، لەبەردەستم دان. هەر ئەو قسەیە کە دەڵێن: لەوە زیاتر هیچ شتێک لەبەر هەتاو نییە! ئەو شتەی کە "پیتر پیلتس" وەکوو هەواڵێکی زۆر گرینگ لە ڕۆژنامەدا بڵاوی کردەوە و ساڵی ١٩٩٠ لە وەڵامی پرسیارەکانی ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠دا خوێندمانەوە، هیچیان نوێ نەبوون و بە پێی هەموو بەڵگە و زانیارییەکان شتەکان زۆر ڕوونن. ئەمن بە ناوی فڕاکسیۆنەکەمەوە پێتان دەڵێم کە ئێمە ئەو تاوان و بوختانانەی درابوونە پاڵ سێ وەزیری ئەوکات، فۆریگەر، لۆشناک و مۆک، ڕەت دەکەینەوە و ئەو سێ کەسە پاکە بەرپرسایەتیی خۆیان و ئەرکی خۆیان بەباشی بەجێ گەیاندوە. (چەپڵەی SPO وOVP).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێرەدا دەمەوێ جارێکی دیکە قامک لەسەر ئەوە دانێم و وشەکانیش بەو شێوەیە کە بۆخۆم پێم باشە دەربڕم: ئەو کەسانە لە چوارچێوەی قانووندا باشترین دڵسۆزییان بۆ ئوتریش هەبووە و بە کردەوەش سەلماندوویانە (چەپڵەی SPO وOVP). بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە، لە هەڵسەنگاندنی ئەو کێشەیەدا، هەر وەکوو هاوکارم کۆستێلکا نیشانی دا، دەبێ لێپرسینەوە لە هەموو ئەو وەزیرانە بکرێ کە لە کێشەکەدا بوون و ئاکامەکانی ڕوون بکرێتەوە و لە بڵاوکراوەکانی گشتیدا ڕابگەیەندرێ و بخرێتە بەردەستی هەموو کلوپەکان و وەزارەتی داد، ئەو کات پێویستیی لێکۆڵینەوە (بۆ ئەوانەی کە بەبەڵگە پێویستییان بە لێکۆڵینەوە هەیە) داوا بکرێ.
ئەو فاکتانە کە تا ئێستا ڕوونن، دەری دەخەن کە پێویستیمان بە لێکۆڵینەوە نییە، بەڵام چی بکەین؟ خوشکان و برایانی فڕاکسیۆن کە داواکاریتان پێشکەش کردووە! ناکرێ دەست لە داواکارییەکەتان هەڵگرن؟ ئەوە دەبێ تاقی بکرێتەوە کە ئایا فاکتێک بۆ بەرپرسایەتیی سیاسی هەیە کە وەزیرێک بخرێتە ژێر پرسیارەوە؟
خوشکان و برایان! هەموو بەڵگەکان لە بەر دەستدان و هەر کەس لەسەر مژاری بەرپرسیایەتیی سیاسی ڕای جیاوازی هەیە. ئەوە ڕێگە پێدراوە، ئەگەر بپرسین کە ئایا هەموو کارێکی پێویست کراوە؟ ئایا ئەو کارانە لە چوارچێوەی دیبەیتی سیاسیدا بوون، هەر وەکوو ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیکەین؟ ئاساییە کە مرۆڤ هەموو پرسیارەکان بە وردەکارییەوە بپرسێ. ئەوانەی کە ئێوە خانمی شمیت! هێناتاننە گۆڕێ، دەکرێ ڕای جیاوازیان لەسەر بدرێ، بەڵام داوای کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە کاراترین چەکە کە پارلمان لە بەر دەستیدا هەیە. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم (خۆم لە کومیتەی لێکۆڵینەوەدا بووم، بۆیەش قسەکانم کۆتایی پێدێنم): تا ئەو کاتەی ئێمە قانوونێکمان نییە کە خەوشداربوونی مافی مرۆڤ دیاری بکا ( وابل: بۆچی خۆت لە قانوونی ئیسلاحی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گێل دەکەی! ئەوە جێی باوەڕ نییە! ساڵەهایە خۆتان گێل کردووە، ئێستاش بەداخەوەن! ئەوە جێی بڕوا نییە)- لەسەر ئەوە من گومانم هەیە، چون ئەوەم دیوە کە کەسێکی سەر بە دەوڵەت و لە هەمان کاتدا بێتاوان، چۆن تاوانبار کراوە، وەکوو جینایەتکار نواندراوە، وەگریانیان خستووە و شکاندوویانە. لە کاتێکدا شایانی ئەوە نەبووە. ئەمن نومایشی وا قەبووڵ ناکەم. (چەپڵەی SPO وOVP). (وابل: چەند ساڵە ئێمە داوای قانوونی لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی دیکە دەکەین و ئێوە پێشی پێ دەگرن).

سەرۆکی پاڕلمان دوکتور هاینس فیشەر: وتاری دواتر بۆ پاڕلمانتار دوکتور هایدەرە و ١٠ خولەک کاتی هەیە، فەرموون.

دوکتور یۆرگ هایدەر (لە ئازادەکان):
ماڵی جێی ڕێز، خوشکان و برایان!
ئەوە هەنگاوێک بەرەوپێشە کە لە دیبەیتی سۆسیال دێموکڕاسیدا قسە دەکرێ. هەر ئەوە کە شتێک ڕوون بکرێتەوە یان بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە. بەڵام بەپێی کۆتایی لێکۆڵینەوەکان و کاتێک کە بەڵگەکانی دەوڵەت دەدرێن.
هاوکارم کۆستێلا! ئێوە وەکوو شارەزایەکی دەستوور، دەبێ بزانن کە ئەوە وەکوو زۆرداریيە! ئەگەر دەوڵەت لە ژێر پرسیاردایە کە هەڵەی کردووە، ئەوە زۆر جوان نییە! و کاتێک دەوڵەت دەڵێ کە ئێمە بۆخۆمان دەبێ خۆمان کۆنترۆڵ بکەین، یانی بۆخۆیان سەرەتا دەبێ خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. کاتێک بیر لە لێکۆڵینەوە دەکەمەوە کە وەکوو ئامرازێکە بۆ ڕوونکردنەوە، لە خۆم دەپرسم کە: دەی بۆ ئێوە دەترسن! ترستان لە چیە؟ کاتێک کە ڕاستیتان لەلایە، چاوەدێریی زۆری ئێمە پێویست نییە. هاوکارمان "گۆل" بەو ڕێچکەیەدا دەڕوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەڵێ: بەداخەوەم کە ئاوا نامرۆڤانە چووە پێش! ئێوەش ئاخرکەس دەبن کە دەبێ ئەوە بڵێن. ئێوە هاوکارم کۆستێلا! دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە پڕۆسەیەکی من لەگەڵ خۆتاندا، کە دادگاش بڕیاری دا، دەبێ بزانن کە ناتوانن دژی من سکاڵا بکەن و ئەوە ڕابردووی ئێوەیە. (چەپڵەی ئازادەکان).

پاڕلمانتار کۆستێلا: ئێوە دەبێ بزانن کە ئەمە داوەری نییە!

– سەدرئەعزەمی پێشووی ئێوە، دوکتور ڤرانیتسکی، چەند ساڵ لەمەوبەر گوتی: هایدەر پوولی ماڵیاتی خۆی نادا و پیرێ دادگا لەسەر ئەوە بڕیاری دا: کە ئەو مافی هیچ قسەیەکی نییە! (چەپڵەی ئازادەکان).

پاڕلمانتار دوکتور کۆستێلکا: و... هایدەر بەڵگەکانی پیشان نەدا !

– لەسەر ئەوە ئەمن پێموایە کە ئەوە دروست بوو تا بڕێک ڕاستی ڕوون بکرێنەوە. هاوکارم لۆشناک لە پاڕلماندا گوتی و پێی لەوە نا کە زۆر کاری بەپەلە کراون و بۆیەش ناکرێ تاوانباری کەین. بەڵام کاتێک دەڵێ کە کاری بەپەلە کراوە، بەومانایە دێ کە ڕوونکردنەوەش پێویستە! بۆ من ئەو پرسیارە دێتە پێش، کە لەم سیستەمەدا چ چاوەدێرییەک گونجاو بوو کە لە کۆنفڕانسێکدا کە کوردەکان بەشدار بوون، چەشنێک چاوەدێری وەکوو ئەزموون بەکار هێنرا. ئەزموونی چاوەدێری لە باری کاری پۆلیسەوە چییە؟ ئەمانەن کە دەبێ ڕوون بکرێنەوە. ئەوەش گرینگە ڕوون بکرێتەوە، کە بۆ هەموو زانیارییەکانی پۆلیس لەو جێیەدا پاک کراونەوە، ئەوە دەبێ هۆکاری هەبێ کە نەیانتوانی ڕووناکی لەسەر ڕوونکردنەوەی کارەساتەکە دانێن.

ئەو پرسیارە بۆخۆی ڕوونکردنەوەیەک بوو، هەروەها پرسیارەکانی کۆتایی کە لە پڕاشاک پرسرابوون: لە سیستەمی مافی مرۆڤی ئێمەدا زۆر شت ڕیز کراون کە ڕوونکردنەوەی پێویست و بەپەلە بۆ بڕێکیان دانراوە و پێموایە ئەگەر بەو شێوەیە بچووینایە پێش، زۆر باش دەبوو. بەڵام دوو حیزبی یەکگرتوو بە یەکەوە دەڵێن کە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە پەسەند ناکەین، ئەگەریش ڕووبەڕووی شتێک ببنەوە وەکوو خۆکوشتنی پڕاشاک کە پێوەندیی بە پاراستنی مافی مرۆڤەوە هەیە، وەک دیاردەیەکی سوور و ڕەش پیشان دەدەن یان وەکوو کێشەیەکی تاکەکەسی! ئەمانە ڕاستییەکانن! خۆشکان و برایانی من! (چەپڵەی سەربەخۆکان). لەسەر ئەو کێشەیە دەبێ مرۆڤ بیر بکاتەوە، ئەوکات بە ئاکامێکی دروست دەگا. هاوکارم کۆول! لەوەدا کە بەڕێوەبەریی بانک لەژێر کاریگەریی سیاسەتدا گەیشتە ئەو هەڵوێستە، ڕاستە و ئەوەش وەکوو بوومەلەرزەیەک بوو، ئەوکات کە بەڵگەکانی خستە ڕوو و باسی لە بانکی ڕەشی CA (کۆنتڕۆڵ بانکی ئوتریش. و.) و بانکە سوورەکانی ئوتریشی کرد. سەرمان سوڕ دەمێنێ کە چۆن ٣٠٠ ملیۆن شیلینگ سوود دێتە دی، بڕۆن بەڵگەکان بخوێننەوە، ئامارەکان بۆخۆیان دەدوێن، ئایا ئەوانە ڕوونکردنەوەیان پێویست نییە؟ ئاغای شوسێل لەو بارەیەوە دەڵێ کە دەوڵەتی ئوتریش نەچۆتە سەر خۆکوشتنی پڕاشاک و هیچ بەڵگەیەک لەسەر کاری بانکەکان بەدەستەوە نییە! بەڵام، دوکتور شوسێل! چۆن دەتوانن ئاوا بدوێن؟ (ئەوەماڵیاتدەرانی ئوتریش وا دەڵێن) و دەوڵەتی ئوتریشیش پاش هەر هەناردەکردنێک هەر پێی وایە، بانکە کۆنتڕۆڵەکانیش وا نیشان دەدەن. ئێستا ٥٠٠ میلیارد شیلینگ قەرز دەدرێتە بەر باس. بۆ ئێوە ئاسانتر بوو کە بڵێن باشە، ڕاستییەکان بۆ جارێکیش بووبێ، بخەینە سەر مێز و ڕوونیان بکەینەوە! ئایا ڕوونکردنەوەیەکی ماڵیاتی هەیە کە کارەساتەکانی پشتی پەردە دەرخا، کە لەم سیستەمەدا بتوانین زانیاریی تەواو وەرگرین؟ پێمان خۆشە ئەوە لە ئێوە ببیستین! (چەپڵەی ئازادەکان).

بۆچی گونجاو نییە! لە نێو ئەم دەوڵەتەشدا، بۆ جارێک، ئیدارەی ماڵیات کۆنتڕۆڵ بکرێ کە لە دەساڵی ڕابردوودا چی قەوماوە؟ ئایا بۆچوونەکانی دوکتور پڕاشاک ڕاست بوون؟ ئایا کەسی پێش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەویش چاوەدێریی باری ماڵیاتی کردووە؟ ئایا ئەوە ڕاستە کە ١٥٠ میلیون شیلینگ چۆتە سەر حیسابی بانکی کەسی پێش ئەو، ئاغای "هاشێک" بە بێ ئەوەی ماڵیاتەکەی بدا؟ ئەوەش بە بەرچاوی وەزیری داراییەوە قەومابێ کە کۆنترۆلی ماڵیاتی و چاوەدێریی دانابێ؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە دەبێ بپرسرێن!

یان ئەو پرسیارە، کە معاملەکانی ئاغای شوسێل لەگەڵ ڕۆژهەڵات چی بوون؟ جارێکی دیکەش CA و بانکەکانی ئوتریش بەبێ هیچ ریسکێک یان کێشەی ماڵیاتی، ئەو قەرزانەیان وەئەستۆ گرتووە و بەم شێوەیە مرۆڤ دەتوانێ بەبێ ریسک سەرکەوتوو بێ! ئەمەی ئاخر بۆ ئاغای پڕاشاک زۆر سەخت بوو، هۆکاریش بوو کە دەبێ هەنگاوێک بنێ و ڕاستییەکان بخاتە ڕوو، لە کاتێکدا ئێوە خۆتان بەتەنیا کەس دەزانن کە باسی خۆماڵی کردنتان کردووە!

ئاغای دوکتور شوسێل! ئێمە و هەر دوو حیزب بە نووسراوە ڕێک کەوتووین و پەیمانێکی قانوونیمان واژۆ کردووە، حیزبی ئێوە پاش وتووێژ لەگەڵ سۆسیال دیموکڕاتەکان هاتە سەر ئەوە کە بۆ خۆماڵیکردنی بانکەکان لەگەڵمان ڕێک کەون. ئەوەش ڕاستییەکە (چەپڵەی ئازادەکان / پارلمانتاریست شتادلەر: دەی پاشان چی؟). – ئێوە پەیمانتان لەگەڵ ئێمە شکاند و لەگەڵ ئاغای "ڕاندا" کە ئێستا زۆر بەهێز بووە پەیمانتان بەست و ئەویش بوو کە ڕێککەوتنەکەی واژۆ کرد، هەر بەو شێوەیە کە ئێوە ئەوەتان گەیاندە ڕای گشتی. لێرەدا مرۆڤ بە ئاکامێک دەگا و دەڵێ: ئێمە دەمانتوانی بەبێ ئەو کارانەش، پێش بە هەموو شتێک بگرین.

خوشکان و برایان! ئاغای "ئاتێمز" کەرەسەی بەرهەمهێنەری ئێوەیە، ئەو کەسەی کە ئێوە لە دوازدەمین دەورەدا بردتانە لووتکەی بەڕێوەبەریی بانکەکان و گوتتان کە ئاتێمز دەبێ ببێتە سەرۆکی کۆنترۆڵ بانک (جێگری سەدرئەعزەم، دوکتور شوسێل: نا! نا!) – ئاتێمزە ڕەشەی ئێمە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبا لە جێی سووریێکدا و لەوێ دانیشتبا! کاتێک کە ڕاندا سوورەکە سەرۆکە! ئەوە ڕاستەقینەیە، خۆشکان و برایان! (چەپڵەی ئازادەکان – قسەی OVP و سەوزەکان لەنێواندا) (پارلمانتاریست وابل: ئەوە کۆلکەزێڕینەی شین و ڕەشی دەستوورە.)

_ ئارەزووی ئێوە ئاغای شوسێل! پاش دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و بە ڕواڵەت ڕێزتان، بۆ ئەوەی کە پێکەوە سازانتان بەباشی ڕێک کەوێ، سکرتێرەکەی خۆتان ”پریبیل“ ناردە نێو بانکەکانەوە (ئێستا ئەو ئامادەیە و دەکرێ لەگەڵی بدوێین) یان ئەوەی کە ئاغای سەدری ئەعزەم دەیویست کە سکرتێرەکەی ”هال“ لە OMV دا جێ بکاتەوە و ئێستا کاری بانکی ”شپارکاسە“ بەڕێوە دەبا. ئەوەی مرۆڤ ئازار دەدا ئەوەیە کە دیسان تووشی بڕیارێکی سیاسی ببێتەوە؟ سکرتێری دوایی سەدری ئەعزەم ”کۆلۆپفت“ وەکوو سەرۆکێک لەبەردرگا بوو. ئەگەر ئەوەتان نەدەویست کە بیزانن، ئێمە بە زوویی باسی دەکەین. ئەوە ڕاستەقینەیە، لەسەر سیاسەتی مافی مرۆڤی ئێوە کە ئێمە ڕەخنەی لێ دەگرین! خوشکان و برایان! ئەوەش ئەوەیە کە پڕاشاک لە دوا ساتەکاندا بە قووڵی تێی گەیشتبوو. (چەپڵەی ئازادەکان).

لە خۆڕا نییە کە خەڵکی وڵات، خۆیان لە بەر دەم هێرشی خنکێنەری مافیایەکی سیاسیدا دەبینن کە هەموو وزە و توانایەکی بە دەستەوەیە، پارلمانەکەی بێدەسەڵاتە و هەموو شتێک لە دەستی سیاسەتوان و خاوەن بانکەکان دایە و تەقەڵی دەوڵەت بە کەیفی خۆیان دەکێشن. ئەوە ڕاستەقینەیە و بەم شێوەیە، ئێمە دەمانەوێ بە پێی ئازادییەکانمان بۆ دانانی کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە مشتومڕ بکەین.

لێرەدا، ئەم پرسیارە دێتە پێش کە چۆن دەگونجێ کە وێڕای ڕەخنەی توندیماڵیاتی و کاری سیستەمی قەرزی _ ڕۆژهەڵات، کە لە ڤییەن سەلماون، هەر وا پشتگوێ بخرێ و لەژێر بەڕەدا بشاردرێتەوە! ئێوەی OVP ش، لە هەموو جێگایەک لەگەڵ بوون، لەتی هەرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەی کێکەکەش SPO قووتی دا و ئێوەش چەند لەتتان بەرکەوت. خانمی سکرتێری گشتی و ئاغای "نۆیمەن" بۆ وێنە. ئاغای نۆیمەن، لە یارمەتییەکانی ڕۆژهەڵات، بە نهێنی (ڕەش و.) بە میلیونی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەوان یارمەتیی ڕۆژهەڵاتیان نەدا، بەڵکوو چەند دزێک دەوڵەمەندتر بوون، ئەویش بەبەرچاوی خەڵکی ئوتریشەوە کەماڵیات دەدەن. ئەوەش بۆ پڕاشاک زۆر قورس بوو، ئەوە شتێکە کە ئێوە دەبێ بیزانن (چەپڵەی سەربەخۆکان).

لە کۆتاییدا، پێتان دەڵێم: ئێمە گەیشتووینە کوێ؟ بەڵگە، هەواڵێکە کە ٣٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ لە "ستاندارد"دا بڵاو بۆتەوە کە بانکی دەوڵەتی "ئێنویێست کریدیت" ڕایگەیاند (سەرۆک دوکتور فیشەر: تکایە کاتی قسەکانت لەبەرچاو بێ). هایدەر: کە ئێستا ئوتریشییەکان دەتوانن لە ماڵتا، یەک میلیون شیلینگ، سەرمایە دانێن، بە پێی قانوونی ماڵیاتی. ئەمە بانکە دەوڵەتییەکانی ئێمەن، خوشکان و برایان! ئێستا ئەمن بەڕاستی لە ئێوە دەپرسم: ئایا هۆکارێک لە ئاڕادا نییە کە ئێوە وردەوردە دەبێ ڕوونی بکەنەوە؟ دەنگ بدەن بە وەی کە پاڕلمان باسی دەکا (چەپڵەی سەربەخۆکان).

سەرۆک، هاینس فیشەر: بە پێی مافی دیاریکراو، بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکە، ئاغای دوکتور "شتومفۆل" فەرموون! تکایە کاتتان لە بەر چاو بێ.

دوکتور گونتێر شتومفۆل لەOVP :

ئاغای سەرۆک، ئاغای جێگری سەدری ئەعزەم، خوشک و برایانی زۆر خۆشەویست! پاڕلمانتار ئاغای هایدەر لەسەر ئەم مێزە باسی ئەوەی کرد کە دوکتور ئاتمێز، سەرۆکی کۆنترۆڵ بانک، لە بەشێک لە ١٧ خاڵی پێوەندیی بانکی ئوتریش و CA ئاگادار بووە، ئەمن ئەوە ڕاست دەکەمەوە. ئەوە زیاتریش بووە. دوکتور ئاتمێز بەشداری ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٧ خاڵە نەبووە (تووڕەیی ئازادەکان ، پاڕلمانتار هایگەر مۆزەر: ئەوە خاڵی ١٨ یە _ پاڕلمانتار پاتریک پابل: ئەوە ١٧ی ئەلفە.)
دووهەمین ڕوونکردنەوە: دوکتور هایدەر لەسەر ئەم مێزە باسی کرد کە دوکتور ئاتمێز ئەندامی حیزبی OVP بووە. ئەوەش زیاتر لەوەیە. دوکتور ئاتمێز لە ڕاگەیەندراوەکاندا دەری بڕی کە ئەندامی OVP نییە (پاڕلمانتار ڕایش هۆلە: بەرهەمەکەتان وای گوت!).
سێهەمین ڕوونکردنەوە: ئاغای دوکتور هایدەر ئیشارەی بە دوکتور پڕیبل کرد. ئەوە وابوو کە دوکتور پڕیبل بڕیار نەبوو سەرۆکی بانکی نەتەوەیی بێ، بەڵام دوکتور پڕیبل لە بانکی نەتەوەییدا بووە و دەیەوێ بگەڕێتەوە جێگەی خۆی. ئەوە جیاوازییەکەیە. (چەپڵەی OVP و SPO ) (پاڕلمانتار هایدەر: ئەو پێشنیار کرابوو.)
سەرۆک، دوکتور هاینس فیشەر: وتەبێژی دواتر، پاڕلمانتار "ئەنشۆبەر". دە خولەک کاتتان هەیە، فەرموون:

ڕودۆلف ئەنشۆبەر (لە سەوزەکان):
ئاغای سەرۆک! ئاغای وەزیر! خوشکان و برایانی زۆر بەڕێز! ئەمن دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر ئەسڵی باسی دانیشتنی ئەمڕۆمان. ئاغای جێگری سەدری ئەعزەم! ئێمە کەمێک زیاتر لەوەمان چاوەڕوانی دەکرد. لە قسە دڵخۆشکەرانەکانی یەک کاتژمێردا تەنیا نیوەی ڕاستییەکانت باس کرد (بە وردی باسیان دەکەم) ئەویش لەسەر کێشەیەک کە لە گرینگ پترە و زۆر شتی ناڕاستیشت بە زماندا هات، بۆمن لەوە زیاتر جێی خۆڕاگرتن نییە! ئێوە دەتانتوانی (ئەمن بڕوای زۆرم هەیە) کۆتایی بەو دڵدانەوە و هەوڵانەتان بێنن، جارێکی دیکەش دەڵێم، کۆتایی پێبێنن تا لێرە بتانتوانیبا بە ئاسوودەیی هەڵسوکەوت بکەن. چون ئێوە باش دەزانن بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەتان سەر بگرێتەوە، بۆ ئەوەی دەتانزانی کە سۆسیال دیمۆکڕاتەکان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە لەو بارەیەوە دەدوێین، کەوابوو، بە کام کەرەسەوە دێنەوە سەر هێڵی کورتی یەکگرتنەوە. ئیتر ئەو هۆشدارانەی تا حەوتوویەک لە مەوبەر، فراکسیۆنی سۆسیال دیموکراتەکان و نوێنەرانیان لە پارلمان بە دەنگی بڵیند دەیان دا، مانایان نەماوە (لەنێواندا، بانگی پارلمانتار وابل دەکرێ. دوکتور براونێدەر سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکە وەئەستۆ دەگرێ).

وابل:

خوشکان و برایانی بەڕێز! لە ١٦ی ئاوڕیلی ١٩٩٧دا، هێلین قاسملوو، بێوەی سەرۆکە کوژراوەکەی کوردان، کە هاتبووە ڤییەن، پێی وابوو کە جیاوازییەکی زەق لەنێوان بێرلین و ڤییەندا هەیە. لە بێرلین بکوژە سیاسییەکان و تیرۆریستە دەوڵەتییەکان گیران، لە ڤییەن ئەوانە تا فرۆکەخانە ئیسکۆرت کران. ئێمە ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە، لەم پارلمانەدا، دانانی کومیتەیەکی لێکۆڵینەوەمان هێنایە گۆڕێ SPO و OVP دەیانگوت کە بەڵگە بە دەستەوە نین و ئێمە دەبا بەڵگە بخەینە ڕوو. ئێمە ئەوە سێ حەوتوویە خەریکین، ئاغای لایکام! سێ حەوتووە (لایکام: قسەی ڕۆژنامەکان!) بەڵام چی گۆڕدرا؟ ئەمانەی خوارەوە: لە کێشەیەک، دوو کێشە ساز بوو، لە کارەساتی ساڵی ١٩٨٩، سیاسەتی کەمڕەنگکردن و ڕووتووشکردنی ساڵی ١٩٩٧ سەری هەڵدا.
ئەگەر ئاغای کلوبۆبمەن کۆول بە زمانی شەڕ لەگەڵمان بدوێ، ئیتر کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە پێویست نییە! و کاتێک کە پرۆگرامی کاری پارلمانیش خۆی ئیسلاح نەکا، بەوە دەگوترێ، کێشەی سیاسی لە پێناو دیموکراسیدا. خوشکان و برایانی بەڕێز! (دوکتور کۆول: نا ! نا !) سێ حەوتوو ڕوونکردنەوە و هەموو وتارەکان بۆ ئەوە بوون کە بزانرێ، ساڵی ١٩٨٩ هیچ زنجیرە کەموکوڕییەک لە ئارادا نەبووە، تەنیا خۆلێبواردنێکی لە پێشدائامادەکراو بووە، هیچ کەموکوڕییەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبووە، بەڵکوو لادان لە مافی دەوڵەتی بووە. ئەوە لە کاتژمێرێکی قسەکانی وەزیری دەرەوە کە لەسەر ئینکاری هەموو شتێک پێی داگرت، دەردەکەوێ، ئەوەش جێی پێکەنینە!

وەزیری نێوخۆی ئەو کات، بەڵگەکانی ١٤ی ژولای ١٩٨٩ بەباشی دەزانێ کە سەرۆکی ئەو کاتی EBT کە دژە تیرۆر بوو، بە نووسراوە ڕایگەیاند کە ٩٩ لە سەد، ئەو سێ ئێرانییە تاوانبارن. ڕۆژی ١٤ی ژولای ١٩٨٩، دوکتور کێسلەر! وەزیری نێوخۆی ئەو کات! ئێوە دەتوانن وەبیری خۆتانی بێننەوە، بەڵام تکایە بە شان پاڵی پێوە مەنێن! ئەوە ڕاستەقینەیە!

مرۆڤ، ڕۆژێک پاش ئەم کوشتارە باش دەیزانی، تاوانبار کێیە؟ زۆریش گرینگە و دەبێ لەم وڵاتەدا ڕوونکردنەوەیەک هەبێ تا بزانرێ چ سیاسەتێک لە پشت ئەوەوە خەوتبوو؟ دەبێ بزانرێ بۆ چی سەرەڕای ئەم ئاگادارییانە، سێ تاوانبار بەردران و ئەمەش کەمترین ڕوونکردنەوەیە لە دیموکڕاسیدا و لە هەر وڵاتێکی دیکەی ئورووپادا دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوە، ئاسایی و بەشێک لە مافە. ئوتریش بۆ جیاوازە؟ (چەپڵەی سەوزەکان).

ئێوە دەتانەوێ خۆتان داسەپێنن، ئێوە دەتانەوێ شتەکان پتر ڕوتووش بکەن و ئێوە کەوتوونە سەر کۆتایی پەتی کوالیسیۆن (یەکگرتنی پارتەکان. و.) – دواتر دێمە سەر ئەمە–.

ئەمە ڕۆژی ١٤ی ژولای ١٩٨٩ بوو: EBT (پۆلیسی فیدڕاڵ. و.) بە ڕوونی و ئاشکرا گوتی کە تاوانبارەکان کێن؟ سێ ڕۆژ پاشتر گۆڤاری دادوەرەکان گوتی: ئەمن پیرۆزبایی لە دەزگای بەڕێوەبەریی ئوتریش دەکەم. ئێمە پاش سێ ڕۆژ تاوانبارمان دۆزییەوە. ئەوە بە تەواوی ڕوویەکی دیکەیە، کە کارمەندانی نێونەتەوەیی چەند مانگ بە شوێن تاوانباردا بگەڕێن. چ دەقەومێ، وەزیری پێشوو، ئاغای لۆشناک؟ هیچ! هیچ ناقەومێ، بە پێچەوانە؛ لە ١٦ی ژولای ١٩٨٩دا، دەستێوەردانێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرێ _یەکەم دەستێوەردان لەلایەن سەرۆکی پۆلیسی دەوڵەتییەوە بوو_ کە بەڵێ هیچ ئەمرێکی دەسگیری لە ئاڕادا نییە، چون پارێزراویی سیاسی هەڕەشەمان لێ دەکا. ئەوە تۆمار کراوە و بەڵگەی ئیدارییە. ئەو وتانە لە حەوارا نەکەوتوونە خوار. لە ١٩ی ژوڵای ١٩٨٩دا یەکەم بەڵگەی تاوانباریی سەحراڕوودی دەردەکەوێ. ئێوە دەزانن مەبەستم کام بەڵگەیە، یانی دانپێدانان بە ئوتۆمبێلی هەڵاتندا و ئەوەی کە لە سەتا سەت، سەحراڕوودی کڕیاری ئەو ئوتۆمبێلە بووە. سەرەڕای ئەوەش، سێ ڕۆژ پاشتر بە ئیسکۆرتی پۆلیسەوە بەرەو تەیارەخانە بەڕێ کرا، سرویسی ئیسکۆرت لە ئوتریشدا. پاشان ڕێگەپێدانی بوزورگیان بۆ چوونە نێو باڵوێزخانەوە، و تەواوی ئەم داستانە یانی دەستێوەردانی ئێران، سەرجەم ١٦ جار. کارمەندانی ئوتریش بە گوتنی و...و...و، پێنج ئەمر بە گوتنی، ئەمن ئێوە دەناسم...ئەمن دەزانم... (کە ئەمن پێموایە ئەمانە هەموو لە ڕووی دڵپاکییەوە بوون) بەڵام سەرەڕای ئەوەش، چوار هەڵوێست دەمێنن کە دەبێ ڕوون بکرێنەوە.

خوشکان و برایانی بەڕێز! بڕێک پرسیار و کێشەی ئاوەڵا هەن کە دەبێ ڕوون ببنەوە و ئەوەش تەنیا لە کومیتەیەکی لێکۆڵینەوەی پاڕلماندا گونجاوە، چون تەنیا لێرە دەتوانین بەڵگەکان ببینین، ڕاستییەکان لە شاهیدان ببیستین و بڕیارەکان بەڕێوە بەرین، ئەمەش خاڵێکی گرینگی بڕیاردانە.

ئاغای وەزیر، شوسێل! ئەمن چاوەڕوانیم لە ئێوە دەکرد کە بڵێن: باشە، هەلومەرجی ساڵی ١٩٨٩ ئاوا بوو، ئێمەش لەسەری سوورین. بەڵام ئەمڕۆ لەسەر ئەو بڕوایەین و هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەوکات دەخەینە بەردەست. بۆ وێنە، یەکەم هەڵوێست، کە ئایا بەڕاستی هاونیشتمانانی ئوتریش لە ئێران، لە مەترسیدا بوون؟ ئایا فشارێک هەبوو (کە پاشتر دێینە سەر ئەو باسە لە بڵاوکراوە گشتییەکاندا) کە لەسەر ئەو کوشتارە دەهێنرا، بەو شێوەیە کە بڵاو ببۆوە؟ یان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆکاری ئابووریی لە پشت بوو؟
ئێوە گوتتان کە دەستێوەردان بووە. ئەوە ڕاستە. چەندین دەستێوەردانی ئێران لە ئاڕادا بووە، سەرجەم (١٦)ە یان بەڵگەیان هەیە. دەستێوەردان! (لەنێواندا قسەی دوکتور شوسێل......) و ئەمە ئەو خاڵەیە کە لە هەموو ڕووداوەکەدا لەلایەن ئێرانەوە کاری کردۆتە سەر کارمەندانی داد، و ئێوە پێتان وایە کە داد بەستراوە نییە و دەستی ئاوەڵایە و بڕیار لە خۆیانە (جارێ خۆمان لە بڕیاری هێندێک دادوەر دوور ڕاگرین). ئەوە کەس لەم وڵاتەدا بڕوا ناکا.
ئاغای وەزیر، شوسێل! ئێوە ئەمڕۆ بە ئێمەتان گوت کە سەحراڕوودی پێش ٢٢ی ژولای ١٩٨٩ و پێش گەڕانەوەی بە ئیسکۆرتی پۆلیسەوە، جێی گومان نەبووە، ئەمن دەبێ بە ئێوە بڵێم کە ئەوە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، ئەوەی لەم ماڵە جێی ڕێزەدا باستان کرد هیچی ڕاست نەبوو! (دوکتور شوسێل، ئیختار دەدا)، ئەمن بە ئێوە دەڵێم کە لە ١٩ی ژولای ١٩٨٩دا ئەو بەڵگانەی خوارەوە دراون: لە ١٩ی ژولای و لە کاتژمێر ١٤ و ٣٠ خولەکدا ئەو بەڵگەیە لەلایەن پۆلیسی دەوڵەتی "نیڤۆڕال" ددانی پێدا نرا و سەلما. ئەمن وێنە دێنمەوە: لە ١٩ی ژولای ١٩٨٩دا یانی سێ ڕۆژ پێش گەڕانەوەی تاوانبارەکان، نزیک کاتژمێر ١٤ و ٣٠ خولەک وەڵامی تەلەفوونی دادوەری لێکۆڵینەوە "دوکتور دانێک" درایەوە، ئەمن پێم گوت کە شاهیدی "م." لە زۆر وێنەدا، سەحراڕوودیی ناسیوەتەوە کە لە ٩ و ١٠ی ژانوییەی ١٩٨٩دا ئەو مۆتۆڕسیکلێتە سوزووکییەی کڕیوە. کاتێک شاهیدەکە، لە نەخۆشخانە چاوی بە سەحراڕوودی کەوت، گومانی نەبوو کە کڕیاری سوزووکییەکە ئەوە. وەرەقەی کڕینەکەش هەر ئەوەی دەسەلماند، کە لەگەڵ چەکی کوشتنەکان بە یەکەوە دۆزرابوونەوە.
دوکتور دانێک بە پەلە ئەو بەڵگانەی نارد بۆ دادوەری گشتی، دوکتور "فاشینگ". ئەوەش سێ ڕۆژ پێش گەڕانەوەی تاوانبارەکان. ئێوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمڕۆ لێرە باسی ئەوە دەکەن کە کەس گومانلێکراو نەبووە.
ئاغای وەزیر! ئەوە بە شێوەیەکی زۆر منداڵانە ناڕاستە! و تەنیا بردنە پێشەوەی هەر ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ لەم ماڵە جێی ڕێزەدا وەکوو ساڵانی پێشوو، لەسەر پرسی کوردەکان چۆتە پێش. ئێمە زۆر شتمان لەسەر ئەم کێشەیە بە بەڵگەوە هەیە کە پیشان دەدەن، زانیاریی ناڕاست و هەڵە بە پاڕلمان و هەڵوێستی لێپرسراوانەی پاڕلمان دراوە. قسەکانی وەزیری ئێستا، هەر وەکوو وەزیری ئەو کات وایە.
ئاغای کلوبۆبمان! ئێستا بڵێن کە کاتێک دەگوترێ، کارمەندانی دەوڵەت بۆ خۆیان ڕاپۆرتی کارەکانیان دەنووسن، چۆنە کە پێتانوایە دەنگی زۆربەی ئێوە کە دەڵێن: ئێمە بۆخۆمان ئوتریش کۆنترۆڵ دەکەین، کارتێکەریی هەبێ؟ کێ لەم وڵاتەدا هەیە کە بڕوا بەو کۆنترۆڵەی ئێوە بکا؟ و ئەگەریش بڕوا نەکەن چی دەبێ؟ ئەمن وەکوو ئوتریشییەک کە لێرە پێ گەیوم، بڕوا ناکەم! ئەو شێوەیەی ئێوە لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئورووپادا جێی بیر لێکردنەوە نییە (چەپڵەی سەوزەکان و لیبڕاڵەکان.)

سەرۆکی پاڕلمان، ویلی بڕاونێدەر: تکایە قسەی کۆتایی!

ڕودۆلف ئەنشۆبەر:
خوشکان و برایانی زۆر بەڕێز! بەشی دووهەمی کێشەکە، SPO تا حەوتوویەک لەمەوبەر پێداگریی لەسەر پرسیاری ئامادەکردنی کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە دەکرد. پرسیاری من لە ئاغای دوکتور کۆول کلوبۆبمان و هەروەها کۆستێلا کلوبۆبمان ئەوەیە: ئایا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، پێکەوە سازانێکتان لەسەر پرسی کومیتەی لێکۆڵینەوە بووە؟ ئایا OVP و SPO بڕیاری دژایەتیی ئەو کۆمیتەیەیان داوە؟ زۆر سپاس! (چەپڵەی سەوزەکان).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرۆکی پاڕلمان: بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکە مافپێدراوی پاڕلمان ئاغای کلوبۆبمان دوکتور کۆل، ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندووە، تکایە فەرموون!

دوکتور کۆول لە(OVP) :

ئەمن، دەبێ قسەکانی ئاغای ئەنشۆبەر وەڵام بدەمەوە، لە کاتێکدا بە بەڵگەوە باسم کرد کە ئەو کومیتەیە پێویست نییە! ئەوەشم ڕاگەیاند کە کومیتەی لێکۆڵینەوە، چەکێکی تیژە بە دەست پاڕلمانەوە کە لە کاتی پێویستدا دەبێ بە کاری بێنێ بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی سیاسی. بەڵام پێموایە، ئەو چەکە تیژە کاتێک بەکار بێنین، ئەگەر (پاڕلمانتار بارمویلەر: کاتێک دژی ئوپۆزیسیۆن بێ)، _ نا! بۆ پاراستنی بێتاوانەکان! بۆ پێشگرتن لە هەڵە و سەرقاڵبوون بە کاری هەڵەوە!

هاوکارم، ئەنشۆبەر! لە دەرەوەی بەرپرسیارەتیم، وەڵامی پرسیارەکەت بە نا دەدەمەوە! (چەپڵەی OVP )

سەرۆکی پاڕلمان: وتەبێژی دواتر، ئاغای کیەر، تکایە فەرموون!

دوکتور فۆلکەر کیەر (لیبراڵ):

سەرۆکی پاڕلمان! جێگری سەرەک کۆمار! خوشکان و برایانی بەڕێز! ئەمن خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە بەرپرسی لێکۆڵینەوەی پاڕلمان نیم و دەتوانم ڕاستەوخۆ بچمە سەر کێشەکە. زۆر بۆچوونی جیاواز هاتنە گۆڕێ و پێموایە ئیتر دەبێ بڕیار بدرێ، کومیتەی لێکۆڵینەوە، بەڵێ یان نا؟ ئەوە هەڵوێست و دڵپاکیی پیشان دەدا. ئەمن ئەو بیانووانەم بۆ تەحەممول ناکرێ! ئەگەر ئێمە بڕوامان نەبێ کە لێکۆڵینەوەیەک (تا ڕادەیەک) ئەو کێشەیە ئیسلاح دەکا و نیشانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدا کە کۆنترۆڵی بەسەر دەوڵەتدا هەیە، لە خۆم و هاوکارانیشم دەپرسم کە ئایا ئێمە مافی نوێنەرایەتیمان هەیە؟ (چەپڵەی لیبراڵەکان و سەوزەکان.)

ئەوە ئاساییە، کاتێک ئیرادە و نەزمێک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێک هەبێ، باس لە وردەکارییەکان ئاسانە. کاتێک هەموو زانیارییەکان لە پاڵ یەکتر دادەنرێن، ئاسانتریش دەبێ. بەڵام ئەگەر بڕوا بە خۆمان لە دەست بدەین کە بتوانین کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ کۆنترۆڵی سیاسەتی دەوڵەت پێک بێنین، ئەوا ئیدی پێویستمان بە لێکۆڵینەوە و باس نامێنێ.

ئەگەر بەڵێنیمان پێ بدرێ کە دەوڵەت پێویستیی بە بڕێکی دیکە کات هەیە، هەر وەکوو لەسەر کێشەی تاوانباران وابوو (پاڕلمانتار گرۆس ڕۆک: دەس ڕاگرە، دەس ڕاگرە، کێ تاوانبارە؟)- کە کات بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان وەدرەنگ بخا. ئێوە بەڵێنیتان دابوو کە ڕاپۆرتێک دەدەن و ئەمن ڕێگە بەخۆم دەدەم کە بڵێم: ئەوە جۆرێکی دیکە بەرچاو دەکەوێ کە بڕێک لە بەڵگەکان دەیانتوانی بە شێوەیەکی جیاواز پیشان بدرێن و ببینرێن، هەروەک، پێرێ وا دەبینران. ئەمن زۆر بەڕاشکاوی دەڵێم: ئەو کەسەی، ئەو هەموو کاتە دەکوژێ بۆ ئەوەی پێش بە دامەزراندنی کومیتەی لێکۆڵینەوە بگرێ، دەبێ باش بزانێ کە سەرەنجام سەر ناکەوێ کە لەو کاتە کەڵکی پێویست وەرگرێ. بەوە دەگوترێ ”مەترسیی کەوتنە نێو تاریکییەوە“ (چەپڵەی لیبراڵ و سەوزەکان. (پاڕلمانتار وایکمەن: وە هەمووی لە ژێر عەبای پاراستندا) ئەمن دەستەواژەی، کەوتنە نێو تاریکی بە هۆشیارییەوە بە کار دێنم، چوون لە قانوونی تاواندا باسی لێکراوە و ئەگەر ئێوە بە کاری بێنن، یانی لە خانەی سیاسەت چوونە دەرەوە و هیوادارم وا نەبێ! ئارەزووش دەخوازم لە چوارچێوەی کاری پاڕلماندا کومیتەی لێکۆڵینەوە پێک بێ و کێشەکە بکەوێتە سەر خاڵی چارەسەری سیاسی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێگری سەدری ئەعزەم پێمان دەڵێ کە ئێمە دەبێ ڕوانگەمان بەرفراوانتر بکەین، دەبێ دەستی وەزارەتی داد بۆ کارەکانی ئاوەڵاتر بکەین (بەتایبەت لەسەر ئەم کێشەیە). بەڵام ئەمن بە تەواوی تێ نەگەیشتم، کاتێک لە سەربەخۆیی "داد" دەدوێ، پێی وایە مەبەستی ئێمە تەنیا "داد"ە؟. ئەمن پێتان دەڵێم، کە ئێمە چ ناوبانگێکمان دەردەکرد، ئەگەر ساڵی ١٩٨٩ دەستی "داد"مان بۆ کارەکانی ئاوەڵا کردبایە (چەپڵەی لیبڕاڵ و سەوزەکان). پاشان لەوانە بوو نەگەیشتینایە حوکمێک وەکوو "میکۆنووس" کە دژی ئێران بڕیارێکی سیاسیی دا، بەڵکوو لەوانە بوو دادگایەکی ئوتریش بگەیشتایە ئەو ئاکامە کە ئێمە لە مێژە دەزانین چیە! ئەویش هەر ئەوە کە ئێران لە خاکی وڵاتێکی دیکەدا کاری تێڕۆریستیی دەکا و ئەمەش خاڵی سەرەکییە.

ئێستاش ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئایا وەزیری دەرەوەی ئەو کات، هەلومەرجەکەی باش هەڵسەنگاندبوو و بە دروستی گەیاندبوویە وەزارەتی نێوخۆ و داد؟ یان باش ڕەنگی کردبوو، ئەوجار گەیاندبووی؟ یان دروستی گەیاندبوو و پاشان فشارەکانی ئێرانی بۆ باس کردبوون. ئەو شتانە کە تا ئێستاش لێک نەدراونەوە و نەخشی بانکە دەوڵەتییەکان کە چۆن گێرە و کێشەیان ساز کرد و ڕاستییەکانیان داپۆشی! و ئێستا زۆر حەیابەرانە لەسەریان دەدوێن. ڕاستی ئەوەیە کە یان سکرتێری گشتی، کاستێل، زانیارییەکانی سەرەتا ڕەنگ کردبوو و پاشان بە وەزارەتی نێوخۆ و دادی ڕاگەیاندبوو، بۆیەش فشاری نەخستە سەریان، یان بە دروستی پێی ڕاگەیاندبوون کە ئێران چیی کردووە. هیچ فشارێکیشی نەهێناوە و قورسایی کێشەکەی بۆ خۆی هەڵگرتووە. ئێمە دەمانەوێ بە شێوەی سیاسی لەوە بکۆڵینەوە (چەپڵەی لیبڕاڵ و سەوزەکان).

ئاغای وەزیری فیدڕاڵ و جێگری سەدری ئەعزەم، دوکتور شوسێل،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسی ئەو زانیارییانەی کرد کە لە بەر دەستماندا نین، ئەوانە سەرنجڕاکێشن و دەمانەوێ بیان بیستین. ئەو هەشت ساڵی پشتگوێ خست، بەڵام نۆهەمین ساڵ سەرنجڕاکێشە، لە ڕەقەمەکان گەڕێین. ئەمن دەتوانم تەنیا بڵێم کە حیسابەکانتان هیچ سوودێکی نەبوو (ئەو وتەیە دووپات دەکاتەوە. و.) (چەپڵەی لیبرالەکان). ئەگەریش مرۆڤ ئاوا لە خۆبایی بێ ، هەر وەکوو ئێوە بە کردەوە نیشانتان دا، ئەوا نەتەنیا خۆی کردۆتە گاڵتەجاڕ، بەڵکوو شتی دیکەشی دێتە سەر.

ئاغای وەزیری فیدڕاڵ! جاری وا هەیە کە هەلومەرجی ئەرکی ئەخلاقی، ڕەنگبێ سوودی بە دواوە نەبێ. دەوڵەتی فیدڕاڵیش دەبێ ئەوە بەباشی بزانێ. زۆر سپاس. (چەپڵەی لیبڕاڵ و سەوزەکان).

سەرۆکی پاڕلمان، دوکتۆر ویلی بڕاونێدەر: وتەبێژی دواتر دوکتۆر فوورمەن کە ٦ خولەک کاتیان هەیە، تکایە فەرموون:

دوکتۆر ویکی فوورمەن : (SPO)

ئاغای سەرۆک! ئاغای جێگری سەدری ئەعزەم! خوشکان و برایانی بەڕێز! وتەبێژی پێش من، لەسەر پرسی ڕاستگۆیی سیاسی دوا، و ئەو پرسیارە کە ئایا ئێمە جێی بڕوای ئەو خەڵکەین کە هەڵیان بژاردووین یان نا؟ ئاغای moوزەر، هەر لەو فڕاکسیۆنەش وا بیر دەکاتەوە، بۆیەش دەبا لەسەر بەرپرسایەتیی ئێمە وەکوو نوێنەر و هەڵبژێردراو، هۆشداری بدا. بۆیەش پێویستە ئەمن ئەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوە بخەمە بەر دەستتان.

خوشکان و برایانی زۆر بەڕێزم لە فڕاکسیۆنی لیبڕاڵ! ئەگەر ئێوە بەو بڕوایە گەیشتوون کە دەبێ داوای پێکهێنانی کومیتەی لێکۆڵینەوە بکەن، بیکەن و دەنگی پێ بدەن، بەڵام لێپرسراویی خۆتان وەکوو نوێنەر بە هێند بگرن، ئەمن ئێوە بۆ باس و گفتوگۆی هاوکارانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوانمان داوەت دەکەم، ئەوە هەم ڕاستگۆیی سیاسی لە خۆ دەگرێ و هەم ئێوەش بڕوای دەنگدەرانتان بە دەست دێنن.
بەڵام؛ ئەمن و ئەو هاوکارانە کە وەکوو ئێوە بیر ناکەنەوە، ڕێگا نادەین لەم تریبوونەوە تاوانبار بکرێین کە ڕاستگۆیی سیاسیمان نەبووە، ئێمە بڕوای دەنگدەرانی خۆمان نەهێناوەتە جێ یان ئێمە لێپرسراوانە وەکوو نوێنەری خەڵک هەڵسوکەوتمان نەکردووە، ئەگەر ئەمڕۆ و لێرەدا بە پێی لێکدانەوەی ئێوە بڕیار نەدەین! تکایە لەوە تێ بگەن. (چەپڵەی SPO و OVP)
دووهەم؛ ئێوە دەتانەوێ هەر ئەمڕۆ و بێ ئەملاوئەولا، کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە دامەزرێ. ئەمن لە ئێوە دەپرسم، خوشکان و برایانی بەڕێز لە ئۆپۆزیسیۆن! بۆ ئەم هەموو ساڵە لە ١٩٨٩ بە دواوە، پەیتان بە گرینگیی ئەم مەسەلە نەبردبوو، بۆچی بڕیاری دادگای میکۆنووستان هێناوەتە بەر باس تا ئاوا بەپەلە داوای کومیتەی لێکۆڵینەوە بکەن. بۆ باوەڕ بە ئێمە ناکەن (لەم ماڵە پیرۆزەدا) و دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوە لەسەر جێ گومانەکان دووپات و چەند پات دەکەنەوە، بە پێی میدیا و بەڵگەکان، بۆ ئێمە چەند ساڵە ڕاوەستاوین؟ یان بە ڕێگایەکی دیکەدا ڕۆیشتووین؟ هەر بەو شێوەیە کە ئاغای لۆشناک پێی ڕاگەیاندن، دادی ئوتریش سەرقاڵی کێشەی بێرلین بووە، خۆی بەپێی حوکمی دادگای بێرلین و "میکۆنووس" ئامادە کردووە، ئایا ئەوە لەگەڵ کاری کومیتەی لێکۆڵینەوە یەک ناگرێتەوە؟
دەزگای داد دەتوانێ ئاکامی دادگای بێرلین وەکوو یارمەتیدەر بە کار بێنێ و بڕیارەکانی خۆی بە کەڵک وەرگرتن لەو، دابڕێژێ. (پاڕلمانتار وابل: ئێمە دژی ئەوە نیین، بەڵام، سەرەڕای ئەوەش، ئێمە باسی کومیتەیەکی ئاوا ناکەین!)
وابل! لێگەڕێ قسەکانم تەواو بکەم! ئەمن تەنیا ٦ خولەک کاتم هەیە، ئەو کاتەم بدەرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوشکان و برایانی بەڕێز! چ لێکۆڵینەوەیەک پاشان کرا؟ تا ئێوە ئێستا داوای کومیتەی لێکۆڵینەوە بکەن؟ ئێوە چەند ساڵێک کاتتان هەبوو، بەڵام هەستتان بە گرینگیی ئەو مەسەلەیە نەکردبوو. ئێستا هەلێک هەڵکەوتووە و ئەمن لێتان تووڕە نیم، بەڵام تکاتان لێ دەکەم ئێوەش لێم تووڕە مەبن ئەگەر لەو بارەیەوە ڕێنوێنیتان بکەم. سەرەڕای ئەوەش، چ تاوانێکە ئەگەر مرۆڤ بڵێ: لەسەر سێ بواری بەشدار لەم پرسەدا، کە چ لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و چ میدیاکانەوە بە توندی هێرشیان کراوەتە سەر، نەدەتوانرا بەڵگەکان کۆ بکرێنەوە و لەگەڵ بەڵگەکانی ئێوە، ڕاپۆرتێک پێک بێنن؟ زۆر بەڵگەش هەن کە ئێوە بە دڵتان نین و بێدەنگەیان لێ دەکەن. دەتوانرا ئەوانیش بخرێنە بەردەست! جارێکی دیکە چاو بە سەرجەمی کێشەکەدا بخشێنینەوە و پاشان، خوشکان و برایانی بەڕێز! پرسیارەکان وەڵامی خۆیان وەردەگرنەوە و دەردەکەوێ کە ئایا تاوانێک قەوماوە یان نا؟ لە پەراوێزدا، ئەوەش بڵێم کە ئەو تاوانانەی باس کران، بۆ خۆیان تاوانی قورس و توندن، کەڵکی نارەوای ئێوە لە بەپرسیارەتیتانە (هێلمووت مۆزەر لەو نێوەدا دەدوێ). پارلمانتار مۆزەر! ئاساییە! دەبێ زۆر ببوورن، ئەگەرچی ئەمن پارێزەریش بم، ڕێ بە خۆم دەدەم کە ئەو قسەیە بکەم. ئەمن ئەگەر سەرۆکی داد بوومایە و پارێزەر لەو کومیتەیەدا _ پێمخۆشە بزانم هاوکارم خانمی پاتریک چی دەڵێ_ بە ڕاشکاوی دەمگوت: ئەگەر ئەو تاوان هەڵبەستنانەی ئێوە کارتێکەرییان هەبێ، ئەوە بۆخۆی چەشنێک داننان بە تاوان دایە. ئەگەریش وابێ، ئەوکات دادگا دەبێ بڕیاردەر بێ.

خوشکان و برایانی بەڕێز! ئەمن دژی داواکارییەکەتانم! بۆ ئەوەی بە حیسابی سیاسیی خۆتان، تەنیا ئێستا کاتیەتی کە دادوەرێکی لێکۆڵینەوەی ئوتریش بخەنە ژێر گومانەوە، کە بۆچی حوکمی دەسگیریی نەداوە (دەزانن، کە بۆ خۆم زۆر جار ڕەخنەم لە دادی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئوتریش هەبووە) و بەو بۆچوونەوە داوای کومیتەی لێکۆڵینەوە، هەر ئەمڕۆ و لێرە بکرێ. (چەپڵەی SPO و OVP)
هاوکارم، مۆزەر! هاوکارم کییەر و هەموو خوشکان و برایانی ئوپۆزیسیۆن! ئەمن ئێستا شتێکتان پێ دەڵێم و ئەویش بە پێی ئەزموونی خۆم، وەکوو ئەندامی دووهەمین کومیتەی لێکۆڵینەوە. کومیتەی لێکۆڵینەوە، بە بەڵگەوە دەژی، لەسەر فاکت و دژە فاکتەکان دادەمەزرێ، نەوەکوو لەسەر گومان! شتێکی دیکەش دەڵێم: نەزمی بە دواداچوونی پارڵمان بە هێند وەربگرن، چون ئەمن، ویلی فوورمەن، تەنیا کەسێک بووم کە خۆم بەو کێشەیەوە ماندوو کرد، کومیتەی لێکۆڵینەوەی "لۆکۆنا" و "نۆریکۆم"م بەڕێوە برد. (نۆریکۆم، کومیتەی لێکۆڵینەوە لە کوژرانی کوردەکان بوو. و.).
(پارڵمانتار وابل: بەڵام OVP ئەوەی قەبوول نەکرد)_ بەڵێ بەداخەوە پشتی منیان بەردا و ئێستا نەزمێکی دیکەی پارڵمانمان بە دەستەوە نییە! (وابل: کۆول ڕەتی کردەوە)، بەڵام لەو کەسانە نیم کە بڵێم، لێگەڕێین، چون نەزمی نوێمان بە دەستەوە نییە.

سەرۆک، دوکتور ویلی بڕاونیدەر: تکایە قسەی کۆتایی.

دوکتور ویلی فوورمەن:
کاتەکەم کورت بوو، ئەویش بە دڵخوازی خۆم.

سەرۆک: باشە.

دوکتور ویلی فوورمەن: تکایە، تەنیا خولەکێک! ئەمن لەوانە نیم کە دەڵێن، نابێ کومیتەی لێکۆڵینەوە پێک بێ تا ئەو کاتەی، نەزمی نوێی پارڵمان لە گۆڕێدا بێ. بەڵام، خوشکان و برایانی بەڕێز! ئەمن لەمماڵە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێی ڕێزەدا، هۆشداریتان دەدەمێ: ئێمە لەم کاتەدا پلانێکی بەکەڵکمان هەیە، جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر مەسەلەکە بەبێ ئەوەی خۆمان بە دانانی کومیتەیەکی ئەوتۆوە سەرقاڵ بکەین یان بێینەوە سەر نەزمی پێشووی پاڕلمان، یان دژی ئەوەی کە دادوەری تاوانەکانی ئوتریش "ئێلینگەر" ڕایگەیاند. لێ گەڕێین، جارێکی دی بڵێین: ئەو قیرە و هات و هاوارەی میدیاکان دروستیان کرد و هاوکات پێش داوەرییەکانیان، بەو شێوەیی کە چاوەڕوانیش دەکرا، کاری خۆیان کرد، یان چۆن پاڕلمانتار "ڕودێر" لەگەڵ شاهیدەکان هەڵسوکەوتی کرد و زۆر خاڵی دیکە کە لە میدیاکان وەرگیراون.

ئێستا، باس لەسەر ئەو داوەرییە پێشوەختانە نییە کە چۆن ڕووداوەکەیان گۆڕی و ڕازاندیانەوە، بەڵکوو ئەوەیە کە ئەندامانی کومیتەی لێکۆڵینەوەی پاڕلمان، لە ژێر چەتری پارێزراویی پاڕلماندا داوەری دەکەن و هەلپەرستانە شاهیدی دەدەن و....

خوشکان و برایانی بەڕێز! ئەمن زۆر هیوادارم کە ئەگەریش کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە لەمماڵەدا پێک هات و چونکە زۆر پێویستە، ئیتر ئەم قسانەمان پێ نەڵێن _ وەکوو لێپرسراوی پاڕلمانی ئەم کۆمارە _ (چەپڵەی SPO و OVP) وابل: کێ زۆربەی دەنگەکانی لەم ماڵەدا پێیە؟

سەرۆک دوکتور ویلی بڕاونیدەر: وتەبێژ خانمی دوکتور فێکتەر ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندووە، کاتەکەی ٧ خولەکە، فەرموو خاتوون!

دوکتور ماریا ترێزیا فێکتەر لە (OVP):

جێگری سەدری ئەعزەم! ئاغای سەرۆک! ماڵی جێی ڕێز! ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی خۆی بەم مەسەلەیەوە سەرقاڵ بکا، دەبێ ڕووی لە زانیارییەکانی ئەمرۆ بێ و ئەمجار بڕیار لەسەر ئەو کاتە بدا ( پاڕلمانتار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەنشۆبەر: ئاغای وەزیریش دەیویست لەسەر زانیارییەکانی ئەمڕۆ بڕوا!) _ ئێوە، ئاغای هاوکار، ئەنشۆبەر! بۆ کاتەکانی داهاتوو، بڕێک شتتان هێناوەتە گۆڕێ کە لەگەڵ ڕاستییەکان یەک ناگرنەوە. ئەگەر مرۆڤ چاو بە کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکاندا بخشێنێتەوە و لەگەڵ زانیارییەکانی ئەمڕۆ پێکەوەیان دابنێ، دەتوانێ لێکدانەوە و بڕیاری هەبێ، ئەوجار لەسەر دادوەری، دەزگای دەسەڵات و جێبەجێکردن و هەڵەی کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە، بدوێ. (چەپڵەی SPO و OVP). ئەنشۆبەر: ئێوە دەتوانن چۆنتان پێخۆشە بیرێسن، ئەوە هیچ لە ڕاستییەکان کەم ناکاتەوە.

_ ئەمن دەمەوێ بە کورتی بێمەوە سەر کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکان. جێی مشتومڕ نییە کە بریندارە ئێرانییەکە کە لەسەرەتادا وەکوو قوربانی دەبینرا (ئەنشۆبەر: وا، نییە! ئەوە ڕاست نییە!) و بۆیەش کاتێک لەسەر شەقام، ئەو بریندارە داوای یارمەتیی لە پۆلیس کرد، وەکوو قوربانی چاوی لێکرا. خاڵی دیکە لە کرۆنۆلۆژیدا: هەر ئێرانییەک کە لەو کاتە کورتەدا دەسگیر کرابا، دەیگوت کە لەو ماڵەدا نەبووە و چۆتە پیاسەکردن و خۆی وەکوو شاهید دەناساند، دیارە وەک تاوانبار چاوی لێنەدەکرا. بەو پێیە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەر دوو ئێرانییەکە وەکوو قوربانی کرد و ئێمە دەبێ ئەمڕۆ ئەو هەلومەرجە ببینین. ئەو تیۆرییە زۆر زوو درایە بەر ڕەخنە، بە تایبەت سێ ڕۆژ پاش ڕووداوەکە و ئەوەش گومانی دروست کرد، بەڵام ئەو ڕەخنانە ئەوەندە بەهێز نەبوون کە دادوەری لێکۆڵەر کە لەگەڵ بریندارەکان لە نەخۆشخانەش دوابوو، بەو ئاکامە بگەیەنێ کە ئەوانە تاوانبارن و ئەمری دەسگیرییان بدا. پاش مانگێک، لە نوامبری ١٩٨٩دا توانرا لەسەر تیۆریی قوربانی و بە پێی ٤٠٠ لاپەڕە لێکۆڵینەوەی پزیشکی و چۆنایەتیی جێی گوللەکان بگاتە هەڵوێستێکی دروست (پاڕلمانتار یونگ: ئەوە کێشەیە، کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بگوترێ بە درێژایی، هەروا بەڕێوە بچێ) ئەوە بەو مانایەیە کە تەنیا لە نووامبری ١٩٨٩دا، ئەو هەلومەرجە پێک هات کە بتوانێ بیسەلمێنێ ئەو قوربانییانە بۆخۆیان تاوانبار بوون. جا، هەوڵی کارمەندانی ئەمنیەتی و لێکۆڵینەوەی دادوەر لە نەخۆشخانە ئەو بەڵگانەی سەلماند کە ئەمری دەسگیری بێتە ئاراوە.

دژی بوزورگیان، کە تەنیا شاهیدی ئێرانی بوو، ڕۆژی دوایی حوکمی دەسگیری درا، چون خۆی لە یارمەتیدان پاراستبوو (شتادلەر: ئەوە تەنیا چەشنێک ڕێزلێنان بوو)، هاوکارم شتادلەر! کاتێک دادوەر هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو تا ئەو وەکوو بکوژ تاوانبار بکا، ئێمە ناتوانین تاوانباری کەین کە بۆ زانیاریی تەواوی نەبوو (شتادلەر: بەڵام زۆری بە دەستەوە بوو) _بەڵام ئەو کەسە ئێرانییەی ئازاد کرابوو یان حوکمی دەسگیریی نەبوو، خۆی لە باڵوێزخانەی ئێراندا شاردبۆوە و سەرەڕای هەوڵی بەشی دەرەوەی ئێمە کە هەموومان دەزانین سەری نەگرت.

ئەوە لە هەموو بەڵگەکاندا، کرۆنۆلۆژی و هەروەها میدیاکاندا دەردەکەوێ کە ئەو فشارانە کارتێکەرییان نەبووە، نە لەسەر دەزگای جێبەجێکردن نە لەسەر دەزگای داد. هاوکارانم لە فراکسیۆنی سەوزەکان! ئەمن هەر ئەو تاوانە بۆ ئێوە دەبینم کە داتانە پاڵ وەزیر "فۆریگەر". ئەو لە ٢٢ی ژولای ١٩٨٩دا، یانی نۆ ڕۆژ پاش تاوانەکە لەسەر گومانی بەپەلەی ئەو تاوانە، باسی دەسگیریی بوزورگیانی کرد. ئەگەر بزانرێ کە لە هەمان کاتدا، پارێزەری گشتی "فاشینگ" و لێکۆڵەری داد "دانێک" بەڵگەی تەواویان بۆ دەسگیری بە تاوانی کوشتار بە دەستەوە نەبوو. دیارە وەزیریش بەڵگەی سەلمێنەری بۆ ئەو کوشتارە بە دەستەوە نەبووە.

ئەوە گومان بوو کە بۆ زانیارییەکانی ٢٢ی ژولای ١٩٨٩، لەگەڵ ڕاستییەکان یەک ناگرێتەوە، ئێوە ناتوانن ئەوە بسەلمێنن کە لێکۆڵەرانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داد و دادوەری گشتی بۆیە نەگەیشتنە ئەو ئاکامە کە بەڵگەیان بە دەستەوە نەبوو؟ ئێوە هەر وا بە شوێن تیۆریی قوربانیدا دەگەڕێن. (چەپڵەی SPO و OVP). هاوکارم ئەنشۆبەر، وای گوت کە ڕوون بوو کە سەحراڕوودی ئەو مۆتۆڕسیکلێتەی کڕیبوو. ئەوە هەر ئەو کات بۆ دادوەری گشتی ڕوون بوو، بەڵام سەحراڕوودی لەو بۆچوونەی خۆی لای نەدا کە ئەو قوربانییە و ناتوانێ تاوانبار بێ. دادوەری گشتی ڕایگەیاند کە هیچ بەڵگەیەک لەسەر گومانی کوشتار بە دەستەوە نییە. بۆ ئەو ئاگاداری و بەڵگانە کە ئەو کات بۆ لێکۆڵینەوە بە دەستەوە بوون، ئێستا دەبێ بڵێین کە جێی ڕەزامەندی نین.

لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە و پاش ڕەوتی "میکۆنووس" بێگومان دەکرێ وردبین بین و بڕێک باشتر شتەکان بناسین. تەنیا ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی ئێمەدا ناکرێ بۆ ڕوونکردنەوە کەڵکی لێ وەرگرین، ئەوەیە کە دەستمان بە هەموو بەڵگەکانی میکۆنووس ڕاناگا. ئەوە تەنیا دادگا دەتوانێ بیکا. لەسەر ئەوە، وتەی کۆتاییمان ئەوەیە کە دادگا دەبێ لەسەر کوشتار بڕیار بدا. حوکمی دەسگیریەکان دروست بوون، دادگای لێکۆڵینەوەکان بەڵگەکانی خستە ڕوو کە لەوانەیە ڕووداوەکەی بە گشتی تێدا بێ.

هەنگاوەکانی پاش دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوە، ئاغای وابل! تا ڕادەیەک بە پێی ڕوانگەکانم، بۆ من ئاسایین، بەڵام دژی چالاکیی سیاسەتوانان دێنە بەرچاو، نە زۆر وەکوو هەستێکی هەڵقوڵاو کە ڕاستیی تاوانی ڕووداوەکە لە خۆ بگرن. (چەپڵەی SPO و OVP)

سەرۆک، دوکتور ویلی بڕانیدەر: کەسی دوایی، پاڕلمانتار شتادلەرە، تکایە فەرموون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یۆهان ئێواڵد شتادلەر (لە ئازادەکان):
ئاغای سەرۆک! ماڵی جێی ڕێز!
کاتێک خانمی سەرۆکی لێکۆڵینەوەی داد لەسەر تاوانبار دەدوێ، پێویستە هەمیشە بە پارێزەوە بدوێ، ئاغای جێگرەوەی سەدری ئەعزەم! خانمی سەرۆکی لێکۆڵینەوەی داد، ماوەیەکی کەم لە مەوبەر، دەستی بردە کاری کابرایەکی بۆسنیا، کە دەبا بیگێڕنەوە وڵاتەکەی، بڕیارەکەش بە دەست هەرێمی ڤۆکلابرووکەوە بوو.
خانمی سەرۆک "فێکتەر" لەگەڵ وەزیری فیدڕاڵ یەکیان گرت و کابرایان بەردا (دوکتور فێکتەر: ئەوە، درۆیە!)_ ئەو کابرایە ١٥٠ تاوانی لەسەر بوو، کە توانیی خۆی ون بکا و دەبا دیسانەوە بە شوێنیدا بگەڕێن (ئازادەکان: ئەهاااا !) هاوکارمان خانمی فێکتەر، کاتێک باسی تاوانبار دەکا دەبێ بەپارێزەوە بدوێ، ...بەپارێزەوە.
خوشکان و برایانی بەڕێز! ماڵی جێی ڕێز! ئەو کابرایە پاشان دەسگیر کرا و گەڕاندیانەوە _سەرەڕای دەستێوەردانی هاوکارمان، خانمی فێکتەر_
خوشکان و برایانی بەڕێز! ماڵی جێی ڕێز! ئێستا بەڕوونی لەسەر باسەکە هەڵوێست دەگرم: ئێمە دامەزرانی کومیتەی لێکۆڵینەوە پەسند دەکەین، شوێن ئەو تاوانانەش دەکەوین کە هاتنە گۆڕێ. ئەمن لە دانیشتنی ئاخرماندا، داکۆکیی فراکسیۆنی سەوزەکانیشم گەیشتە دەست.
خوشکان و برایانی بەڕێز! ئەو هۆکارانەی کە کۆبوونەوەی ئەمڕۆیان پێک هێناوە، دەبێ ڕوون بکرێنەوە. بۆ دەبێ دانیشتنی تایبەتی بۆ بکرێ، بۆ ڕووداوێک کە زۆر ساڵ لەمەوبەر، قەوماوە؟ ئایا ئەوە بە ڕاستی ئەرکێکی بەپەلەیە؟ ئایا هەرکات داوای دانیشتنی تایبەت کرا، دەبێ بەڕێوە بچێ و مشتومڕی لەسەر بکرێ؟ ئەویش ئەگەر بە مەبەستێکی تەواو سیاسی بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوکارمان خانمی شمیت، بە دووروودرێژی _تەنانەت بە نووسراوەش_ ڕایگەیاند کە باس لەسەر دوورەپەرێزی و بێدەنگیی وەزارەتی دادە. سەرۆکی داد، دوکتور فاشینگیی ناو برد، چەند جاریش گوتی کە وەزارەتی دەرەوەش تاوانبارە. لەگەڵ ئەوانەش گوتی کە وەزیری دەرەوە دوکتور مۆک، نا، بەڵکوو سکرتێری گشتیی ئەوکات لە وەزارەتی دەرەوە، دوکتۆر کلێستیل تاوانبارە.
باس لەسەر دوکتۆر کلێستیلە، خوشکان و برایان!
هاوکات لەگەڵ ئەوەش، ئاغای دوکتۆر فیشەر لە فڕاکسیۆنی سەوزەکان کە وەکوو قارەمان چاوی لێدەکەن، ئەو کات دەیەویست حوکمی دەسگیرییەکان ڕاگرێ و پێش بە گەڕاندنەوەی تاوانباران لە ئێرانەوە، بگرێ. هاوکارم خانمی شمیت! دەکرێ پیت بە پیت لەوە تێبگەین کە بۆچی گەیشتوونە ئەم بارودۆخە، بۆ لەسەر دوکتۆر کلێستیل ئاوا هەستیارن، ئەوە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی سەدری ئەعزەمی داهاتووە و هیچی دی لە گۆڕێدا نییە، تەنیا ئەوە بۆ ئێوە هۆکارە و لە پشت پەردەی هەڵوێستەکانتاندایە (چەپڵەی ئازادەکان) ئەوە بەو هۆیەیە کە لە کێشەیەکی دادگادا _ئاغای مۆزەر! وەکوو کێشەیەکی دادگا کە پێتانوایە دەبێ لێکۆڵینەوەی لێ بکرێ. لە وڵاتی ئێمەدا، تاوانبار چەند جار ون دەکرێ_ بەڵام بە هۆی پێشگرتنی دادگای ئوتریش تەنیا لە ڕەوتێک هەمان بۆچوون زۆر جار لەلایەن هاوکارمان شمیت دێتە ئاراوە و داوای کومیتەی لێکۆڵینەوەی بە پەلە دەکرێ، کە ئەمن دەتوانم وەکوو داکۆکی خەتێکی قەڵەوی لەبن دابنێم. بێ هەڵوێستیی دوکتۆر کلێستیل لە ڕاستیدا بەو مانایەیە کە تاوانەکە تەنیا بخرێتە سەر شانی ئەو، بەڵام لەو بارەیەوە، خوشکان و برایان! ئەوە یارییە و بە ڕاشکاوی دەڵێم کە ئێمە لەگەڵی نیین.
خوشکان و برایانی بەڕێز! ئێمە لەسەر ڕووداوێکی ڕوون و بێگرێ دەدوێین، بەڵام هەروەها لەسەر دژایەتیی داد لەو ڕووداوەدا (چەپڵەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربەخۆکان.)
ئاغای جێگری سەدری ئەعزەم، هەروەها وتەبێژەکانی OVP ، ئەگەر ئێوە پێتان وایە کە داد لەسەر ئەم کێشەیە، کە خۆی چکۆلە کردەوە و کڕنۆشی برد، سەرکەوتوو بووە؟ ئێمە دەتوانین پێتان بڵێین کە لەکوێ ئاغای وەزیری داد لە کابینەدا دەبا ئێوەی ئاگادار کردبایە کە _ ئەوەی بە ڕۆژنامەی "کوریەر" گوتبوو_ پتر ناتوانن شوێن کێشەکە کەون، چون دەستیان بە تاوانبارەکان ناگا؟
خوشکان و برایان، لە فڕاکسیۆنی!OVP ئێوە، بۆ لە ماڵی جێی ڕێزدا ئەو باسانە دەکەن؟ ئێوە باسی لێکۆڵینەوە لەلایەن دادەوەر دەکەن، بۆ ڕوو لە دادگای میکۆنووس و بریارەکانی ناکەن، زۆر باش دەزانن کە دەزگای داد، کارێکی لە دەست نایە. ئەگەر کارێکیشی لە دەست بێ، دیارە هەوڵی خەواندنی دەدا. سەرجەم، ئەوە بەرەو کوێ دەڕوا؟، خوشکان و برایان؟ (چەپڵەی ئازادەکان).
ئاغای جێگری سەدری ئەعزەم! ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە زۆر بە پەلە نیازمان بە کومیتەی لێکۆڵینەوە هەیە، ئێوە ئێستا و لە درێژخایەندا ناتوانن پێشی پێبگرن. بەڵام لە هەموو شتێک گرینگتر، خوشکان و برایان لە فڕاکسیۆنی سەوزەکان! ئەو پرسیارەیە کە کێ لەم کێشەیەدا وەکوو پاشای تاج بەسەر لە میدیاکاندا نیشان درا؟ پاشان ئاغای بەنی سەدر لە میدیاکاندا ئەوەی باس کرد. خوشکان و برایانی فڕاکسیۆنی سەوز! ئێوە دەزانن کە بەنی سەدر کێیە؟ کاتێک بەنی سەدر باسی کوشتاری کوردەکان دەکا، تەزوو بە لەشمدا دێ. بەنی سەدر ئەو کەسەیە کە لە کوشتاری کوردەکان لە باکووری ئێراندا (ڕۆژئاوای ئێران ڕاستە.و.) بەشدار بووە. ئەو بۆخۆی شەریکی کوشتاری گەلی کوردە. ئەوە جێی بیرکردنەوەیە کە بکوژێک وەکوو خزمەتکاری مرۆڤ و تاج لەسەر، دژی دەوڵەتی ئوتریش لە میدیاکاندا خۆی بنوێنێ.
خوشکان و برایان! دەمەوێ چاو لە بەنی سەدر و قسەکانی بپۆشم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە بەو هەموو بەڵگە و ئامرازانە کە لە ئوتریش، لە بەر دەستمان دایە دەتوانین کێشەکە ڕوون بکەینەوە.
خوشکان و برایان! ماڵی جێی ڕێز!
ئێستا خانمی هاوکارم، شمیت، وتەی کۆتایی خۆی دەربڕی کە ئەوە بۆ ئەو زۆر جێی دڵەخورپە بووە کە دانیشتنی تایبەتی پاڕلمان کەوتە سەر باسێکی دیکە، یانی خۆکوشتنی سکرتێر "پڕاشاک"، بە نووسراوەش ڕایگەیاند کە ئەگەرچی داوای دانیشتنی تایبەت کرابوو، خۆکوژیی پڕاشاک کەوتە نێوان کە هەموو ئوتریشی هەژاند.
خوشکان و برایان! خۆکوشتنی پڕاشاک، پێویستیی بە دانیشتنی تایبەت هەیە و لە داهاتووشدا دەبێ سەرقاڵی بین.
ئاغای جێگری سەدری ئەعزەم! ئێوە ناتوانن هەر وا بە هاسانی بڵێن کە: ئێمە لەگەڵ SPO ساغ بووینەوە کە ڕاست هەر ئەوەیە کە سەرۆکی بانکی ئوتریش واژۆی کردبێ! ئەوە بەو مانایە دێ کە هەرچی سەرۆکی بانک واژۆی کرد ئەوە ڕاستیی موتڵەق و ڕەهایە، ئەوکات هەر واژۆیەکی OVPلە پەنای ئەو دەبێ ڕاستیی موتڵەق بێ. تکایە جارێکی دی کە لەگەڵ ئێمە دەدوێن، سەرۆکی بانکێک بنێرن، ئاغای جێگری سەدری ئەعزەم و سەرۆکی OVP تاکوو بایەخی خۆی هەبێ. لەسەر ئەم کێشەیە، ئێوە دەڵێن کە کاری زۆرتان کردووە و لە خاڵی یەکەوە گەیشتوونە خاڵی ١٧، ئەوەش ڕاست نییە! هەر لە خاڵی یەکەمدا، سەرمایەدانان لە AVZدا، نەکرا. دامەزراندنی لێژنەی دەستپاکی بەڕێوە نەچوو (لێرەدا باسی ئەو ١٧ خاڵە دەکا کە جێگری سەدری ئەعزەم لەسەرەتادا وەکوو پێشنیاری خۆی بۆ گەشەی ئابووریی وڵات باسی کرد. هەوڵی سەلماندنی ئەوەی دا کە بۆ دابەزاندنی ئەو ١٧ خاڵە هەوڵی پێویست نەدراوە، جێگری سەدری ئەعزەم داکۆکی لە خۆی و پلانەکەی دەکا کە پێوەندیی بە باسی تیرۆری کوردەکانەوە نییە. وتاربێژی دواتریش باسی کێشەی ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆسنیاییە دەکا کە ئەویش لە دەرەوەی باسی ئێمە دایە. و.).

سەرۆک ویلی بڕانیدەر: تکایە خانمی کامێرلاندێر!

پاڕلمانتار دۆریس کامێرلاندێر (لە سەوزەکان):
ئاغای سەرۆک! ئاغای وەزیر! هاوکارانم!
ئاغای وەزیری دەرەوە! ئێوە لە وتەکانتاندا سیاسەتی دەرەوەی خۆتان لە ئاست ئێران بە یارمەتیی ئەوانی دیکە، داڕشت، ئێوە بە یارمەتیی هێزە میانەڕەوەکان کەوتنە ڕاستکردنەوەی سیاسەتی خۆتان، بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەیە و گەڕان بە شوێن هێزی میانەڕەودا، نە تەنیا دەبێ هاوکات، دیتنی ئەو ڕێژیمە لە ئێراندا بێ کە ئێوە سەروکارتان لەگەڵیدا هەیە، بەڵکوو ئەو هەموو هاتوچۆ دەوڵەتییانەش بێ کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەنێوانماندا هەبووە و ئەوەی کە پێوەندییە سیاسییەکان لە چ ئاستێکدا بوون. ئەو زانیارییانە، دامان دەمرکێنێتەوە.
ئەمن زەحمەتم بەر خۆم دا کە چاو بە سیاسەتی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو، بە تایبەت سەرەتاکانی ١٩٨٩دا بخشێنمەوە. ساڵی ١٩٨٩مان نەک بۆیە هەڵبژارد، چونکی ساڵی بکوژەکان بوو، بەڵکوو چون هەلومەرجی شەڕی ئێران و عیراق، نەتەنیا کارتێکەریی لەسەر پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکەکان، بەڵکوو پێوەندییە ئابوورییەکانیش دانا و بڕێک شێواندنی.
لە ساڵی ١٩٨٩دا چەشنێک گەشانەوە لە پێوەندییە سیاسییەکانی دەرەوە، هەڵبەت نەتەنیا لە هاتوچۆی دوو لایەنەدا، بەڵکوو پێش هەموو شتێک لە هەناردەکردنی بازرگانیی ئوتریشدا، سەری هەڵدا. ئەو بەرزبوونەوەیە لە ساڵەکانی ٩٠ و ٩١، لە بواری بازرگانی دەرەوەدا پتریش بوو، ئێوە لەو بارەیەوە بێدەنگ بوون.
ئەگەر لە وڵامدا بڵێین: کە ئەوە ڕاست نییە، سەیری بەڵگە و ئامارەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەن! ئەوکات، دیارە کە بە ئانقەست بێدەنگیتان هەڵبژاردوە. ئەوەی کە چەند ساڵێک پێوەندییە بازرگانییەکانتان پەرە پێداوە و بە گەشەی بەرچاو گەیشتوون، بەتایبەت ساڵەکانی ٩٠ و ٩١ و ٩٢، کە ئەمانە ڕێک ساڵەکانی پاش تاوانی ڤییەن بوون و دەکرێ لە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەشدا بخوێندرێنەوە، کە لە کام پاشەکەوت و لە کام بوار و کام بەرهەمدا پێوەندی هەبووە کە ئوتریش توانی سوودی زۆریان لێ وەرگرێ.

ئێمە دەتوانین بخوێنینەوە کە ئەو هاتوچۆ سیاسییانە لە چ ئاستێکدا بەڕێوە چوون. ئەوەش جێی سەرنجە کە لە ساڵی ١٩٩٠دا یانی ساڵێک پاش کوشتارەکە، ئەو سەردانانە کراون، بەڵام پاش ساڵی ١٩٩١ سەردانەکان پتریش بوون و بەتایبەت لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا ئاڵوگۆڕ زیاتر بووە. میوانی تایبەتی لە ڤییەن پتر بوون کە نەتەنیا بۆ "ویلایەتی" کە ساڵی ١٩٩١ سەردانی کرد، بەڵکوو پەیتاپەیتا ئەو سەردانانە درێژەیان هەبوو و بێجگە لە وەزیری گەشتوگوزار لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری ئابووری، وەزیری کاریش لەو بوارەدا سەردانی کرد. لێژنەیەکی گەشتوگوزار هاتن و لەگەڵ پارلمان کۆبوونەوە، بە پێشنیاری زۆر باڵاوە. ئەوەش تا ساڵی١٩٩٥ بێپسانەوە درێژەی هەبوو، بۆ وێنە سەردانی لێژنەی گەشتوگوزار بۆ کێشەی ئاو، لە ئاستێکی باڵادا. لێرەدا ئێمە نابێ شتێک بسەلمێنین، بەڵکوو ئێوە، ئاغای وەزیر، دەبێ بڵێن کە لەم ساڵانەدا چی قەوما و سپاستان دەکەم کە بەڵگەکان ئاشکرا بکەن، لەسەر ئەوەی بیرتان لێ دەکردەوە و لە ئاستی هێزی دوو لایەندا. ئێوە دەبێ لەسەر بەڵگەی بۆچوونەکانم بەڵگە بێننەوە، کە پێوەندیتان لەگەڵ ئەو معامەلەیە نەبووە و ئەو بێدەنگییەتان لەسەر مافی مرۆڤ، لە پێوەندیی بازرگانیی دەرەوە و هەناردە کردندا، نەکراوە.

ئەوە لە هەموو ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٩ و پاشانیشدا خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشان داوە. باس لەسەر ڕەواندنەوەی هەموو کاتە جێ گومانەکانە، بەڵام چ ئامرازێک؟ لە ئێوە دەپرسم، چ ئامرازێک باشترە لە دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوە؟ ئێوە دەڵێن کە لێگەڕێن تا دادگا بێلایەنەکان ئەو لێکۆڵینەوەیە بکەن.
ئاغای وەزیر! ئێوەش وەکوو ئێمە باش دەزانن کە دادگایەکی بێلایەنمان بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە هەر نییە!
ڕوونکردنەوەی هۆکارە شاردراوە سیاسییەکان، بەرپرسیارەتیی سیاسی، پێوەندییە سیاسییەکانی وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی نێوخۆ و داد، ئەوەی کام ئەمر، لە کوێوە دراون و چۆن؟ لێکۆڵینەوە بەڕێوە چوو بەڵام ئەمری هیچ دەسگیرییەک نەدرا. بۆ ڕوونکردنەوەی هەمووی ئەمانە، لێژنەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی کومیتەیەکی لێکۆڵینەوەدا پێویستە و نە لە دادگایەکی بێلایەندا !
ڕەنگە ئەوەش جێی سەرنج بێ کە ئوتریش تەنیا وڵاتێکە کە دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوە، بە پێی دەنگی زۆرینەی پێ گونجاوە. لە وڵاتانی دیکەی ئورووپادا، کەمینەش بۆی هەیە کە کومیتەیەکی ئەوتۆ پێک بێنێ، ئێمە لە هەلومەرجێک داین کە تەنیا زۆرینە (دوکتور شویمەر: لە کوێ، لە کوێ؟) ــ بۆ وێنە لە ئەڵمان (د. شویمەر: ئایا وڵاتێکی دیش هەیە؟)
ــ ئێمە لە وڵاتێکین کە نەتەنیا زۆرینە بڕیاری کومیتەی لێکۆڵینەوە دەدا، بەڵکوو، لە وڵاتێک داین کە لە کاتی باس لەسەر پڕۆگرامی پاڕلماندا، کلوبۆبمەن لە دەوڵەتی کوالیسیۆندا، هەڵبەت کلوبۆبمەن کۆل، دەڵێ: "ئێمە مژاری باس و بەڵگەمان پێویستە تا لێکۆڵینەوەیەک بەڕێوە بچێ، ئەوەش ناتوانین بگۆڕین و ناشتوانین هیچ کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە پەسند بکەین" (د. شویمەر: لە کام وڵات، بێجگە لە ئەڵمان شتی وا هەیە؟)
ــ ئێمە بە ڕاستی لە وڵاتێکدا دەژیین کە ئامرازەکانی کۆنترۆڵ، بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیان دەبێ کۆنترۆڵ کرێن، پاشان وەزارەتخانەکان ڕاپۆرت بدەن. سەیر ئەوەیە کە هیچ ڕاپۆرتێک لە کارمەندانی بەشی دەرەوە یان وەزارەتی دەرەوە بە دەستەوە نییە کە ساڵی ١٩٨٩ و ساڵەکانی پاشتری، وەزارەتی دەرەوە چ نەخشێکی لە بەهێزبوونی پێوەندی لەگەڵ ئێراندا گێڕاوە. ئێوە هەر بەوە خۆتان ڕازی کردووە و دەڵێن، با، لێگەڕێین، تا ڕاپۆرتەکان ئامادە دەبن، پاشان بزانین چی دەبێ.

سەرەڕای بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و بۆچوونە گشتییەکان کە ڕاستەوخۆ کەوتنە بەر چاوتان و دەیانتوانی گومانی ئێوە بڕەوێننەوە، دەبا جێی پرسیارتان بووایە. دێینە سەر خاڵێک، خانمی هاوکارم، فیکتەر! ئێوە ڕوونکردنەوەیەک قەرزدارن. ئێمە لە وڵاتێکدا دەژیین کە دەستووری دەسگیری زۆر بەپەلە بۆ گومان لە تاوان و بەتایبەت کوشتن دەردەچێ و ئەوە لە ئوتریش سەقامگیر بووە بەتایبەت ئەگەر گومان لە بکوژیدا هەبوو، دەستووری دەسگیری دەبێ دەرچێ. ڕوونکردنەوە پێویستە کە بۆ دوو جار گومانی کوشتار هەبووە و هیچ دەستوورێک بۆ دەسگیری دەرنەچووە؟ ئەویش لەم وڵاتەدا (ئەگەر چی نە بەهۆی مەترسیی بڕیاردان لە تاریکیدا یا مەترسیی هەڵاتنی تاوانباران و هەموو هۆکارەکانی دی) هۆکار چی بووە؟ ئێوە لێرە و لەسەر ئەم ڕووداوە دەڵێن کە هیچ بەڵگەیەکمان نەبوو تا گومانلێکراوەکان دەسگیر بکەین یان لێکۆڵینەوەیان لێ بکەین.

ئەوەش سەیرە (پاشان دێمە سەر ئەوەی کە هاوکارم ئەنشۆبەر هەر ئێستا باسی کرد) کە پێوەندیی نێوان دانانی کومیتەی لێکۆڵینەوە و هەڵسوکەوتی جێی لێکۆڵینەوەی کۆنترۆڵ بانک لە هەناردەکردندا و کاری سێ وەزیری جێی پرسیار و ناڕوون کە یارمەتییان بە هەڵاتن و تاریک کردنی تاوانەکە داوە، چۆنە؟

ئەو گومانەی کە یارمەتیی بە بۆچوونەکانمان دەدا، ئەوەیە کە گوێ لە قسەکانی ئێوە ئاغای وەزیر شوسێل بگرین یان ئاغای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کلوبۆبمەن کۆول کە دەتانەوێ لە هەموو ئەو بوارانە کەلک وەرگرن تا وەزیری پێشوو ئاغای لۆشناک بە قسەکانتان بپارێزن. بەڵام ئەمن لە خۆم دەپرسم تا ڕوونی بکەمەوە لەنێوان حیزبە دەوڵەتییە دەسەڵاتدارەکاندا؛ کە بەبێ ئێوە ڕوون نابێتەوە و ئەگەر ئێوەش هەر وەکوو ئەوان بکەن، ئەمجار ئێوەش بەشدارن. ئەمە بەڵگەیە کە نەتەنیا بۆ کومیتەی لێکۆڵینەوە پێویستە، لەسەر کوشتاری کوردەکان، بەڵکوو بۆ ڕوونکردنەوەی هەناردە ئابوورییەکان (چەپڵەی سەوزەکان).

سەرۆک د. ویلی بڕاونیدەر: وتەبێژی دواتر، خانمی دوکتور گرێدلەر (لە لیبرالەکان):

د. مارتینا گرێدلەر:
ئاغای سەرۆک! ئاغای وەزیر! خوشکان و برایان!
ئەمن دەمەویست وەڵامی خانمی فێکتەر بدەمەوە کە بە داخەوە لێرە نەماوە، کە پێویستە چاوێک لە میدیاکان بکا. شەممە ٢٢ و ٢٣ی ژولای ١٩٨٩، باڵوێز شمیت گوتی: کە لایەنی ئێرانی دەبێ ئەوە باش بزانێ کە دادی ئوتریش بە سیاسەتەوە بەستراوە نییە! ئەمن پێوەندیی ڕۆژانەم لەگەڵ باڵوێزی ئێران هەیە تا ئەم تاوانە ڕوون بێتەوە. دەگوترا کە "ئەوان هێرشی زۆر توند دەکەنە سەر دادی ئێمە"، کە بە ڕاستی بۆ ئێمە نائاشنان، هێرشی توند!
هیچ فشارێکی سیاسی نەهاتۆتە سەرمان. بۆچی کارمەندێکی ئێوە دەڵێ کە هێرشمان کراوەتە سەر و لە ڕۆژنامەشدا بڵاوی دەکاتەوە؟ لەوەش زیاتر، پاش ئەو ڕووداوە، پێوەندییەکانی نێوان ئوتریش و ئێران ئاڵۆزتر بوون، ئەوە بۆچوونی "مۆک"ە .
لە ٢٥ی ژولای ١٩٨٩دا، _دەی با، ئەوەش چاپ بکرێ_ پاش ئەوەش لە ٣٠ی ژولای ١٩٨٩دا وەزیری نێوخۆ "لوشناک" ددانی بەوەدا نا کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ١٩ی ژولایدا، ئەمری دەسگیریی جەعفەری سەحراڕوودی دراوە. هەر ئەو کەسە (مۆک.و.) لە ٢٩ی نوامبری ١٩٩٦دا بیری کەوتەوە کە، "ئەمری کردبوو کە بریندراری ئێرانی، سەحراڕوودی دەبێ لە گرتووخانە ڕاگیرێ و دادوەر نەیدەویست زیندانیی بکا".
هەر هیچ نەبێ ئاغای وەزیر لوشناک حوکمی دەسگیریی داوە و تەنانەت حوکمێکی تەواو و بەهێز، کە دیارە ئەو حوکمە بەڕێوە نەچووە. دەکرێ مرۆڤ بڵێ کە ئەگەر قسەی کارمەندان و سیاسەتوانان ڕاست بێ، ئیتر لەگەڵ پرسیارەکانی ئێمە هیچ دژایەتییەک نامێنێ. بەڵام ئاغای وەزیر! ئەمن نامەوێ تەنیا لەسەر ڕووداوەکانی ١٩٨٩ ڕاوەستم، بەڵکوو دەمەوێ ڕەوتی (کرۆنۆلۆژی) ئەو ساڵانە بێنمە بەر چاو،
١٩٨٤؛ وەزیری دەرەوە، لانس، یەکەم سیاسەتمەداری ڕۆژئاوایی بوو کە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ سەردانی ئێرانی کرد.
١٩٨٧؛ ئوتریش یەکەم وڵاتی ڕۆژئاوایی بوو کە وەزیری دەرەوەی ئێران "ویلایەتی"ی بانگهێشت کرد.
فێوریەی ١٩٨٩؛ حوکمی کوشتنی سەلمان ڕوشدی درا. هەموو وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپا، باڵوێزەکانیان لە ئێران کشاندەوە. ئەوانی ئێمە حەوتوویەک پێشتر چوونە پشوو، بەڵام نەکشانەوە. پاشان لە ١٣ی ژولایدا کوشتارەکە دەستی پێ کرد.
٢٧ی ئاوگوستی ١٩٨٩؛ ئاغای بەهمەن، چالاکی حیزبی دیموکڕات لە لارناکا کوژرا.
٢٤ی ئاوڕیلی ١٩٩٠؛ ڕەجەوی، برای ڕێبەری موجاهیدین لە ژنێڤ بە گوللە کوژرا.
ئوکتۆبری ١٩٩٠؛ ئیلاهی، یەکێک لە ئەشرافی ئێرانی لە پاریس و لە ماڵەکەیدا کوژرا.
١٧ی ئاپڕیلی ١٩٩١؛ بڕوومەند، هاوکاری سەرەک وەزیری پێشووی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران، لە پاریس بەر چەقۆ درا.

٨ی ئاوگوستی ١٩٩١، بەختیار، دوایین سەرۆک وەزیرانی ڕێژیمی شای ئێران، لە ماڵی خۆی و لە پاریس بە چەقۆ کوژرا.

نوامبری ١٩٩١؛ ویلایەتی لە ڤییەن بوو. ماوەیەکی کورت پاش ئەو ڕووداوە. ئەو وەڵامی پرسیارەکانی لەبارەی مافی مرۆڤ و کوژرانی کوردەکانەوە نەدایەوە، بەڵام پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئوتریشدا، پێشکەوتنی بەرچاوی بینی. ئەوە...درێژەی هەیە: سەرەتا لە دیسامبری ١٩٩١دا ڕێکخراوی یارمەتییە مرۆڤییەکان پێک هات (واتە لە ئوتریش.و.)، بە ڕێی دیپلۆماسی، لە ٧ی ژانویەی ١٩٩٢دا، دەستیان بە ئێران ڕاگەیشت. تا ساڵی ١٩٩٢ درێژەی کێشا کە ئێران ڕازی کرێ تا لە چوارچێوەی پێوەندییەکانیاندا بکەوێتە کار.

لە ژولای ١٩٩٢دا یانی نیو ساڵ پاش ڕازی بوونی ئێران، مۆک چوو بۆ تاران. هیچ ڕەخنەیەک لە هەلومەرجی مافی مرۆڤ لە ئێران ناگرێ، پتر باسی شتی پەراوێز و پێوەندییە ئابوورییەکان دەکا ... ئەوە زۆر جوانە!

ئەوە دیسان درێژەی هەیە. ئەمجار کوژرانی پەیتا پەیتای کوردەکانە. ١٧ی دیسامبری ١٩٩٢، ١٦ی مارسی ١٩٩٣، ٧ی ئوکتۆبری ١٩٩٣، ١١ی ئوکتۆبری ١٩٩٣ و پاش ئەوانە، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران دێتە لای سەرۆککۆماری ئوتریش، کلێستیل و پێوەندیی سیاسیی نوێ دادەمەزرێنێ.

نوامبری ١٩٩٤؛ ویلایەتی دێتەوە ڤییەن. لەو ماوەیەدا، کوژرانی پەیتا پەیتای کوردەکان لە ئورووپا، درێژەی هەبوو. حوکمی کوژرانی ڕوشدی هەر لە جێگەی خۆیدا بوو. سەیر ئەوەیە، ئێمە ئاوا بە ئاشکرا لەگەڵ ئاغای وەزیر لە پێوەندیدا بووین.

مارسی ١٩٩٥؛ ویلایەتی جارێکی دیکە لە ڤییەنە، چەند ڕۆژ پاش ئەوەی کە کومیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێرانی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، تاوانبار کرد، ئەو خۆی بۆ پەرەپێدانی پێوەندییە ئابوورییەکان ئامادە کردبوو. لە وەڵامی پرسیارەکاندا، ”مۆک“ گوتی: کە لەسەر کوژرانی کوردەکان هیچ قسەیەک نەکراوە. ئۆکتۆبری ١٩٩٥؛ سەرۆکی پارلمانی ئێران، دێتە لای سەرۆکی پارلمانی ئوتریش، ئاغای فیشەر. ئیرلەند، تەنیا وڵاتی ئورووپایە کە لەگەڵ ئوتریشە و ئەو دەیتوانی سەردانی بکا. ئایا ئەوە بە مانای وەرگرتنی کەڵکی نارەوا لە سیاسەت نییە، لە هەلومەرجێکی ئاوا تایبەتدا؟ بۆ چی ئاغای وەزیر! ئێمە دەبێ لەگەڵ وڵاتێک بەو ڕواڵەتە کێشەدارەوە، بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکەین؟ هەست بە بەرپرسایەتی، خاڵی سەرەکییە (چەپڵەی لیبڕاڵ و سەوزەکان.)

ئاساییە کە هەر دادگایەک دەتوانێ لەو کێشەیە بکۆڵێتەوە، بەڵام ئەوانەی ئەمن بۆ ئێوەم خوێندنەوە، ئاغای وەزیر! سیاسین و هیچ دادگایەک ناتوانێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکا (چەپڵەی لیبڕاڵ و سەوزەکان).

د. ویلی بڕاونێدەر، سەرۆکی پارڵمان: پارڵمانتار لایکام ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندووە و بە دڵخوازی خۆی ٦ خولەک دەدوێ. فەرموون.

ئانتۆن لایکام لە :(SPO)

ئاغای وەزیری فیدڕاڵ! ئاغای سەرۆک! خوشکان و برایان! لە ١٦ی ئاوریلی ئەمساڵدا، بۆ یەکەمجار پارڵمانی ئوتریش خۆی بە لێکدانەوەی کوشتاری کوردەکانەوە سەرقاڵ کرد. ئەوکات بەڵگەی داواکاران زۆر تەنک بوو یان دەتوانین بڵێین شۆرباوێکی تراو بوو، ئەو شتانە کە تا ئێستا لەم ماڵەدا فورمووڵە کراون (پارڵمانتار وابل: ئێمە ئەوە دەزانین! ئەوە وڵامێکی زۆر بێهێزە!)

خوشکان و برایان! ئەمڕۆ ئەو شۆرباوە تراوتریش بووە. ئیدی هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵگەیەکی لێ زیاد ناکرێ. ئەوەی ئەمڕۆ دەخرێتە ڕوو، هەر ئەوەیە کە چەندین حەوتووە لە بڵاوکراوەکانیشدا دەگوترێ.

ناردنی بڕیارەکانی دادگای بێڕلین، کە لەلایەن زۆر کەسەوە باس کرا، هیچی تازەی تێدا نییە. ئەو کاتیش وەکوو ئەمڕۆ، لەگەڵ زۆر وتار لە بڵاوکراوەکاندا ڕووبەڕوو بووین کە هەر وەکوو ئاغای کلوبۆبمان بە دروستی ئیشارەی کرد، لە ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠وە بۆ ئێمە ئاشنان و شتێکی تازەیان پێ نییە، مرۆڤ دەبێ ئەو وتارانە بە دروستی بنرخێنێ، حەوتوونامەی "نیوز" ئەو کات هەر نەبوو و ئەو وتارەی پاشان بڵاوی کردەوە، پێشتر لە بڵاوکراوەکانی دیکەی ئوتریشدا بڵاو کرابوونەوە (هانس هێلمووت مۆزەر: باس لەسەر بەرپرسیارەتی سیاسییە!)

ئەوانەی باش گوێیان لێ گرتبین، لەوانەیە لێمان تێگەیشتبن کە لە ١٦ی ئاوریلی ١٩٩٧ەوە هەرچی کە ئوپۆزیسیۆن هەوڵی دۆزینەوەی بەڵگەیەکی تازەی دابێ، دەگاتە سەر وەزیری نێوخۆی ئەوکات "لۆشناک". لە ١٦ی ئاوریلەوە، هەر سێ حیزبی ئۆپۆزیسیۆن هێرشی دەکەنە سەر، تا ئەو جێیە کە ئەمڕۆ ئیدی نەتوانێ هیچ نەخشێک بگێڕێ. حیزبەکانی ئوپۆزیسیۆن ئێستا ژێر بوونەوە (هەڵبەت ئەو ڕێیە لە کەس نەبەستراوە) و تێگەیشتوون کە ئەو بە باشی بەرگری لە مافی خۆی دەکا (چەپڵەی SPO و دوکتور مۆک.)

هاوکارم ئەنشۆبەر، لە بەڵگەی نوێ دوا، بەڵام هیچی نەخستە ڕوو. ئەو بێجگە لە کرۆنۆلۆژیی وتاری بڵاوکراوەکان، شتێکی پتری پێ نەبوو. ئەو وەکوو بەڵگە بەنی سەدری هێنایە ئوتریش. لێرە وتووێژێکی کرد کە هەموو سیاسەتوانە ئوتریشییەکانی وەکوو گەندەڵ خستە ڕوو، لە وەڵامی ڕۆژنامەوانەکاندا، هەر ئەو وەڵامەی دایەوە کە "پێی وایە"،و پاشان ئوتریشی بەجێ هێشت!؟ ئایا دەبێ ئەو تۆمەتلێدانە، بە هێند بگرین و کۆبوونەوەی پارلمان و کومیتەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێک بێنین؟

خوشکان و برایان لە فڕاکسیۆنی لیبڕاڵ و سەوز! ئەو شۆرباوە زۆر تراوە! ئەگەر ئێوە پێتان نەکرێ تاوانی پتر بدەنە پاڵمان، ئێمە ناتوانین دەنگ بە دانانی کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە بدەین (چەپڵەی SPO)

ئەوەی ئێستا لەلایەن لیبڕاڵەکانەوە هاتۆتە گۆڕێ، خولانەوە بە دەوری شتی سەیر و دژ بە یەکە. ئەم دانیشتنەی ئێمە دەبا تەنیا بۆ باس لەسەر کوژرانی کوردەکان و دانانی بەپەلەی کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە بووایە. کاتێک ئەو ٦٠ پرسیارەی ئێوە دەخوێنینەوە، تێدەگەین کە ئەوانە لەسەر کوژرانی کوردەکان نین، بەڵکوو لەسەر خۆکوشتنی پڕاشاک، ئەندامەتی لە ناتۆ و هەر وەکوو یەکێک لە فڕاکسیۆنی سەوزەکان باسی کرد، ڕوونکردنەوەی هەموو هەناردەکانی ئوتریشە (پاڕلمانتار شافنڕات: کێ هەمووی ئەوانەی پێکەوە لکاند؟)

ئەمن ئەوە بە خولانەوە بە دەوری شتی سەیر و دژ بە یەکدا ناو دەبەم کە ناتوانێ هیچ پێوەندییەکی بەم دانیشتنەوە هەبێ.

سەرۆکی پاڕلمان. د. ویلی بڕانێدەر: وتاری دواتر، دوکتور کونیگ، ٧ خولەک بە داخوازی خۆی. فەرموون.

دوکتور فڕیدریش کونیگ لە :(OVP)

ئاغای سەرۆک! ماڵی جێی ڕێز! خوشکان و برایانی زۆر بەڕێز! ڕێم بدەن ئەمنیش دوو ڕستە لەسەر کێشەی کوژرانی کوردەکان بڵێم: خوشکان و برایانی ئۆپۆزیسیۆن! لە پێش هەمووواندا سەوزەکان! کێ ئاغای بەنی سەدری وەکوو تاجی شاهیدەکان هێنایە ئوتریش، کە لێرە ئوتریش بە گەندەڵ ناو ببا؟ پێتان سەیر نەبێ کە کەس قسەکانی بە هێند نەگرێ، لە ڕاستیدا، لەو بارەیەوە دەتوانین بڵێین: ئەو قسانە ڕواڵەتی ئوتریش لە دەرەوە دەڕووشێنن. زۆر خراپیش، ئەگەر سیاسەتوانانی ئوتریش لە ئاستیدا بێدەنگ بن. (سەوزەکان

قسە دەکەن) ئەمن دەڵێم: سەوزەکان! ئاغای وابل! ئاغای بەنی سەدر یەکەم سەرکۆماری ڕێبەری شۆڕش، خومەینی بوو. ئەوکات، ڕێژیم بەبێ موحاکەمە خەڵکی بە داری چرابەرقەکاندا هەڵداوەسی، سەدان کەس لە زیندانەکان و لە ژێر ئەشکەنجەدا دەمردن، هەر ئەو کاتیش (لەو بارەیەوە هاوکارم شتادلەر دوا) کوردەکانیان بۆمباران دەکرد. ئوتریش دەبێ لەو شاهیدە تاجدارە کە تەنیا لە گومانی نەسەلمێندراو دەدوێ، چاوپۆشی بکا (چەپڵەی OVP و SPO)

هاوکارم لایکام ئیشارەی بەوە کرد کە پرسیارەکان وەکوو ئوتوبووس وان و هەموو لایەنێک دەگرنەوە (پاڕلمانتار شافیرات: لە ڕووی ناچاری بوو)_ بە ناچاری؟ بەڵام ئێوە باسی مژارێکی پێویست دەکەن _ ئەگەر وا نەبووایە، بەو شێوەیە هێرشتان نەدەهێنا _ وەکوو پرسیار لەسەر ناتۆ کە هەرگیز جێی پرسیار و باسی پاڕلمان نەبووە. پێموایە ئاغای جێگری سەرکۆمار، شوسێل، وەڵامی پرسیارەکانی بە باشی و ڕوونی دایەوە. ئەگەر ئەمن ئەو وەڵامانە دووپات دەکەمەوە، بۆ ئەوەیە کە لە بیرتان نەچنەوە و لەوە زیاتر لەسەریان نەڕۆن (پاڕلمانتار شافیرات: ئێوە دەبێ جارێکی دی دەرسی گەیاندنی پۆست لە زانستگادا بخوێننەوە. پاڕلمانتار تیچی شرێدەر: پاشان چی؟ تکایە!) _ ڕێم بدەن جارێکی دی دووپاتی بکەمەوە کە لێرە باسی چی کراوە، چون ئێوە خۆتانی لێ دەبوێرن.

جێگری سەرکۆمار، شوسێل، وەڵامی دانەوە: لەسەر ئەو پرسیارە لە نێو دەوڵەتدا هاودەنگی هەبوو، پێش هاوین لەسەر ئەو کارە ڕاپۆرت دەدرێ و لە ئاخری ئەم دانیشتنەدا، ڕاپۆرتی دەوڵەت دەخرێتە بەر دەستتان و پاڕلمان لەسەری دەدوێ. ئەگەر ئێوە لەو وەڵامە ڕازی نین، لە خۆم دەپرسم دەی ئێوە چیتان دەوێ؟ (هانس هیلمووت مۆزەر: ڕازیم) هاوکارم مۆزەر لەگەڵ من یەک بوو. ئەم پرسیارەش بۆ ڕازیبوونی ئێوەیە (مۆزەر: بەڵام نەک هەر لە ڕێی وەزارەتی دەرەوە)،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باشە، ئەوەش تەنیا لە ڕێی وەزارەتی دەرەوە نییە، و بەو شێوەیە ی ئێوە مەبەستتانە وەڵام دراوەتەوە.

ڕێم بدەن، لە درێژەدا بڕێکیش لەگەڵ هاوکارانم لە فڕاکسیۆنی حیزبی ئازادی بدوێم. ئێوە چەند جار ئێمەتان تاوانبار کرد کە لەسەر پرسی ناتۆ تووشی گومان بووین. ئەوە من وەبیری پرسیارە بە پەلەکەتان لەسەر چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا دەخاتەوە، ئەو کات ئێمە هەمووما لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە، ئێوە پاشان شتێکی دیکەتان هێنایە گۆڕێ (د. گراف: ئەو وتانەمان گوێ لێ بووە!) _لێم گەڕێ تا کۆتایی بدوێم. هیوادارم لەسەر ئەم باسەش وا نەکەن و سەرئەنجام لەسەر ئەوە ڕاوەستن کە تا ئێستا و هەمیشە کردووتانە.

ڕێم بدەن بە بێ لایەنگری، ئەوە ڕوون بکەمەوە: کە ئێمە هەمووما دەزانین، کە وڵاتێکی بچووک لە ژێر هەڕەشەی دەرەکیدا بە تەنیایی نابووژێتەوە و پەرە ناستێنێ (باس لەسەر ئەندامەتیی ناتۆیە. و.) ئێمە ئەوە دەزانین SPO) نا، ئەوە نازانن)_ بەڵێ، بەڵێ، ئەوانیش دەزانن، بەڵام دەوڵەت لەسەر ئەو پرسە، وەڵامی پێویستی داوەتەوە. ئەوەتان پێ خۆش نییە، چون ئێستا هەموو دەزانین کە بەستنی پەیمانێک لەنێوان ناتۆ و فیدڕاسیۆنی ڕووسیەدا پێشکەوتنی زۆری بە دەست هێناوە و بەرەو کۆتایی دەڕوا. ئەوەش دەزانین کە باسی ئەمنییەت و بەرگریی دەرەوە، پێش هاوین لە ئامستڕدام بە ئاکام دەگا و ئەوەش دەبێتە هێڵی کاری ئورووپا لە داهاتوودا، کە لە چوارچێوەی ناتۆدا بەڕێوە دەچێ (لە درێژەدا باسی گرینگیی ئەندامەتی لە ناتۆدا دەکا کە پێوەندیی بە باسی ئێمەوە نییە. و.).

د. ویلی بڕاونێدەر، سەرۆکی پارڵمان: وتەی دواتر، دوکتور پارتیک پابلە. فڕاکسیۆنەکەی تەنیا ٦ خولەکی ماوە. فەرموون:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د. هێلێنە پارتیک پابلە (لە ئازادەکان):

خوشکان و برایانی بەڕێز! ئەمن زۆر لە مێژە لەم پاڕلمانەدام و دەتوانم ئەو مافە بە خۆم بدەم کە بڵێم: بەداخەوە، هەموو جارێ ئەوە دووپاتە دەبێتەوە کە کاتێک، ئۆپۆزیسیۆن پرسیار دەکا یان داوای کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە دەکا، دەوڵەت دیوارێک دەتەنێ، تا ئەو جێیەی بۆی بلوێ، هەموو بەڵگەیەک کۆ دەکاتەوە ئەگەر بیاندۆزێتەوە. لەسەر "لوکانا" ٧ جار ئۆپۆزیسیۆن پرسیاری پرسی، لەسەر کومیتەی لێکۆڵینەوەی "نوریکۆم" (مەبەست کوشتاری کوردەکانە.و.) ٦ جار داواکاریی پێشکەش کرد، پێش ئەوەی ئێستا بخرێتە بەر کاری پاڕلمان. کەس ناتوانێ بڵێ کە ئەوانە سوودیان نەبووە. تەنانەت کێشەی لوکانا کێشایە سکاڵا لە وەزیر (چەپڵەی ئازادەکان).

ئەوە دەبێتە چەشنێک چاوەدێریی سیاسی، ئەگەر کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە پێک بێ. ئاغای فوورمان! هەمیشە وا بووە کە میکانیزمی کاری دەوڵەت بۆ دیفاع لە خۆی، ڕەوتی کاری دادگا بێلایەنەکانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. لەم قۆناغەدا هەر ئەوە دووپات بۆتەوە کە، لێگەڕێن! با دادگاکان کاری لێکۆڵینەوەی خۆیان بکەن، پاشان لێیان دەپرسین. ئەمن پێتان دەڵێم کە لە دادگاکان نابێ چاوەڕوانی بکەین کە چاوەدێری لەسەر لێپرسراویی سیاسییش بکەن. ئەوان لەو ئاستەدا نین کە لەسەر ڕەوتی سیاسی ڕووداوەکان هەڵوێست بگرن و ئێوە ئەوە لە من زۆر باشتر دەزانن.

میکانیزمی بلۆکەکردنیش لە ئاڕادایە، بۆ وێنە کاتێک کە ئاغای کۆول دەڵێ: "وەزیرەکان زۆر پاک و بێگەردن، بەرپرسیارەتیی خۆیان بە باشی بەجێ هێناوە و باشترین بەرژەوەندییان بۆ ئوتریش دابین کردووە". بەڵێ! بەڵام دادگاکان وەڵامدەر نین، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەوە بێتە گۆڕێ کە ئایا باشترین بەرژەوەندییان دابین کردووە یان نا؟ ئەوە کاری کومیتەیەکی سیاسییە، ئاغای کۆل! ئێمە دەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاو لێ بکەین کە وەزیرەکان کەڵکیان لە چ ئامرازێک وەرگرتووە تا باشترین کار بۆ ئوتریش بەڕێوە بەرن. هەموو پێشنیارێکتان ڕەت کردەوە تا کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە پێک نەیە. بۆ وێنە ئاغای وەزیر شوسێل گوتی: ئێمە دەمانەوێ ئەو کێشەیە ڕوون بکەینەوە، بەڵام ڕێگا زۆرن بۆ ئەو کارە. هەموو ئەو ڕێگایانەی کە پاڕلمان دەیەوێن، بەجێ نین. لە درێژەدا گوتی هەموومان لەسەر ئەوە کە ئەو تێرۆرە دەوڵەتی بووە، کۆک نیین _ باشە ئێمە پێمان خۆشە لە پاڕلماندا ئەوە بپشکنین کە ئایا دژی تیرۆری دەوڵەتی، هەموو ئەو ئەرکانەی پێویست بوون بەڕێوە چوون؟ کە ئێمەش داواکاری بووین؟

ئاغای وەزیر! ئێمە نامانەوێ ڕاپۆرتی تایبەتی بدرێ، ئێمە تەنیا دەمانەوێ لێکۆڵینەوەی پاڕلمانی بکەین کە ئایا بەرپرسیارەتیی سیاسی بەڕێوە چووە؟ (چەپڵەی ئازادەکان).

ئاغای فووڕمەن گوتی: دەبێ هەموو بەڵگەکان لەو بارەیەوە بخرێنە ڕوو، با بزانین وایە؟ ئەوە تەنیا بۆ پێکەنینە. ئێمە هیچ بەڵگەیەکی تایبەتمان ناوێ، تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشمان دەوێ!

لەسەر بەڵگەهێنانەوەی لایکام، ئێمە ناتوانین هەموو بڕیار و بەڵگەکانی بێڕلین داوا بکەین کە گەیشتنە بڕیاری "میکۆنووس". ئەو بڕیارەمان پێویست نییە تا بەرپرسیارەتی لە ئوتریش لێک دەینەوە. ئێمە دەمانەوێ تەنیا ئەوە بزانین کە وەزیرەکانی ئوتریش بە پێی مافە ڕاستەقینەکان جووڵاونەوە یان نا؟

ئاغای کلوبۆبمان، کۆستێلکا گوتی: نابێ دەوڵەت مەجبوور بکرێ، دەوڵەت بۆخۆی بەڵگەکان دەخاتە ڕوو، ئەوە هەموو ڕاپۆرتێک دەگرێتەوە، دەی ئێوە چیتان دەوێ؟ ئەوکات، ئێمە ناتوانین لێکۆڵینەوە لەسەر هیچ شتێک بکەین، بۆ شتێک کە ئێوە دەیخەنە بەر دەستمان.

ئاغای کلوبۆبمان کۆول باسی نەزمی پاڕلمان دەکا کە هیچ جێیەکی بۆ کومیتەی لێکۆڵینەوە تێدا نییە. کاتێک ئەو دەڵێ: ئەوە شانۆیەکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە پێوەندیی بە کێشەی مرۆڤەوە نییە و...... ئەوە بۆ خۆی بەڵگەیەکی زۆر ڕوونە!
تکایە پێم بڵێن، بۆ ئێوە وەکوو ئاوی موقەددەس، لە کومیتەی لێکۆڵینەوە دەترسن؟ پڕ بە دڵ پێمخۆشە ئەوە بزانم! (چەپڵەی ئازادەکان).
خوشکان و برایانی زۆر خۆشەویست! هۆکاری سەرەکیی ئەوەی کە ئێمە کومیتەیەکی لێکۆڵینەوەمان دەوێ و دەبێ بمانەوێ، ئەوەیە کە دەمانەوێ بزانین کە: ئایا هۆکارێک هەبوو کە دەبا مافی مرۆڤ ژێرپێ بخرێ؟ ئەگەر بەڵێ، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن پێش بە نەزمی ناڕەوا لە ئوتریش بگرین و لە داهاتوودا لە ئوتریش، بوبێ هەڕەشە، لە مەترسییەکان پێشگیری بکەین. بە هەر حاڵ ئەوە جێی ڕەزامەندیی ئێمە نییە. بەتایبەت ئەوەی مرۆڤ لە ڕابردوودا چی کردووە؟ ئەگەریش قسە لەسەر کاری دەوڵەت بێ، کە ئەو مافی پێشێلکردنی مافی هەر نییە!
باشە، ئەوە کاری دەوڵەتی ماف پارێزە و قسەی لەسەر ناکەین، بەڵام دەمانەوێ لە دەوڵەتی مافی مرۆڤدا ڕووناکی بخەینە سەر ئەوە کە ئایا بە ڕاستی ماف بەڕێوە چووە؟ ئەگەر نا، یارمەتیی بدەین (چەپڵەی ئازادەکان.)

سەرۆکی پارلمان: بۆ ڕوونکردنەوەیەک، ئاغای موزەر ٢ خولەک دەدوێ، فەرموون:

هێلمووت موزەر (لە لیبراڵەکان):
ئاغای سەرۆک! هاوکارم کونیگ، پێی وابوو کە لیبراڵەکان چون داوایان نەکردووە، دەبێ لەگەڵ چوونە نێو ناتۆ دژ بن و لەگەڵ جێگری سەرکۆمار و وەزیری دەرەوە هاوڕا بن. ئەوە ڕاست نییە. ( لێرەدا باسی دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەندامەتیی ئوتریش لە ناتۆدا دەکا کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێوەندی بە باسی ئێمەوە نییە. و.)

سەرۆکی پارلمان: وتەبێژی دواتر ئاغای بارمولەر کە ٤ خولەک کاتی ماوە.

تۆماس بارمولەر (لیبراڵ):
ئاغای سەرۆک! ئاغای وەزیری فیدراڵ! خوشکان و برایان! ئەمن دەمەوێ سەرەتا بێمە سەر قسەکانی وەزیری فیدراڵ، شوسێل، و ئەوەی ئەوان لەسەر قسەکانی خانمی شمیت، گوتیان، مەبەستی ئەوە بوو کە هیچ دەرسێک لە وتەکانی ئەو، لەسەر مافی مرۆڤ ناتوانێ وەربگرێ. ئەمن ئەوە دەزانم. ئاغای وەزیر! خۆزگە دەرستان وەرگرتایە، بەڵام لەسەر مافی مرۆڤ ناتوانن لەگەڵ لیبراڵەکان شۆخی بکەن. ئێمە لەو بارەیەوە زۆر هەستیارین، بەتایبەت لەسەر قسەکان. ئاغای وەزیر شوسێل گوتی کە: کێشەی کوردەکانمان هەیە، ئەمن تکات لێدەکەم، برێک لەسەر ئەوە بیر بکەوە، ئێمە کێشەی کوردمان نییە و کوردەکان جێی کێشەی ئێمە نین، بەڵکوو کوردەکان کێشەیان هەیە، ئەوە نەوەکوو بۆ ئێوەیە بەڵکوو بۆ دەوڵەتی فیدراڵیشە. هەر وەکوو لە ساڵی ١٩٨٩دا بۆ ئوتریش بوو (چەپڵەی لیبراڵ و سەوزەکان.)
هەر بۆیەش دڵنیا نیم، کاتێک کە ئاغای کۆول دەڵێ: ڕاپۆرتێک لەلایەن دەوڵەتەوە دەدرێ. ئەوە جێی سەرسوڕمانی منە، کەسێک کە لەسەر هەر تاوانێک کە لە ئوتریشدا دەقەومێ، ئاوا هەستیارە و دەیەوێ شێوەی پۆلیسیی گوێگرتن لە وتووێژەکان لە هەموو جێیەک و بەبێ جیاوازی بەکار بێنێ بۆ وێنە لە دەفتەری کاری پارێزەرەکان یان چەپ و سکۆلارەکان، لەسەر ئەم کێشە پێیوایە کە با، بۆخۆیان کۆنترۆڵی بکەن و دواتر ئاکامەکەی بە پارلمان ڕاگەیەنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغای کۆل! سەرم سوڕ دەمێنێ کە ئێوە هەموو هاونیشتمانییەکی بێتاوانی ئوتریشی دەخەنە مەترسییەوە، ئەگەر کێشەکە لەسەر خۆتان بێ، بەڵام ئەگەر لەسەر من بوو، کەس نابێ خۆی تێ بگەیەنێ. ئەوە ڕاستەقینەی سیاسەتی دوو فاقەی ئێوەیە کە سروشتێکی دوو ڕووی پێ بەخشیون (چەپڵەی لیبڕاڵەکان.)

(چەند پاڕلمانتار لەسەر پێویستی یان ناپێویستی دامەزراندنی کومیتەیەکی لێکۆڵینەوە دەدوێن کە زۆرتر باری قانوونی دراوەتە بەر باس. ئۆپۆزیسیۆن پێ لەسەر گرینگبوونی کێشەکە دادەنێ و حیزبە دەسەڵاتدارەکان دژایەتی دەکەن.)

سەرۆکی پاڕلمان سەرەتا ئەو داواکارییە دەخاتە دەنگەوە کە: تەنیا کومیتەی لێکۆڵینەوەی پاڕلمان مافی هەبێ لەسەر ئەو کێشەیە بڕیار بدا، ئەو داواکارییە دەنگی پێویست ناهێنێتەوە، بۆیەش داواکارییەکانی دیکە، لە پاڕلماندا یەک بە یەک دەخرێنە بەر دەنگدان.

یەکەم، داواکاریی دوکتور پارتیک پابلە و هاوڕێیانی، کە داوایان کردبوو:

-1 لێپرسراوی سیاسی و حقووقی بۆ بکوژانی دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، فازیل ڕەسووڵ و عەبدوڵڵای قادری ئازەر لە ڤییەن دروست بکرێ.

-2 ئەم داواکارییە پێوەندیی بە باسی ئێمەوە نییە.و .)

ئەم داواکارییەش دەدرێتە بەر دەنگدان و دەنگ ناهێنێتەوە.

داواکاریی دوکتور هایدەر و هاوڕێیانی:

١- پێوەندیی (دەوڵەت) لەگەڵ کاری بانکەکان و ڕادەی کارتێکەریی (بانکەکان) لەسەر ژیانی گشتی (لە وڵاتدا).

٢- کارتێکەرییان لەسەر سیاسەت؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣- کارتێکەرییان لەسەر هەناردەکانی دەرەوە؟
٤- چۆنایەتیی پێکەوە سازان (تەوافوق) لەسەر نرخی بانکە ناسراوەکانی ئوتریش؟

سەرۆکی پاڕلمان تا ١٠ خولەک کات دەدا بە دوکتور هایدەر تا داکۆکی لە داواکارییەکەی بکا. هایدەر سەرەتا لە هەڵسوکەوتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ پشتگوێخستنی داواکارییەکانی ئوپۆزیسیۆن ڕەخنە دەگرێ و پاشان داوایان لێدەکا کە بۆ ڕوونکردنەوەی سیستەمی گەندەڵیی سیاسی و بانکەکانی دەوروبەری ئەو چەشنە سیاسەتە و خزمەت بە خەڵکیماڵیاتدەری ئوتریش، یارمەتییان بدەن. خۆکوشتنی پڕاشاک بەو گەندەڵییەوە دەبەستێتەوە و فشاری سیاسی لە خۆکوژیی ئەودا وەکوو هۆکاری سەرەکی ناو دەبا کە لە ئاخرین نامەکەیدا بۆخۆی ئیشارەی پێ کردبوو. دواتر دێتە سەر گەندەڵیی بانکەکان و چەندین نموونە دێنێتەوە، کە زۆربەیان پێشتریش باس کرابوون.
دیارە حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش دژی ئەو داواکارییانە دەدوێن. پاڕلمان ئەو داواکارییانە دەداتە بەر دەنگدان و دیارە وەکوو ئەوانی دیکە دەنگ ناهێنێتەوە. دەچنە سەر داواکاریی کۆتایی کە داوای دوکتور فان دێر بێلێن و هاوڕێیانییەتی سەبارەت بە کارتێکەریی کۆنترۆڵ بانکی ئوتریش لەسەر دەسگیرییەکان. ئەو داواکارییەش بە زۆرینەی دەنگی حیزبە دەسەڵاتدارەکان واتە SPO و OVP ڕەت دەکرێتەوە.
کۆبوونەوەی پاڕلمان پاش ڕەتکردنەوەی هەموو داواکارییەکان لە سەعات ١٩ و ٣٩ خولەکدا، کۆتایی کارەکانی خۆی ڕادەگەیەنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش بڕیاری دادگای بەرلین، نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن لە پارلمانی ئوتریش پەروەندەی تێرۆری ڤییەنیان بردەوە نێو پارلمان و داوای کومیتەیەکی لێکۆڵینەوەی پارلمانیان کرد کە پاش لێکۆڵینەوە لە هەموو زانیاری و بەڵگە نهێنییەکانی دەوڵەت، بتوانێ ڕاستییەکان لە پارلماندا ڕوون بکاتەوە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامی باس لە سەر "کوژرانی کوردەکان" و سەرنەکەوتنی داوای پێکهێنانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە لە ئاکامی پێکناکۆکیی بەرژەوەندیی حیزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە؛ بەڵام بڕێک تارمایی لێڵ لە سەر ئەو ڕووداوە فەرامۆشکراوە هەڵدرایەوە و بوو بە بەڵگەیەک بۆ خەباتی نەتەوایەتیی کورد کە هەم جێی تێڕامان و هەم دەرسلێوەرگرتنە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org